**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق

# پڕۆتۆکۆڵەکان

# ٢٤

٢٠٠٠ ـ بەرگی بیست و چوارەم

چاپی یەکەم ٢٠٠١

# پێڕست:


پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی دەستپێک ...... ل٥
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک ...... ل٢١
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو ...... ل٧١
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ ...... ل٧٥
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار ...... ل١٠١
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج ...... ل١٠٧
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش ...... ل١٥٩
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت ...... ل١٧٩
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت ...... ل١٩٥
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ ...... ل٢١٩
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە دە ...... ل٢٧٥
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە ...... ل٣٠١
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە ...... ل٣٨١
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە سێزدە ...... ل٤٠١
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە چواردە ...... ل٤٢٧
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە پازدە ...... ل٤٤٩
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە شازدە ...... ل٤٩١
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە حەڤدە ...... ل٥٢١

دەنێردری بۆ لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا.
بۆ خالی پێنجەمی بەرنامەی کارمان با هەردوو بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسا بێننەوە. خالی پینجەم بەردەوام بوونە لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پڕۆژەی یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستانی عێراق. بەم بۆ نەیەوە بەخێرهاتنی وەزیری تەندوستی دەکەین بۆ بەشدار بوونی لە گفتوگۆ کردنی ئەم خاڵە

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا پڕۆژەکە مادده بە مادده دەخوێنینەوە هەروەها تێبینی لیژنەی یاساش مادده بە مادده دەخوێنینەوە و داخیلی گفتوگۆ دەبین

**المادة الاولى:**

يقصد بالعبارات التالية المعاني المبنية ازاءها :
النقابة : نقابة الاطباء لاقليم كوردستان العراق.
المجلس : مجلس النقابة
النقيب : نقيب اطباء كوردستان.
الطبيب : كل عضو في النقابة حاصل على شهادة لاتقل عن البكالوريوس في الطب او مايعادلها من جامعة او معهد معترف بها من قبل مجلس التعليم العالي في اقليم كوردستان ويزاول المهنة بممارسة احدى الاختصاصات الطبية المقررة في هذا القانون.
ممارسة المهنة : هي العمل في الاختصاصات الطبية في احدى مجالات الدراسات والتخطيط ذات الغرض الطبي وتقديم الاستشارات بصددها والاشراف عليها والعمل في الوظائف الطبية التي يعينها مجلس النقابة.
الاقليم : ويقصد به اقليم كوردستان العراق.
الوزير : وزير الصحة والشؤون الاجتماعية.
تێبینی لیژنەی یاسا لەسەر ماددەی یەکەم ئەوەیە
(ترى لجنتنا ان يعرف مصطلح الاقليم في بداية التعاريف ومن ثم تعرف النقابة ومن ثم تدريج بقية التعاريف حسب تسلسلها الوارد في المشروع).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکانی تر چی دەڵێن لەوبارەیەوە؟مەبەستم تەنها لەسەر رای لیژنەی یاسایی یە،لەبارەی ماددەی پێناسەکان ، وابزانم تەنها پاش و پێش کردنە شتێکی وا نیە.فەرموون

**بەڕێز مەلا هادی کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ماددەکەمان بەم شێوەیە دارشتۆتەوە ئەگەر جەنابتان ڕێگەمان بدەن دەیخوێنینەوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن: ئەوان دەڵێن پێناسەی هەرێم لە پێشەوە بێت ئێوە ڕاتان چییە؟

**بەڕێز مەلا هادی کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وامان دارشتوە بەڵام دارشتنەکەی ئێمە بە شێوەیەکی ترە ، ئەگینا ئێمە لەگەڵیانین

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن: وابزانم شتێکی وای تێدا نیە. هیچ تێبینی تر هەیە؟ لیژنەی دارایی هیچ تێبینیان لەسەر هەیە؟ نیە. فەرموو کاک برهان

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ڕای لیژنەی یاساییم کە پێناسەی هەرێمی خستۆتە پێشەوەی پێناسەکان،ئەگەر بکرێت وەزیریش پاش هەرێم بێت لە پێناسەکان، پاشتر ئەوەی پەیوەندی بە یاساکەوە هەبێت بە زنجیرەی خۆی بێت،سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم فەرموو

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە پرۆژەکەم خوێندەوە هەر لەسەرەتا تاکو کۆتایی ناوی وەزیری تەندروستیم تێدا نەدیت، هەر لە پرۆژەکە هەمووی نەهاتووە، جا نازانم پێناسەی وەزیر بۆ چیە؟ئەگەر بوارم بدەی بۆم روون بکەنەوە.لەبەر ئەوەی لە یاساکانی حکومەتی ناوەندی وەرگیراوە لەوێش وەزیر دەست لە کاروباری سەندیکاکان وەردەدات ، لەوانەشە هەڵوەشاندنەوەی سەندیکاشی لەدەست بێت،لێرە بەڕێزان تێبینی ئەوەیان کردوە ئەو برگانەی پەیوەستن بە وەزیر لایان بردوە،بۆیە ناوی وەزیر لە هێچ شوێنێک نەماوە ،جا نازانم پێناسەکەی بۆ چی بمێنێت؟ ئەگەر لە پرۆژەکە نەمابێ.سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکەی هەر ئەوەندەیە لیژنەی یاسایی ولامتان ؟.

**بەڕێز کـــــاکـــــە ڕەش نەقـــشـــبـــەندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

لە ئەصلی پرۆژەکـە ناوی وەزیر هاتووە تیـایدا بواری بە وەزیر داوە کـە تانە لەسـەر بڕیارەکـانی لیژنەی بەرزەفتی بدات لەدادگـای تەمیز لەسەر ئەو ئەساسە هێشـتـمانەوە،لەوانەیە لەئەنجامی گفتوگۆ پێویست نەبێ بمێنێ لەوکاتە ئەگەر نەما لە پێناسەکەش نامێنێ ، ئێمە بۆیە دەست کاریمان نەکردوە لەبەر ئەوەی لە ئەصلی پرۆژەکەدا هەیە،سوپاس

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

کاک مەلا هادی

**بـەڕێـز مـــــــەلا هـادی کـــــوێـخـــــــا:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ئێـمە لەگـەڵ ڕای کـاک ئیـبراهیـمین هەر لەبەر ئەوە لە پێشنیـارەکانی خـۆمـان دامـان نەناوە و بە پێویستیشی نازانین، تێدابێت

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

تێبینی تر هەیە؟ بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرمو

**بەڕێز د. جمال عبدالحمید/** وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

لەیەکێ لە مـاددەکان هاتووە کە وەزیر دەتوانێ تانە لە بڕیارەکـانی لیژنەی بەرزەفـتی بدات ئەگـەر لەو مـاددەیە مـایەوە ئەوە دەبێ لە پێناسـەکـانیش هەبێ ئەگـەر نەمـا ئـەوە پێـویست بە مـانەوەی ناکات

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

ئەگەر ئقرار کرا ئەوە ناوی وەزیر تەنها جارێک دێت

**بەڕێز د. جمال عبدالحمید/** وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

وابزانم لە مـاددەی ٣٧ هاتووە نەقـیب و لایەنە پەیوەندیدارەکـان مـافی تانەلێـدانی بڕیارەکـانی لیژنەی بەرزەفتیان هەیە ، لەگەڵ ئەوانە ئێمە ڕامان وابوو کە وەزیریش ئەو مافەی هەبێت ،ئەگەر وشـەی وەزیر لەو مـاددەیە هەبێ ئەوە مـەبەسـتی وەزیری تەندروسـتی و کـاروبـاری کـۆمـەڵایەتیـە ، ئەگـەر ئەو مـاددەیە پەسـەند کـرا و وەزیر ئەو مـافـەی درایێ ،ئەوە دەبێ وشـەی وەزیر لە پێناسەکانیش هەر بمێنێ ، ئەگەر پەسەند نەکرا ئەوە دەکرێ لابدرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لەڕاستیدا ئەو پێناسانە بۆ ئەو دەستەواژانەیە کە زۆر بە کار دێت ، ئەگەر دەستەواژەیەک چەند جارێک دووبارە کرایەوە تاکو هەموو جارێ ناوە درێژەکە نەنووسن ، بۆیە ئەگەر ناوی وەزیر تەنها جارێک لە پرۆژەکەدا هاتووە با هەر بە ناوە درێژەکەی بێت ،وزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی، ئەو کاتە پێویست بە پێناسەکەش ناکات ، لەبەر ئەوەی یەک جار هاتووە. ئەوەی کە کارپێکراوە ئەوەی سێ چوار جار بێت پێناسە دەکرێ، جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیت هەیە؟ فەرمو

**بەڕێز د. جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یان بۆئەوەیە کە دووبارە نەبێتەوە یان بۆ کورت کردنەوەیە، کەدەڵێی وەزیر، وەزیر ئەوە دیارە مەبەستی چیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمو کاک شێروان

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ناوی وەزیر لە پێناسەکاندا نەبێت کە گەیشتینە ماددەی ٣٧ لەوێ ناوەکە (وزیر الصحه وشؤون الاجتماعیه) بەکاملی دادەنێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی یەک جار هاتووە ئەو کاریگەریەی نابێت. کەواتە وای لێدەکەین ، دەیخەینە دەنگ دانەوە کێ ئەوە پەسەند دەکات کە وشەی وەزیر لە پێناسەکاندا لابدرێ؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ وەرگیرا . دوای لابردنی ئەوە، بەو زنجیرەی کە لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردوە دەخەینە دەنگ دانەوە. کێ لەگەڵە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نیە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا .
فەرمو ماددەی دووەم

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**الفصل الاول**
**«التأسيس والاهداف»**
**التأسيس**
**المادة الثانية:**

١- تؤسس بموجب هذا القانون نقابة الاطباء تتمتع بشخية معنوية ولها استقلال مالي واداري

تسمى بنقابة اطباء اقليم كوردستان العراق ويكون مقرها اربيل عاصمة الاقليم ولها ان تفتح فروعا في مراكز محافظات الاقليم. وهي منظمة مهنية علمية تضم جميع الاطباء القاطنين في اقليم كوردستان ممن تتوفر فيهم شروط العضوية.

٢- تؤسس لجنة تحضيرية مكونة من (١٥) عضوا بموافقة الجهات المختصة، لحين اجراء الانتخابات العامة.

تێبینی لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو ماددەیە ئەوەیە

ثانياً: نقترح ان تصاغ هاتين الفقرتين من المادة الثانية وان تكون كالاتي:

**المادة الثانية:**

١- تؤسس بموجب هذا القانون نقابة باسم نقابة اطباء اقليم كوردستان العراق وتتمتع بالشخصية المعنوية ويكون مقرها اربيل (عاصمة الاقليم) ولها ان تفتح فروعاً في محافظات الاقليم.

٢- يستمر المجلس المؤقت لنقابة اطباء اقليم كوردستان العراق المشكل بموجب قرار المجلس الوطني لكوردستان العراق المرقم /٣٠ والصادر في ٢١/١٠/٩٧ في ادارة شؤون النقابة لحين انعقاد اجراء الانتخابات وتكون مشرفة عليها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی تەندروستی تێبینیتان لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟

**بەڕێز مەلا هادی کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان رامان هەیە بەڵام ئەوان کردویانە بە دوو بڕگە ئێمە بە یەک بڕگە دامان ناوە دەنا هەمان رامان هەیە، ئەگەر ڕێمان بدەن ماددەکە بۆ برادەران بخوێنینەوە

المادة الثانية:

أ- تؤسس بموجب هذا القانون نقابة باسم نقابة اطباء كوردستان العراق تتمتع بالشخصية المعنوية المستقلة ويكون مقرها اربيل (عاصمة الاقليم) ولها ان تفتح فروعاً في مراكز محافظات الاقليم.

ب- تشكل هيئة تحضيرية لاتقل عن (١٥) عضواً مارسوا المهن الطبية مدة لاتقل عن سبع سنوات بموافقة الجهات المختصة لحين اجراء الانتخابات العامة.

ج- يستمر المجلس المؤقت للنقابة المشكل بموجب قرار المجلس الوطني لكوردستان العراق المرقم /٣٠ والصادر في ٢١/١٠/٩٧ في ادارة شؤون النقابة لحين انعقاد اول اجتماع للمجلس المنتخب وفق الفقرة (ب) من هذه المادة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێکەڵاون جیایان دەکەینەوە بۆیە یەکە یەکە باسی کەین باشترە، یەکەم جار لەپێشنیارەکە باسی یەکەمیان دەکەین، ماددەی دووەم دوو خاڵە یەکەم و دووەم ،باسی خاڵی یەکەمیان دەکەین ، تکایە ئەوەی تێبینی لەسەر هەیە با دەستی بەرز بکاتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینییەکی بچووکم هەیە پێم چاکە ڕەچاوی داڕشتن و تەدریج بکرێت رای لیژنەی یاسا دەخوات بە پلەی یەکەم لە ناوەڕۆک زیاتر پەیوەندی بە لیژنە پەیوەندیدارەکانەوە هەیە ئەگەر بابەتێکی دارایی بێت ئەوە لیژنەی دارایی هەیە ئەگەر شتێکی ئیجرائی بێت ئەوە پەیوەندیی بە لیژنەی تەندروستییەوە هەیە بەڵام داڕشتن و ڕێکخستنەکەی ئەمە ئیشێکی هونەرییە پەیوەندیی بە لیژنەی یاساوە هەیە بەپێی نیزامی ناوخۆی پەرلەمان.

بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر فەرمو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داڕشتنەکە زۆر جوانە بەڵام دەربارەی بڕگە (١) کە مەراکز لە محافظات لابراوە، بەرای من مەراکز لە شوێنی خۆی بێت باشترە، چونکە ئەگەر پارێزگا بە ڕەهایی بێت ئەوا لە هەر شوێنێکی پارێزگا دەکرێتەوە، بەڵام لێرە بۆ مەرکەزی پارێزگایە ئەوە سەبارەت بە بڕگە (١).

لە دوو بڕگە (٢) دوو شتی بچووک هەیە، (یستمر المجلس المشکلة) نابێت (المشکلة) بێت بەڵکو (المشکل) بێت دوایی هاتوە (وتکون مشرفة علیها) دەبێت بگوترێت (ویکون مشرفاً علیها)، چونکە لەسەر (مجلس)ە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا لەوانەیە هەڵەی زمانەوانی زۆری تێدا هەبێت، ئەگەر هەرچی تێدایە بینووسنەوەو بیدەنە لیژنەی یاسا بۆ ئەوەی دووبارە دایڕێژنەوە، بەتایبەتی کورد لە مەسەلەی مذکرو مؤنث گرفتی هەیە.

د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە وەکو دیارە لیژنەی یاساو لیژنەی تدروستی هەردوکیان تێبینی جیاوازیان هەیە دەبوایە یەکبووان بۆئەوەی کاتی گفتوگۆکردن کەم ببێتەوە ئەمە یەک. دوو ئێمە ئەو پرۆژەیە بخوێنینەوە ئەگەر وەکو پرۆژەکانی تر هاتبا کە پێشتر پەسند کراوە لەوانەیە کاتەکەی زۆر کەمتر بێت.

دەربارەی ماددە (١ و ٢)ی پرۆژە هاتووە (تۆسس) باشە کێ داواکاری پێشکەش دەکات لێرە

ئاماژەی بۆ نەکراوە بەپێی یاسا دەبێت چەند کەسێک داواکاری پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی بکات ئەو کاتە ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر دەکات و سەندیکا پێک دێت ئەمە لێرە نەهاتووە ئەمە تێبینییەکە بۆ برادەرانی لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو کاکە رەش.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی سەندیکاکان و کۆمەڵەکان بە دوو شێوە دروست دەبن، هەندێکیان بە حوکمی یاسا تەشکیل دەبن کە گوترا (تؤسس بحكم القانون) پێویست بە داواکاری ناکات بەڵام ئەوەی بە یاسای کۆمەڵەکان تەشکیل دەبێت ئەوا (١٥) کەس کۆدەبنەوە داوکارییەک پێشکەش دەکەن، پاشان کۆمەڵەکە پێک دێت، بەڵام ئەوانی تر بە حوکمی یاسا سەندیکا تەشکیل دەبێت، بەڵام کە گوترا (تؤسس) پێویستی بە داواکاری نییە، کێ داواکاری پێشکەش بکات ئێمە بە حوکمی یاسا تەئسیسی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیاد لەسەر ئەوەی کاکەرەش روونی کردەوە سەندیکاکانی تر (مجلس مؤقت)یان نییە بۆیە لیژنەی ئامادەکار لە یاساکانی ئەواندا هاتووە، بەڵام لێرە (مجلس مؤقت)یان هەیە وەکو سەندیکای پارێزەران ئەو (مجلس مؤقت)ە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکات و جێگای لیژنەی ئامادەکار دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. ئێستا ئێمە تەرکیز دەکەین لەسەر خاڵی یەکەم لەوانەیە رای هەردوو لیژنە سەبارەت بە خاڵی دووەمەوە تۆزێک جیاوازی هەبێت، چونکە ئەم دوو خاڵە دوو شتی جیاوازن بۆیە هەردووکیان بەیەکەوە ناخەینە دەنگدان یەکەمیان دەخەینە دەنگدان.

ماددەی دوو خاڵی یەکەمی پێشنیاری لیژنەی یاسایە تکایە ئەو بەڕێزانەی ئەم خاڵە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ خاڵی یەکەمی ماددەی (٢) وەرگیرا، سوپاس.

خاڵی دووەم لێرە جیاوازییەک هەبوو لە نێوان رای هەردوو لیژنە، لیژنەی تەندروستی پرۆژەی

ئەسلی دەویت، لیژنەی یاساش دەڵین (یستمر المجلس المؤقت). کێ تێبینی لەسەر ئەم خاڵە هەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە.
کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بڕگەیە لە یاساکانی هەموو سەندیکاکانی تر ماوەیەکی دیاری کردووە دوای تەشریعی یاسا هەڵبژاردن بکرێت راستە لێرە سەندیکایەک هەیە بەس ئەگەر کاتی بۆ دادەنرێت لەوانەیە زۆر دوای بخات بۆ نموونە بۆ شەش مانگ دانانێین یان ساڵێک واتە ماوەیەکی بۆ دابنێین بۆئەوەی دوای تەشریع هەڵبژاردن بکەن، ئەگەر نا کێ ناڵێ ئەوانە تا سێ ساڵ هەر بەردەوام نابن هەر دەڵێن کات نییە یان خۆمان ئامادە نەکردووە لە هەموو سەندیکاکانی تر سێ مانگ دانراوە، بەڵام بۆ ئەو سەندیکایە بە تەقدیری سەندیکا یان وەزیر شەش مانگ یان ساڵێک دابنرێت یا هەر ماوەیەک دیاری بکرێت بۆ هەڵبژاردن بە گوێرەی ئەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز د. جمال عبدالحمید/** وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مجلس مؤقت) کاتی خۆی کە دانراوە دەڵێت (یمثل مجلس نقابة اطباء العراق ویمارس کافة نشاطاته لحین تشریع قانون خاص بە) مانای وایە ئەگەر ئەم یاسایە دەربچێت ئیشی ئەو (مجلس)ە رادەوەستێت لێرە ئەو خاڵە زۆر گرنگە دەبێت تەسبیت بکرێت ئەو (مجلس)ە بەردەوام بێت هەتا هەڵبژاردن دەکرێت یان نا، ئێمە پشتگیری لە رای لیژنەی یاسا دەکەین هەمان ئەنجومەن بەردەوام بێت و هەڵبژاردن بە زووترین کات دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راتان چییە ئەگەر دیاری بکەین هەڵبژاردن لە ماوەی ساڵێک یان شەش مانگ بکرێت؟.

**بەڕێز د. جمال عبدالحمید/** وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زووتریش دەکرێت بەڵام ئەگەر ماوە دیاری بکەن ئەوە هیچ گرفت نییە، بەڵام هەر بڕیارەکە دەرچێت ئیمە بەزووترین کات هەڵبژاردن دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە من پێشنیارێکم هەیە ئەو (مجلس مؤقت)ە بێتە اعتبار کردن (هیئە تحضری)واتە وەکو (هیئەیەکی تحضیری) سەرپەرشتی لەسەر هەڵبژاردنەکان بکەن، نەک وەکو ئەنجومەن، بەڵکو وەکو یاساکانی تر ببێتە دەستەی ئامادەکاری سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی دیاری کردنی ماوەی هەڵبژاردن دەکرێت لە مادەیەکی سەربەخۆ لە (احکام ختامی) چارەسەری بکەین لە خلالی سێ مانگ یان شەش مانگ هەڵبژاردن بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی خاڵی دووەمیش دەتوانرا بکرێت بە (احکام ختامی) خۆی وەکو یاسا نەمێنێتەوە چونکە یاسا شتێکی بەردەوامە بەڵام ئەمە دەبووا لە دەرەوەی یاساکە ببوایە، ئەمە وەکو تێبینییەکە. پێمان باشە لیژنەی یاسا رای خۆیان بدەن.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لاریان نییە بچێتە (احکام ختامی)، گرنگ ئەوەیە لە مەتنی یاساکەدا هەبێت و کارەکە بڕوات بەو پێیە کە شتێکی کاتییە، لەبەرئەوە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لارییمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام دەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر لەسەر ئەم سیغەیە رازین.

ئەو بەڕێزانەی خاڵی دووەم پەسند دەکەن وەکو رێککەوتین لەگەڵ لیژنەی یاسا بچێتە (احکامی ختامی) تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

ئێستاش ئەو خاڵە دەخەینە دەنگدانەوە کە باسی لێکرا. کە هەڵبژاردن لەماوەی ساڵێکدا بکرێت. ئەو خاڵەش دەخرێتە بابی احکامی ختامیەوە (تجري الانتخابات خلال فترة لا تزيد عن ستة اشهر). تکا لەو بەڕێزانەش دەکەم ئەو خاڵەش پەسند دەکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. تکا لەو بەڕێزانەش دەکەم کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە؟.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

ماددەی (٣) فەرمو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

المادة الثالثة:

تهدف النقابة الى تحقيق مايلي:

١- وقوف الاطباء الى جانب الشعب الكوردستاني ومساندته في قضاياه المصيرية.

٢- الدفاع عن الحقوق المهنية المشروعة للاطباء في الاقليم.

٣- تنظيم مساهمة الاطباء في الحياة الاجتماعية.

٤- الاشراف المهني على مزاولة الاطباء للمهنة في العيادات الخاصة والمستشفيات الاهلية لمنع الممارسات الخاطئة المخلة بقدسية المهنة.

٥- تثبيت شروط فتح العيادات الخاصة ومنع الحالات التي لاتتوافر فيها الشروط.

٦- توفير فرص العمل للاطباء من سكنة الاقليم.

٧- تنظيم علاقات الاطباء مع اجهزة الدولة والمؤسسات الحكومية وغير الحكومية.

٨- التعاون مع النقابات والجميعات المهنية الاخرى في الاقليم وخارجه من التي تتفق اهدافها مع اهداف النقابة.

٩- تقوية الروابط مع الاطباء الكورد واصدقاء الشعب الكوردي من خارج الاقليم.

١٠- رفع المستوى المهني والعلمي والثقافي لاعضائها للارتقاء بالمهنة والمحافظة عليها.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

ئێستا تێبینی لیژنەی یاسا لەسەر ماددەی (٣):

١- تعاد صياغة الفقرة(١)من المادة وتقرأ كالآتي:

(وقوف الاطباء الى جانب شعبنا الكوردي ومساندته في دعم حكومة الاقليم والنظام الديمقراطي واسناد الفدرالية وترسيخها وتطويرها).

٢- تضاف فقرة جديدة الى اخر هذه المادة وتصبح الفقرة(١١)منها وكالآتي:

(ابداء الرأي بمشاريع القوانين والانظمة المتعلقة بمهنة الطبابة والاتفاقيات الصحية).

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن:**

الشعب الكوردى يان شعب كوردستان؟.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

لە بڕگەی یەکەم (وتعاد الصيغه) هیچ گرفت نییە. بەڵام بڕگەی دووەم (إبداء الرأي في المشاريع والانظمة والقوانين المتعلقة بمهنة الاطباء والاتفاقيات الصحية) ئەوە هیچ معقول نییە چونکە دکتۆرەکان زۆربەیان لە وەزارەتی تەندروستی دەوام دەکەن یان لە پرۆژەکان را دەدەن (اتفاقيات

صحی) له نێوان حكومەتی هەرێم و وەزارەتێكی دەوڵەتێكی تر بێت چ پەیوەندی نقابەی پێوە هەیە؟ وەزارەتی تەندروستی حكومەتی هەرێم ئەو موكەلەفە بە كاروباری تەندروستی بە وەزعی جیهان ئەوان مەسئولیەتیان هەیە نەک سەندیكای پزیشكان لەبەرئەوە من زۆر زۆر سەیری دەبینم چۆن لیژنەی یاسا رازی بووینە لەگەڵ برادەرانی (اطباء) بۆ مەبەستی هەندێک لە برادەران کە ئەمە داخل بكات. بەتایبەتی اتفاقیاتی صحیش معقول نییە، لەبەرئەوە من ئەو بڕگەیە بە چاک نازانم و شتێكی زۆر زیادە، تەنیا بڕگەی یەكەم كە اعادەی صیغەكەیە ئەوە تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. كاک مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی یەكەم ئێمەش هەروەكو لیژنەی یاسا لە بڕگە (١) لە هەمان ماددە هاتووە.

بڕگەی (٢) داوامان كردووە و پێشنیار دەكەین ئیزافەی ئەو وشەیە بكرێت (وتنظیم الاختصاصات في الحياة الصحية) بۆ بڕگە (٣) ئیزافە بكرێت.

سێیەم: تبديل كلمه (تتفق) من الفقره (٨) بـ(لا تتعارض) كە هاتووە لە بڕگە (٨) (تقوية الروابط) رامان وایە (العمل على تقوية الروابط) بێت.

پێنجەم: اضافەی دوو بڕگەی تر بكرێت ببێتە (١١) و (١٢) ١١ـ السعي لضمان مستقبل الاطباء في حالات المرض والشيخوخة والعجز.

١٢ـ تنظيم قواعد ممارسة المهنة ومراقبة تطبيقها في مجال العمل.

ئەوە رای لیژنەی ئێمەیە.

ئەو دوو بڕگەیە زیاد بكرێت لە ئاخری و ببێتە (١٢).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ناونیشانەک بۆ (احداث) دابنرێت (تهدف النقابة الى:) پێشەكیەک دابنێت ئەمە یەک. دوو: ڕۆڵی دكتۆر بۆ پاراستنی بیئە زۆر گرنگە بەتایبەتی لە سەندیكا من پێشنیار دەكەم بڕگەیەک لێرە زیاد بكرێت (تحميل النقابة) بكرێت بۆ المحافظة على البيئة، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاک ئیبراهیم فەرمو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من (اهداف) شتەکی پێشکەوتووە، طموحە، دفاعە، سعیە، بەس ئیشەکی کە خۆی هەبێت یانی چۆن دەبێتە هدفی تۆ، یانی توفیر فرص العمل للاطباء هەتا ئێستا من تەسەور ناکەم دکتۆرێک دەرچووبێت ئیش لەلای حکومەت بۆی نەبێت یانی هەتا ئەمڕۆ هەموو دەرچوانی پزیشکی دامەزراون یانی مۆڵەتی کاریان هەیە نەک هەندێکیان بێ کارن بێ ئیشن محاولە دەکەین کەوا تەوفیری ئیشیان بۆ بکەین، بیکەینە هەدەفێک بۆ خۆمان، ئەوسا ئەوە دەبوو کە زۆر دکتۆر بێ ئیش بان. ئەوە یەکێکیان ئەوی تر (تقوية الروابط مع اطباء الكورد خارج الاقليم) باشە بەس (اصدقاء الشعب الكوردي) وآبزانم ئەمە مەسەلەیەکی زیاتر سیاسییە زیاترە لە ئیشی مهنی دکتۆران هی اطبائی کورد باشە لە دەرەوەی هەرێم.

سەبارەت بە (تثبيت شروط فتح العيادات الخاصة) ئەوەش لێرە نابێتە هدف ئەوە لە ئەرکەکانی سەندیکایە، ئەمە لە جێگایەکی تر تثبیت بکرێت نەک لە اهداف، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. مامۆستا مەلا تاهیر فەرمو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک سەعید ئاماژەی بۆ کرد (اصدقاء الشعب الكوردى) ئەمە اطباء دەگرێتەوە (والاطباء اصدقاء للشعب الكوردى). کێشەکە بە ئەلف و لامێک کێشەکە چارەسەر دەکرێت.

سەبارەت بە (تهدف النقابة الى تحقيق ما يلي:) ئێمە دەڵێین (تهدف النقابة الى تحقيق الاهداف التالية: چونکە ئەمە لە ئەرکی سەندیکایە کە بەدی بێنێت لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من پێشنیاری برادەرانی لیژنەی یاسا ڕاستترە لە برگە (١) مادده (١) بەڵام دەبێت بگوترێت (المساهمة في دعم البرلمان والحكومة). یانی بەس حکومەت نییە پەرلەمانەکەش یەکێکە لە دەستکەوتەکانی گەورەی میللەتمان وابزانم دەبێ ئەو لایەنە اغفال نەکرێت.

بەرای من ماددەی (٨) التعاون مع النقابات والجمعيات المهنية الاخرى في الاقليم وخارجه لێرە مەبەست عێراقە. ئێمە بەشێکین لە عێراق دەبێ ئاماژەشی پێ بکرێت وفي العراق وخارجه.

ماددەی (٩) پێویست ناکات هەبێت چونکە طابعێکی زۆر سیاسی تێدایە ئەگەر سوریشین لەسەری دەبێ بیهێلینەوە (تقوية الروابط مع الاطباء الكوردستانيين) بۆئەوەی برادەرانی ئاشوری و تورکمانیش بگرێتەوە چونکە ئەوانیش منتمین لە سەندیکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەکاتی ناو نووسین تکایە دەستتان زۆر بەرز بکەنەوە تا ناوەکانتان بنووسرێت.

د. ناسح فەرمو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر خاڵی یەکەم تێبینیم هەیە پێم وایە دکتۆر ئەندامێکی کاریگەرە لە کۆمەڵگای کوردستان بۆیە (الوقوف الى جانب) کەمە، باشتر وایە بنووسرێت (مشاركة الاطباء في القضايا المصيرية للشعب الكوردستاني بشكل فعال).

دەربارەی خاڵی نۆیەم، (تقوية الروابط مع الاطباء الكوردستانيين وغيرهم من خارج الاقليم) کوردستانی ئەوانەی لە ناو هەرێمی کورستان دەژین (وغيرهم) یانی غير الكورد و غير الكوردستانيين دەگرێتەوە بەرای من ئەوە باشترە، (اصدقاء الكورد) بێگومان مەبەستی پزیشکەکانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا هیچ وەلامتان هەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت لیژنەی دارایی دەفەرمووێ دەڵێت نازانم لیژنەی یاسا چۆن توانیویانە ئەوەی بنووسێت و چۆنیش رازی بووە (ابداء الرأي في مشاريع القوانين والانظمة المتعلقة بمهنة الطب والاتفاقيات) یەکەم مەسەلەی (ابداء الرأي) ئەوە فەرز نییە، راپیشاندان لەوانەیە اغناء هەر رێککەوتنێک یان هەر مەسەلەیەکی تەندروستییە، حکومەت لەوانەیە سوودی لێ وەربگرێت لە سەندیکا، مەرج نییە وەزارەتی تەندروستی نوێنەرایەتی هەموو سەندیکا بکات، لەوانەیە سەندیکا رایەکی هەبێت و، وەزارەتی تەندروستی رایەکی تری هەبێت ئەگەر رایەکەی دا حکومەت پێی وەرگرت یان وەری نەگرت ئەوە شتێکی بە زۆر (الزامي) نییە تەنیا دەوڵەمەندکردنی بابەتێکە بەرای من خەڵک پێویستی بە هەموو شتێک هەیە بە راوێژکاری بە هەموو شتێک چی تێدا هەیە سەندیکاش راوێژێکی پێ بکرێت و رایەک بدات، رایەکەشی مەرج نییە هەموو جارێک رەچاو بکرێت، ئەوە سەبارەت بە رای لیژنەی دارایی بوو.

لاریمان نییە بکرێتە (تقوية الروابط مع الاطباء الكوردستانيين)، دەربارەی (اصدقاء الشعب

الـكـوردي) مـەبسـتـمـان دكـتـۆرە چونكـە (معطوف)ە لەسـەری بەرای مـن لەرووی زمـانـەوانـيـيـەوە چ گرفتی تێدا نییە.
سەبارەت بە قسەی د. ناسح دەربارەی (المشارکة) مشارکە دەبێتە (اجبار) بەڵام ئێمە داوای لێ دەکەین (وقوف الاطباء الی جانب الشعب الكوردستاني ومساندته) لێرە تەنیا داواکردنە، بەڵام ئەگەر بڵێی (مشارکة) ئەوە مانای وایە کەوا دەبێت فەرز بکرێت لەسەری هەر مشارکە بکات، بەخۆی پێویستە ئەوان خۆیان (مواقف) وەربگرن.
ئەوەی بەڕێز کاک عەبدولخالق فەرمووی مەسەلەی (دعم الحكومة) دەبوایە پەرلەمانیش بگوترابایە، ئێمە گوتوومانە (ودعم النظام الديمقراطي) بەڵام پێش هەموو شتێک پەرلەمان لوتکەی دیموکراتییەتە ئەگەر ئەو سەندیکایە لەلای دیموکراتیەت بێت بێگومانیش لەگەڵ پەرلەمان دەبێت بۆیە پێویست ناکات ناوی (پەرلەمان) بگوترێت، بەڵام حکومەت بەو پێیەی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە سەندیکا دەزگایەکی پیشەییە حەز دەکەین لە خزمەتی حکومەت دابێت بۆئەوەی حکومەت بتوانێت ئیشەکە بەرێکوپێکی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو خاڵی لیژنەی تەندروستی هەیە لە راستیدا بەجێن، ئەگەر راتان لەسەر ئەوانیش بدابایە خراپ نەبوو. ئەو خاڵەی (السعی لضمان مستقبل الاعضاء فی حالات المرض والشیخوخه والعجز وتنظیم قواعد ممارسه المهنه).
لەم ماددەیە چوار شتمان هەیە ئێستا دەنگی لەسەر دەدەین:
یەکەمیان رای لیژنەی یاسا کە دوو خاڵە:
١- تعاد صياغة الفقرة(١)من المادة وتقرأ كالآتي:
(وقوف الاطباء الى جانب شعبنا الكوردي ومساندته في دعم حكومة الاقليم والنظام الديمقراطي واسناد الفدرالية وترسيخها وتطويرها).
تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەم خاڵە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.
کاک عەبدولخالق نیزامی دیموکراتی پەرلەمان و حکومەت و قەزاش دەگرێتەوە. هەموو سیستەمەکە دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تضاف فقرة جديدة الى آخر هذه المادة وتصبح الفقرة «١١» منها كالآتي «أبداء الرأي بمشاريع القوانين والانظمة المتعلقة بمهنة الطبابة والاتفاقيات الصحية»، ئەمە لێرەدا را دەربڕینە، ئەندامێکی میللەت ئەتوانێت را بدات، رۆژنامەیەک دەتوانێت را بدات، بەڵام رایەکەی مولزیم نییە، ئەم خاڵەش دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم خاڵەیە؟..سوپاستان دەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا،سوپاستان دەکەین، دوو خاڵی تر هی لیژنەی

تەندروستییە کە داوا دەکەن بخرێتە سەری، یەکەم: «السعي لضمان مستقبل الاعضاء في حالات الشيخوخة والمرض والعجز»، کێ لەگەڵ ئەم خاڵەدایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، خاڵی چوارەم :«تنظيم قواعد ممارسة المهنة ومراقبة تطبيقها» ئەمە بنەمای ئیشی سەندیکایە، فەرموو.

**بەڕێز د. جمال عبدالحميد / وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم دوو برگە هەیە «٤و٥» تەقریبا ئەگەر ئەو دوو برگەیە هەڵگیرێت باشترە، چونکە ئامانجەکانی یەک دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نزیکن، بەڵام ئەم خاڵەی «تنظيم قواعد ممارسة المهنة ومراقبة تطبيقها»زیاتر ئەگرێتەوە، تۆزێ شتی تیایە، بۆ نموونە چۆن ممارەسەی پیشە دەکات و مەرجەکانی چۆنە وهەندێ مەرج و ڕێسا کە دادەنێن زیاترە، بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم خاڵەدایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا، سوپاستان دەکەین، ماددەی چوارەم فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

يشترط في العضو ان يكون : ١ـ من مواطني كوردستان العراق أو مقيماً فيه.

٢ـ غير محكومٍ عليه بجناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف.

٣ـ حاصل على شهادة بكالوريوس أو مايعادلها في الطب.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە تێبینییەکانی لیژنەی یاسایە لەسەر ماددەی چوارەم:( نقترح نقل الفقرة «٢» من المادة السادسة من المشروع الى هذه المادة وتكون الفقرة «٤» لها)، چوار (يجوز للراغبين من الاطباء الكورد في خارج العراق الانتماء الى النقابة بشرط ان تتوفر فيهم الشروط القانونية و لمجلس النقابة الحق في قبول الطلب أو رفضه»، ماددەی شەشەم لێرەدا هاتووە سەبارەت بە «الانتماء» بەرای من بگوازرێتەوە بۆ ئەوێ و لە ماددە شەش بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابعاً:

١ـ تبديل الفقرة « ١ » من المادة الرابعة بمايلي: ان يكون مقيماً في الاقليم.

٢ـ تبديل الفقرة « ٣ » من المادة الرابعة بمايلي: حاصلاً على شهادة وفق ما وردت في المادة الاولى الفقرة « ٧ » من هذا القانون.

تەنها ئەم دوو تێبینییەمان هەیە، ئەوانی تر رامان لەگەڵ رای لیژنەی یاسادایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ناوی ئەو بەڕێزانە دەخوێنمەوە کە دەیانەوێت گفتوگۆ بکەن لەسەر ئەم ماددەیە، تکایە ئەو بەڕێزەی کە ناوی نەنووسراوە با ئیشارەتێکمان بداتێ تاوەکو ناوی بنووسین، کاک بورهان، کاک مەلا تاهیر، کاک د.ناسح، کاک سیروان، کاک سەفەر، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لە ماددەی یەکدا هاتووە کە پێناسەی پزیشکی کردووە، دەڵێ: «الطبيب أو خريج معهد معترف به من قبل مجلس التعليم العالي» لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کەوا ئەوە بخرێتە سەر بڕگە«٣» لەم ماددەیەدا وەکو ئەوەی کە دەڵێ:«حاصل على شهادة بكالوريوس أو ما يعادلها في الطب أو معهد معترف به من قبل مجلس التعليم العالي والبحث العلمي»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک بورهان ئاماژەی بەوە دا کەوا بڕگە «٣» لێرەدا دەڵێت:«حاصل على شهادة الطب أو ما يعادلها» کەواتە لێرە باسی پەیمانگا ناکات، ئەگەر ئەوە دابنرێت کە دەڵێت: «حاصل على شهادة وفق ما ورد في المادة الاولى من هذا القانون»، پێموایە ئەوەش دەگرێتەوە، ئەگەر خاوەن بڕوانامەی پەیمانگاش بێت، هەروەها لە بەندی «١»یشدا دەڵێت:«من مواطني كوردستان العراق أو مقيماً فيها»، ئەگەر«أو» بەکار بێنین، ئەوە «مقيما فيه»، ئەگەر نەیکەین بە «واو» ئەوە «مقيما فيه» تەنها بەسە، چونکە ئەگەر جێنیشتەی کوردستان بێت ئیتر هاووڵاتی کوردستانی بێت، یاخود نە ئەوە ئەوەندە گرنگ نابێت، بەڵام بە رای من ئەگەر بکرێتە «من مواطني

کوردستان و مقیما فیها»باشتره، هەروەها ئەوەی کە خراوەتە سەر برگە «٤» زۆر ڕێکوپێکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە لیژنەی یاسا کردیان سەبارەت بە خاڵی «١»، کە ئیزافەیەکی تر هات لە خاڵی «٢»ی ماددەی «٦» کە بخرێتە سەر ئەم ماددەیە، بە ڕای من وەکو ئەوان پێشنیاریان کرد دەبێتە دژی یەکتر، چونکە لە یەکەم خاڵدا دەڵێت: «من مواطني کوردستان أو مقیما فیها»، لێرەدا هەندێ دژایەتی دروست دەبێت، ئەگەر مەبەستیش ئەوە بێت ئەوانەی لە دەوەوەی هەرێمن ببنە ئەندام من پێم باشە دارشتنەکەی بەم شێوەیە بێت و هەر لە خاڵی یەکەمدا دووبارە بێتەوە: «یشترط في العضو ان یکون : من مواطني کوردستان العراق أو مقیما فیها أو من تتوفر فیهم الشروط القانونیة وهم خارج الاقلیم» ئەو کاتە ئەو ئیشکالە ناهێڵێتەوە، چونکە ئەگەر بێت و بکرێتە خاڵێکی تر ئەوە ئیشکال دروست دەکات لە نێوان خاڵی یەکەم و ئەوخاڵەی کە دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تێبینییەکەم هەر لەسەر ئیزافەکەی لیژنەی یاسایە کە دەڵێت:«یجوز للراغبین من الأطباء الکورد في خارج العراق» لەبەر ئەوەی ئێمە باسی پزیشکانی کوردستانمان کرد، پێم باشە ئەو برگەیە بەم شێوەیە بێت، «یجوز للراغبین من أطباء الاقلیم الساکنین في خارج العراق» بەم شێوەیە هەموار بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز د. جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە وشەی «أو» پێمان باشە ئەو وشەیە هەبێت، تاوەکو دژایەتی لەگەڵ برگەی «٤» نەکات، ئێمەش لەگەڵ ئەو پێشنیارەین، چونکە ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە پزیشک لە دەرەوەن و

پێشیان خۆشە کەوا ئەندام بن لە سەندیکای پزیشکان و بەردەوام پەیوەندییان پێمانەوە هەبێت و، ئەویش سوود بەخشە بۆ هەرێم و سەندیکاش، کەواتا ئەگەر بڵێین «و مقیماً» هیچ مافی ئەوەی نابێت کەوا ببێتە ئەندام لە سەندیکادا، چونکە ئەو پزیشکە کوردانەی کە لە دەرەوەن پێیان خۆشە کە ئەندام بن و، خۆیان ئەو هەڵوێستەیان پێشان داوە و، ئێستا سوود بەخشە، سەبارەت بە بڕوانامە لێرەدا دەڵێت: «بکالوریوس أو ما یعادلها» لێرە بەراوردی بڕوانامە دەکرێت، ئەگەر بەکالۆریۆس بێت، چونکە لە هەندێ وڵات هەیە بەناوی کولێژەوەیە و لە هەندێکی تریش بە ناوی پەیمانگاوەیە، جا ئەوە گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەی کەوا بڕوانامەکە ناوی «بکالوریوس او ما یعادل بکالوریوس» بێت، جا چ کۆلێژ بێت، یا پەیمانگا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێمە تێبینییەکی بچوکمان هەیە، ئەو بڕگەیە لە پڕۆژەکەی حکومەتدا لە ماددەی «٦»دا هاتووە، ئایا ئەو گۆڕانکاریە هەندێ لە زنجیرەی ماددەکان تێک نادات؟!، بڕگەیەک لە ماددەیەکەوە بگوێزینەوە بۆ ماددەیەکی تر، چونکە ئەیکات بە ماددەیەک و ماددەکەش کراوە بە دوو بڕگە و، هۆشی هەر هەیە، جا لە جێگای خۆی بمێنێتەوە ئیشی ئێوەش ئاسان تر دەکات، فەرموو.

**بەڕێز کاک ئەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێین: «من مواطنی الاقلیم أو» لێرەدا مەبەست ئەو پزیشکانە نییە کە لە دەرەوە ی هەرێمن بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە پزیشکێک کورد نەبێت، بەڵام هاتبێت لە کوردستان جێنشین بووبێت و کار بکات، ئەگەر ئەو «أو»ە بکەین بە «و» ئەو کاتە ئەو پزیشکە ناتوانێت ببێت بە ئەندام لە سەندیکا، کەواتا ناتوانێت کاری پزیشکیش بکات، جا بۆیە دەڵێین یان دەبێت خەڵکی ئێرە بێت، یا دانیشتووی ئێرە بێت، بەو دوو حاڵەتە مافی هەیە کە ببێت بە ئەندامی سەندیکا، هەروەها سەبارەت بە ئەو پزیشکانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن ئەوە دەقێکی تایبەتییان بۆ دانراوە، جا ئەوەی ئارەزووی هەبێت و داوا بکات ئەوە بەگوێرەی مەرجەکانی خۆی وەردەگیرێت و، جیاوازیشیان هەیە هەتاوەکو لە «بدلات الانتماء» و تازە کردنەوەی ناسنامە و ئەو جۆرە شتانە و، ئەنجومەنی سەندیکا مافی وەرگرتن و ڕەت کردنەوەشی هەیە، بەڵام سەبارەت بەوانەی هەرێم ئەنجومەنی سەندیکا مافی ڕەت کردنەوەی نییە، چونکە بە پێی یاسا ئەگەر دانیشتووی ئێرە بێت ئەو مافەی هەیە، تەنها ئەگەر مەرجەکان نەیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینیی تری لەسەر نییە؟ فەرموو.

**بەڕێز مـــــەلا تـاهیـــــر زیـن العــــــابدیـن:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێموایە ئەم بڕگەیە ئەگەر لەم جێگەیەدا بێت زۆر باشە، مەرجی بە ئەندام بوونەکە وەکو بەدەرێک وایە، واتا زۆر لە جێگای خۆیەتی هەق نییە بچێتە جێگایەکی تر، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

خاوەنی پێشنیار ئێستا داوای کێشانەوەی پێشنیارەکەی دەکات، چونکە پرۆژەی حکومەت بەو شێوەیەیە ودەمانەوێت زنجیرەکەش تێک نەچێت، جا لەبەر ئەوە دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی چوارە بەو شێوەیەی کە لە پرۆژەی حکومەتدا هاتووە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا، سوپاستان دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

١ــ يكون الانتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى النقيب أو رئيس الفرع في المحافظة مرفق بالوثائق اللازمة.

٢ــ يعرض طلب الانتماء على المجلس خلال « ١٥ » يوماً من يوم تسجيله في النقابة وعلى المجلس البت فيه خلال هذه المدة، وعند أنقضائها دون البت فيه يعتبر مقبولاً.

٣ــ للمجلس رفض طلب الانتماء بقرارٍ مسبب ولصاحب الطلب ان يطعن فيه لدى محكمة تمييز كوردستان العراق خلال « ٣٠ » يوماً من تاريخ التبلغ به ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

تەنها پێشنیاری لیژنەی یاسا ئەوەیە کەوا ئەو «١٥»رۆژە بکرێتە «٣٠» رۆژ، يعرض طلب الانتماء على المجلس خلال « ٣٠ » يوماً من يوم تسجيله في النقابة وعلى المجلس البت فيه خلال هذه المدة، وعند أنقضائها دون البت فيه يعتبر مقبولاً. کەواتە «١٥» رۆژەکە بکرێتە «٣٠» رۆژ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە تکایە با ناوی خۆیان بنووسن، لیژنەی تەندروستی رایان لەگەڵ رای لیژنەی یاسایە، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.نـاسح غـــــەفـــــوور رەمــــــەزان:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

داوای لێبوردن دەکەم من تێبینییەکەم لەسەر ماددەی «٦»ە جا هەر ئەوکاتە قسە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرەدا پرسیارێکم لە لیژنەی یاسایی هەبوو، ئەو سەندیکایانەی کە لێرە گفتوگۆیان لەسەر کراوە هەموو داواکاری بۆ «نەقیب» بەرز دەکرێتەوە، بەڵام لێرە سەرۆکی لقیشی خراوەتە سەر، ئایا لێرە هیچ گرفتێک هەیە کەوا ئەو دووانە دەبێت لەسەری رازی بن؟، چونکە دەڵێت «على المجلس البت في الطلب»، کەواتە خۆی ئۆتۆماتیکییەن هەر نەقیب دەگرێتەوە، جا پرسیارەکەم لێرەدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جا ئەوە بۆ ئەوەی تاوەکو لە دهۆکەوە نەیەت بۆ ئێرە، لەبەر هیچ هۆیەکی تر نییە، تێبینی تر هەیە؟، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ رای لیژنەی یاسان؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٦»، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السادسة:**

١- لايجوز لطبيب في الاقليم ممارسة المهنة الا بعد انتمائه للنقابة وحصوله على شهادة التسجيل واجازة ممارسة المهنة.

٢- يجوز للراغبين من الاطباء الكورد من خارج الاقليم الانتماء الى النقابة بشرط ان تتوفر فيهم الشروط القانونية ولمجلس النقابة الحق في قبول الطلب او رفضه.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها لیژنەی یاسا دووبارە برگە یەکی هەموار کردۆتەوە،١- لايجوز لطبيب في الاقليم ممارسة المهنة الا بعد انتماءه للنقابة وحصوله على شهادة التسجيل واجازة ممارسة المهنة. وبرگە دووی وەکو خۆی هێڵاوەتەوە، هەرچەندە ئێمە پێشنیارێکمان هەبوو، پاشان پێشنیارەکەمان رەت کردەوە و، برگە «٢» وەکو خۆی ماوەتەوە، هەروەها «خارج الاقليم» بۆتە «خارج العراق»، ٢- يجوز للراغبين من الاطباء الكورد من خارج العراق الانتماء الى النقابة بشرط ان تتوفر فيهم الشروط القانونية ولمجلس النقابة الحق في قبول الطلب او رفضه.، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەمە گرفتێکیان لێرەدا بۆ دروست دەکات، لێرە پزیشکی کوردمان هەیە لە دەرەوەی هەرێمن، لە کەرکووکن، یا لە بەغدان، باشە کەواتە ئەو پزیشکە کوردانە ناگرێتەوە، هەروەها کاتێک کە فیدراڵی جێبەجێ بکرێت لە عێراقدا ، ئەوە هەر پزیشکێکی کورد لە بەغدا بێت، یا لە کەرکووک ئەوە مافی ئەوەی هەیە کە ببێتە ئەندامی سەندیکای پزیشکان، فەرموو.

**بەڕێز د. جمال عبدالحمید/** وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە دەڵێت:«خارج الاقليم» ئەوە تەنها بۆ ئەوەیە بوار بدەین بەو پزیشکانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن لە سەندیکادا بن بە ئەندام بەبێ ئەوەی بێن بۆ ئێرە، بەڵام ئێستا بەکردەوە پێیان ناکرێت کەوا بێن و لێرە بن بە ئەندامی سەندیکا، بەڵام لە پاشەڕۆژدا لەوانەیە بتوانن کەوا لە هەر کوێیەک بن لە عێراقدا بن بە ئەندامی سەندیکای ئێرە، جا بۆیە نووسراوە «الاقليم» ، بەڵام کە دەڵێن «خارج العراق» واتا کوردەکانی لای رژێم ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە دەڵێین «خارج الاقليم» ئەوە بەکردار دەرەوەی هەرێمیش دەگرێتەوە و بەشی عێراقیش دەگرێتەوە، کەواتە «خارج الاقليم» ناوەوە ودەرەوەی عێراق دەگرێتەوە، جا ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە تاوەکو ناوونوسیان کەین، لیژنەی تەندروستی رایان لەگەڵ رای لیژنەی یاسادایە، لیژنەی دارایی وەکو لیژنە هیچ تێبینییەکی هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە بڵێین «خارج الاقليم» زۆر باشترە، هەتاوەکو بۆ دارایی سەندیکاش باشترە، ئەو پزیشکە کوردانەی کە لە کەرکوک و بەغداو موسڵن، ئێستا بە پێی یاسا لە دەرەوی هەرێمن و، هەمووی دەگریتەوە و، بەبۆچوونی لیژنەی دارایی رێگا لە زۆر کورد دەگرێت، هەتاوەکو رێگا لە بە ئەندام بوون و داراییش دەگرێت، جا بۆیە ئێمە پشتگیری لە بۆچوونی جەنابت دەکەین و، هەر وەکو پرۆژەی ئەنجومەنی وەزیران بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوان مەبەستیان ئەوە نەبووە، بەڵکو مەبەستیان ئەوە بووە کە چاکتری کەن، کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کەنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو ماددەیە وەکو ڕێگر دادەنێم، چونکە ڕێ دەگرێ لە پسپۆرە بیانییەکان و دۆستانی میللەتی کوردستان، ڕێگایان پێ نادات کەوا بێن بۆ ئێرە کار بکەن، جا برگەیەکی وا دابنرێ کە وەزارەتی تەندروستی بۆی هەبێت ئیجازە بدات بەشێوەیەکی کاتی ئەو دۆستانەی ئێمە کە دێن بۆ ئێرە بتوانن کار بکەن، مەرجیش نەبێت کەوا ئەندامی سەندیکا بێت، چونکە لێرەدا دەڵێت:« لایجوز لطبيب في الاقليم ممارسة المهنة الا بعد انتمائه للنقابة وحصوله على شهادة التسجيل واجازة ممارسة المهنة» ، لێرەدا ڕێگا دەگرێت لەو پسپۆرانە کە بێن و خزمەت بکەن، جا وەزارەتی تەندروستی ڕێگا ئەدات بەو شاندانەی کە دێن لە دەرەوە و نایانەوێت لێرە بمێننەوە کەوا کار بکەن بۆ ماوەیەکی کورت، ئێمە لێرەدا ڕێمان لێیان گرتووە، بەڵام ئێمە زۆر پێویستیمان بەوان هەیە، جا لێرەدا شتێکی وا دابڕێژین کەوا ڕێگا بە وەزارەتی تەندروستی بدەین کە بوار بەو جۆرە پسپۆرانە بدات بێن لێرە کار بکەن، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتەی کە کاک یۆنادم باسی کرد چارەسەر کراوە، چونکە لە برگە «٤» لە ماددەی «١١»دا هاتووە، «٤- تراعي احكام الاتفاقيات و العقود بالنسبة للاعضاء الكورد والاجانب والوافدين من المحافظات العراقية الاخرى عند السماح لهم بممارسة المهنة.» جا بە چ جۆرە ڕێککەوتنێک بێت، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بەڕێز کاکەرەش ئاماژەی پێ کرد، ئینتماء بۆ سەندیکا بەگوێرەی ئەو یاسایە «وجوب»ییە، هەر پزیشکێک لێرە بێت، بەڵام ئەو برگە «٤»ە کە ئێمە دامان ناوە ئەوە بابەتێکی «جواز»ییە، دەتوانێ ئینتماء بکات، یا نە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی کەوا یەکێک لە دەرەوەی هەرێم بێت و ببێت بە ئەندام لە سەندیکادا، ئەمە لادانە و، ئەم کێشەیە ئێمە لە هەموو سەندیکاکاندا هەمانە، دەبێت ئێمە بیرێکی تری لێ

بکەینەوە لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییـانەی کە لە جیـهـاندا دەبێت، ئەم ڕووداوانە کـاتـی خۆی لە وڵاتە ڕۆژهەڵاتەکاندا هەبوو، نازانم چەند لەگەڵ واقیـعـدا دەگونجێ، جا من ئەم بابەتە ناخەمە ئاراوە، بەڵام تەنها بۆ ئاگاداری باسی دەکەم، دووەم سەبارەت تێبینییەکەی کاک یۆنادم، جاری وا هەیە کەوا ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە پسپۆڕێک لە بەغداوە بێت بۆ ئێرە بۆ ماوەیەک لێرە کار بکات، یا پزیشکێک لە دەرەوە بێت بۆ ئێرە و کـار بکات، بەڵام نایەوێت ببێت بە ئەندامی سەندیکا، ئەوکاتە ئەو کەسانە وەزارەتی تەندروستی ئیجازەی بداتێ کەوا لێرە عیادە بکاتەوە و کـار بکات، یا بە ڕەزامەنی سەندیکا بێت، مەرجی ئەوەی کەوا لە سەندیکادا ببێت بە ئەندام ئەوە پێویست نییە، ئێمە میللەتێکین پێویستیمان بە هاوکاری هەیە، بەتایبەتیش لە هەندێ پسپۆڕیدا کە ئێمە لێرە نیمانە، جا بەرای من با ئەم بڕگانە هەندێ ورد تر بن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، من وڵامێکی بچوکم هەیە بۆ «إنتماء» بە سەندیکا، سەندیکا پیشەییەکان تەنها لە جیهانی ڕۆژهەڵاتدا نییە، بەڵکو لە هەموو جیهاندا هەیە، جا چ سەندیکای پزیشکان بێت، یا سەندیکای ئەندازیاران بێت، یا پارێزەرەکان بێت، مەرجی ئیش کردن کە بواری بدرێت بۆ ئەوەی پیشەکەی خۆی بکات، بە ئەندام بوونە لە سەندیکادا و، ئەوە مافی مرۆڤ زەوت ناکات، چونکە بە ئەندام بوون لە سەندیکادا تەنها بەوە دەکرێت کە بڕوانامەی هەبێت و، مەرجی کارکردنی ئەو پیشەیەی تیادا هەبێت و، ئەمە شتێکی جیهانییە، واتا ئەمە پابەند نییە بە یەک نیزامەوە، لە دیموکراتی ترین نیزامدا ئەم مەرجە هەیە، کە ئەگەر ئەندامی سەندیکا نەبێت ناتوانێت لەو پیشەیەی خۆی کار بکات، ئەمە بەکورتی، هەروەها بۆ کردنەوەی عیادە، بە بۆچونی من دەبێ ئەندامی سەندیکا بێت، بەڵام بێت بۆ ماوەیەکی کورت لە نەخۆشخانەکاندا کار بکات، ئەمە شتێکە تایبەتە بە حکومەتەوە و، حکومەت و وەزارەتی تەندروستی خۆی ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە ڕازی بێت لەسەر کار کردنی ئەو پسپۆڕە لە نەخۆشخانەکاندا، ئەوەش بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سەندیکا، ئەمە خۆی کاری سەندیکا ڕێک دەخات ، ڕەچاوی ئەوە بکەین باشە، ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ بکەن، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غـەفـوور ڕەمـەزان:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی «١» ئەوەی کە کاک یۆنادم ئاماژەی پێ کرد، من پێموایە کەوا ئەم تێبینییە لێرەدا جێی نابێتەوە، چونکە مەبەست لێرەدا پزیشکی هەرێمە، «لا يجوز للطبيب في الاقليم» ئەمە پەیوەندی بەوە نییە کە یەکێک لە دەرەوە بێت، سەبارەت بە خاڵی دووەمیشەوە من پێموایە لە کۆتایی بڕگەکەدا ئەو ئیزافەیە زیادە، چونکە لە خاڵی «٢»و«٣»ی ماددەی «٥»مدا هاتووە و، دەنگیشمان لەسەری داوە و، لێرەدا دووبارە دەبێتەو، جا بۆیە ئەگەر لابرێت باشترە، « یجـوز

للراغبين من الاطباء الكورد من خارج الاقليم الانتماء الى النقابة بشرط ان تتوفر فيهم الشروط القانونية.» ليرەدا كۆتایی پێ بێت، چونکە « وللمجلس النقابة الحق في قبول الطلب او رفضه.»لە خاڵی «٢»و «٣» ماددەی پێنجەمدا هاتووە و دووبارەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ڕەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم لە لیژنە هەیە، خاڵی دووەم لە ماددەی شەشەمدا دەڵێت مەرجەکانی بە ئەندام بوون و، ئاماژەی بە هیچ جۆرە مەرجێک نەداوە لە بەئەندام بووندا کەوا لە دەرەوەی عێراق بێت و ببێت بە ئەندام، لێرە « يجوز للراغبين من الاطباء الكورد من خارج الاقليم الانتماء الى النقابة»، ئەوی تریش دژە لەگەڵ برگەی «٣»و «٤» لە ماددەی نۆیەمدا، «ان يكون رسم الانتماء للأطباء الكورد من خارج العراق ٥٠ دولاراً» وەکو تریش لە مەرجەکانی بەئەندام بووندا ئێمە ئاماژەمان بەوە نەداوە کە لە دەرەی عێراقەوە وەرگیرێت لە سەندیکا، یا دەبێت دانیشتووی کوردستان بێت، یا هاوولاتی کوردستان بێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز کاک ڕەجەب فەرمووی هیچ تناقضێکی تیادا نییە، چونکە دەربارەی ئەو پزیشکانەی کە لەداخلی ئیقلیمن وجوبیە حضوریان، بەڵام ئەوانی دەرەوە وجوبی نییە، طلب تقدیم دەکرێ ونیقابە حەقی ڕەفزی هەیە ومەجلسی نیقابە حەقی ڕەفزی هەیە ومەجلیسی نەقابە حەقی قەبول کردنی هەیە، ئەگەر ڕەفز کرا حەقی طەعنی هەیە، بەڵام بەنیسبەت ئەو اطبائانەی کەلە دەرەوەنە ئەوەی کە کاک د.ناسح ئیشارەتی پێدا ئەوانەی حەقی تکراری هەیە تکرار نییە چونکە بەنیسبەت ئەجانیبەکان نقابە فەرزی دەکا وئەوان حەقی اعتراضیان نییە لەسەر بڕیاری نیقابە، بەڵام اطبائی مقیمی کورد حەقی ڕەفزیان هەیە لەماوەی سی ڕۆژ لەوانەیە حوکمیش وەربگرن ئەگەر قرارەکەیان مجحف بوو بە حەقیان، بەڵام هەرچی خارجی عێراقە ئەوە حەقەیان نییە، سوپاس.

**بەڕێز رجب شەعبان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چۆوانی ئێمە شتەکی قبول بکەین کە شروطی عضویەتی تیا نەبێ شروتێت عضویەتێ بلاڤێ بێ لەفقرەکی چت دبێژیتێ (من مواطني كوردستان العراق او مقيما فيه) چۆوان ئەم یەکێکی دی

قبول بکەین کە نە مواطنی کوردستان بێت نە عێراقی بێت ئەڤە وابزانم تناقضێکە لە ناحیەی لغوی، سوپاس.

**بەڕێز کاکە ڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەکە وجوبیەت وجوازیەتە وئەوانی داخلی ئقلیم وجوبیە، ئەوانی دی جوازیە مەبدەئەکە جوازیە، جەوازیەک دراوەتە ئەو کەسانەی کە لەدەرەوەدان وەربگیرێن ومەجلیسی نەقابە حوریەتی دراوەتێ وبەڵام ئەوانەی لەداخلیینە وجوبە عضون یانی هەموو قاعدەیەک استثنای لەسەرە، ئەوە استسنایە لەسەر قاعدەی عام کە خارجی ئیقلیمش ئەو حەقەیان هەیە، داوا لە نقابە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕوونکردنەوەیەک دەدەین ئەو کوردانەی کە لەدەرەوە دەژین چ لەئەوروپا بێت چ لە ئەمەریکا بێت چ لە ئوستراليا بێت هەموو خەڵکی ئێرەبن مواطنی کوردستانی عێراقن تا ئێستا اسقاطی جنسیەمان لەکەس نەکردووە، ئەوە مەعلومە لەبەر ئەوە حەقیان هەیە وەکو مواطن اعتبار دەکرێن حەقیان هەیە ببن بە ئەندام، یان ئەگەر موقیم بن تەبیعی ئەوەی بیەوێ عیادە بکاتەوە دەبێ لێرە موقیم بێ ئینجا سێ مانگ موقیم دەبێ چوار مانگ موقیم دەبێ موقیمە لێرە کە موقیم بوو عیادەی کردەوە ئوتوماتیکی موقیمە، تصور ناکەم هیچ اشکالێکی تیا بێت، تێبینی یەکان هەمووی باس کران ووەڵامیش درانەوە لەبەر ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە.. ماددەی شەش بەپێی رای لیژنەی یاسای لەگەڵ ئەو گۆرانکارییەی بچکۆڵە (عراقیەکە دەکەین بە اقلیم) لیژنەی یاسا تێبینیتان هەیە لەسەر عراقیەکە بکرێ بە اقلیم؟.

**بەڕێز کاکە ڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ قەیدێکمان نەهاوێشتیتە سەر اطبائی یانی اطبائی عێراقی حەقیان هەیە بە ببنە عضوی نەقابە قیدمان نەخستۆتە سەری بۆیە گوتمان خارج العراق وتمان بۆ ئەوەی مقید نەبین بەنیسبەت (خارج الاقلیم). یەکێک تەفسیر بکات بلێ یەکێکی عێراقی هاتووە ئەو حەقەی نییە چونکە قانونەکە دەڵێ خارج الاقلیم، گوتمان خارجی عێراق ئەوانەی دەرەوەی جوازی دەرەوەی عێراق بما فیهم اقلیم کوردستان، لەبەر ئەوەی بەرای من دەقەکەی ئێمە شمولی ترە زیاتر مەجال دراوەتە ئەو کوردانە وئەو کوردانەش عملیا پێیان ناکرێ بێنە ئێرە چونکە مەرجێک هەیە دەڵێ ناتوانی دوو عیادە بکاتەوە مانای وایە ئەگەر بێتە ئێرە نهائیا دەبێتە مولکی ئێرە وئەگەر لەوێش بێ مولکی ئەوێیە، بەرای ئێمە خارجی عێراق شمولی ترە لەخارجی اقلیم، عێراق هەموو کەسێک دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خارجی اقلیم شاملی عراقیشه شاملی دەرەوەی عێراقیشه واضحه شتەكه عەرەبیه، فەرموو بەڕێز وەزیری تەندروستی.

**بەڕێز جمال عبدالحمید/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

له بەغداد یاخود بڵێین له كەركوكدا هیچ شەملی ناكات مواطنی كوردستان نییه چونكه لێرە نییه موقیمیش نییه لەخارجەكەش خارجی عێراق خستیه دەرێ عێراقه مانای وایه له هەر حاڵەتێكدا نایگرێتەوە وتۆ مەجالت پێنەداوە ومەرجەكان دەڵێ من مواطنی كوردستان، ئەو مواطن نییه یانی لێرە نییه وغیر مقیم فیه ومواطنی كوردستان ئەوەی لێرە دەرچووە دەبێتە موقیم، لەوەی تر دەڵێ خارج العراق دەبێ خارج العراق بێ یانی داخلی نەبێت مانای هەرسێ حاڵەتەكه ئەو ناگرێتەوە بەنیسبەت منەوە واضحه.

**بەڕێزیونادم یوسف كنا/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایه ئەگەر رێگە بكرێتەوە بۆ ئەوانەی كه خارجی ئیقلیمن وخەڵكی عێراقیش نین بێنه ئێرە لەوانەیه ئیش نامێنێت بۆ دكتۆرانی اقلیم ، چونكه ئەوەندە اختصاص ومختصینمان هەیه لەبەغداو بەصرەو تۆ ناتوانی تحدید بكەی بڵێی كورد دەبێ و عارەب نابێ ئەبێتە موشكیله، ئەوەیه موشكیلەكه ئێستا بۆ ئێمه قوتابیانی كوردستان كه لەبەغدا ، له موصل دەرچوون قەبولیان ناكەین له زانكۆكانی خۆمان چونكه جێگامان نییه له زانكۆكانمان اطباء فرصی عملی نییه هەروەها (طبیب مختص) لێرە فرص عمل نامێنێ بۆ دكتۆرانی خۆمان لەبەر ئەوەی (خارج الاقلیم) لەوانەیه به قوەت تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەم كه (خارج الاقلیم) بێت، ئێمه دائیمەن جەخت لەسەر ئەم كیانه بكەین نەوەكو بیكەینه وەكیلی عێراق وابزانم هەر اقلیم باشترە نەوەكو عێراق و باسی عێراق بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

به تەصوری من ئێمه كه دەڵێین خارج العراق، مانای وایه ئەوەی له بەغدایه كه هاته ئێرە

عضويەتی لە نەقابە وجوبیە یانی کە هاتە ئێرە دەبێ انتمای نەقابە بکات، بەڵام ئەوەی کە لەدەرەوەی عێراق بێت ئەو جوازیە، انتمای نقابی لەبۆ ئەو جوازیە، بەڵام ئەوەی بەغدا کە دێتە ئێرە دەبێ انتما بکات یانی یەکەم موقیم بێت.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

ئێمە مقصدمان ئەوە نییە دەمانەوێ تەوضیحی بکەین، نەقابەی اطبای کوردستانی عێراقە وانییە سبەینێ زروف لەکوردستانی عێراقدا تەبیعی دەبێت اعتراف بەم نیزامە دیموکراتیەی تۆ دەکرێت بەم مؤسەساتە شەرعیەی تۆ دەکرێ بە نەقابات و هەموو شتێکەوە پێویستە ئەو دکتۆرە کوردەی کە لە بەغدا ئیش دەکات حەقی هەبێت لە بەغدا ئیش بکات وئەندامی نەقابەی تۆش بێت نەک بێتە ئێرە حەقی هەیە لەشوێنی خۆی لە رومادیش ئیش بکات وئەندامی نەقابەکەی تۆ بێت ئەمەمان دەوێ ئێمە وا بیری لێ دەکەینەوە وحکومەتیش وا بیری لێ کردۆتەوە وبۆیە وای نووسیوە خارج الاقلیم ومەبەستی بەغداشە ومەبەستی رومادیشە ومەبەستی کویتە سوریایەو ئەوروپا و تاکۆتایی، ئەوەیە مەوزوعەکە، پێم خۆشە قەناعەتی پێ بکەن ئەگینا ئەوەی دەخەینە دەنگدانەوە.باشە دەیخەینە دەنگدانەوە.. ماددە شەش مەشروعی حکومەت کە رای هەردوو لیژنەکەشی ئێستا لەسەرە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەین کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا. ماددەی حەوتەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**المادة السابعة:**

١- يجرى تجديد اجازة ممارسة المهنة خلال الاشهر الثلاثة الاولى من كل سنة واذا تخلف العضو عن ذلك بدون عذر مشروع يقتنع به المجلس يمنع من ممارسة المهنة ولاتمنح له الاجازة الا بعد تسديد بدل التجديد مضاعفاً.

٢- اذا تخلف العضو عن تجديد اجازته لسنتين متتاليتين دون عذر مشروع يشطب اسمه من السجل ويمنع من الممارسة واذا رغب في اعادة تسجيله عليه تسديد بدل الانتماء وبدل تجديد اجازة ممارسة المهنة مضاعفة.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

ئەوە رای لیژنەی یاسایە لەسەری:

**المادة السابعة:**

١- نقترح اعادة صياغة الفقرة(١)من هذه المادة وكالآتي(يجري تجديد اجازة ممارسة المهنة خلال شهر كانون الثاني من كل سنة واذا تخلف العضو عن ذلك دون عذر مشروع يمنع من ممارسة المهنة ولاتمنح له الاجازة إلا بعد تسديد بدل التجديد مضاعفا).

٢- نقترح اضافة فقرة جديدة الى هذه المادة لتصبح الفقرة الثالثة لها وكالآتي(اذا فقد العضو شرطاً من شروط الانتماء فإنه يفقد العضوية فيها ويمنع من ممارسة المهنة بقرار من المجلس وله الطعن في هذا القرار لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة(٣٠)يوماً اعتباراً من تاريخ تبلغه به ويكون قرار المحكمة باتاً).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی تەندروستی ..ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە بۆ ئەوەی ناویان بنووسین هەر( کاک جمیل)ە فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی تەئییدی مەشروعی حکومەتی دەکات (٣) مانگ ماوەیەکی گونجاوە ئەصلی مەشروع سێ مانگی مەجال داوە بۆیە ئەگەر ئەصلی مەشروعەکە بێت باشترە بۆیە ئێمە زۆر مجالی تەنگ نەکەین لەبەردەمی نەقابە، ئەوە تشدیدە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا وەڵامتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ئەوەی کە لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین پێشنیارەکە وابوو کە ماوەکە کەمتر بکرێتەوە هەندێک زیاتر کاریگەری هەیە لەسەر مالیەی نەقابەو زووتر خەڵکەکە دێتە پێش وتەنها ئەوەیە هیچ موشکیلەیەکی تر نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێک مواد هەیە لە نیقابەکان عمومیە یانی هەموو یەک ماددەیە وهەندێک موادیش هەیە خصوصیە بەگوێرەی نقابەکان لەهەموو قانونەکان کانون ثانی یە بۆیە لێرە کانون ثانیمان داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان گوێتان لەرای هەردوو لیژنەکەو بەڕێزانیش بوو ئەو ماددەیەش دەخەینە دەنگدانەوە رای لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە.. تکایە ئەوانەی رای لیژنەی یاسا پەسەند دەکەن دەستیان بەرر

بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن.. بە زۆریەی دەنگ وەرگیرا. بە پەسەندی دەزانین چونکە زۆری پێ چوو گفتوگۆکان دانیشتنەکە بۆ ماوەی نیو سەعات پشویەک بدەین، دوای نیوسەعات لێرە کۆ دەبینەوە...

پاش پشوو....

ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر کاروباری دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان ئێستاش خاڵی هەشتەم..

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**المادة الثامنة:**

لایحق للعضو الجمع بين منصب النقيب والمناصب التالية:

١- رئاسة البرلمان.

٢- وزير او وكيل وزير من وزارات الاقليم.

٣- مدير شركة تجارية.

٤-مدير عام دائرة الصحة في المحافظة.

٥- مدير عام في وزارة الصحة.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی لیژنەی یاسا بەم جۆرەیە:

**المادة الثامنة:**

تعاد صياغة هذه المادة على الشكل الآتي:

(لايحق للعضو الجمع بين منصب النقيب او رئاسة الفرع والمناصب التالية):

١- رئاسة المجلس الوطني.

٢- وزير او وكيل وزارة من وزارات الاقليم.

٣- مدير عام في وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية.

٤- مدير شركة تجارية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز مەلاهادی خضر:**

تەنیا کە دەڵێ وەزیر او وكيل وزير وەکیل وزارە مەشروعی قانونە کە چاکیان کردووە ئێمەش لەگەڵ ئەوین، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز بکەنەوە، د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

وەکو صیاغەی مەشروعی صیاغەی لیژنەی یاساو مەشروعی حکومەتێ لڤێرێ مدیر عام دائرەی صحە فی محافظە محافظەی حذف کریە لڤێرێ ئەز پێویستی دەزانم بحکمی مشاغلی وی شوغلی ئەوەش داخل ببێت وەکو مەشروعی حکومەتێ راست ودروستترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس، بەڕێز شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عـەفـان نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بەراستی من لام وا باشترە جگە لە رەئاسەی پەرلەمان و وەکیل وەزیر ئەوانی تر زیادەیە کە نەقیب نەبێت بۆ نەقیب نەبێت؟ .. ئەبێت نەقیب دائیمەن شەخصیەتێکی مەعقول بێت کابرایەکی بە تەمەن بێت بتوانێ ئیدارەی بکاتن یانی ئەگەر مودیر عامی صحە بێت چ موشکیلەیەکی تیایە کە نەقیب بێت، نەقیب کەی ئەوەندە مەشاکیلی هەیە کە وای لێ بکات من بەلامەوە هەردووکیان مدیر عامی فی وزارە الصحە ولەگەڵ مدیر عامی دائرەی صحە بەلامەوە زیادە تیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس، بەڕێز د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غـەفـور رەمـەزان:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

لە خاڵی دووەمدا نوسراوە (وزیر او وکیل وزیر) بکرێتە (وکیل وزارە) باشترە چونکە ئێمە بەشێوەی یاسا وەکیل وەزیرمان نییە، وەزیرمان هەیە بالوکالە ئەگەر مەبەست وەزیر بێت بالوکالە ئەوە شتێکی ترە بەڵام ئەگەر وەکیل وەزیر بێت وەکیل وەزارە تەواو ترە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

بەڕێز کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئـەحـمـەد سـالار:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئەو مەرجانەی کە هاتووە کە نابێ بۆی مادامەکی ئەو پلەیە دەست بەتاڵی نییە (متفرغ)نییە بۆچی دەسبەرداری ئەوانی تر بێت وەنەبێ پلەیەکی وەزیفی بێت کە دەسبەردار بێ متفرغ بێت بۆی، کەواتە بۆچی ئەبێ ئەو ئیشانە نەبینێت، ئەمە بۆ هیچ سەندیکایەک ولەهیچ شوێنێک بەو

شێوەیە نەهاتووە، پێشنیار دەکەم هەمووی لاببرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مامۆستا مەلامحمد تاهیر، فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها صیاغەکەی لیژنەی یاسا زۆر ڕێکە، بەڵام ئەگەر لە پێشەکیەکەی (لایحق للعضو الجمع بین منصب النقیب ورئاسة الفرع او احد المناصب التالیة) ئەبێ ئاوا بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شەفیق ئەمین فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک د.ڕزگار فەرمووی لە بڕگە چوار مدیر عام ئەبێ هەبێ لە دائرەی صحەی محافظات ئەوان شمولیان ناکات دەڵێ (مدیر عام في وزارة ا لصحة والشؤون الاجتماعیة) بەڵام لە محافظات مدیر عامە (مدیر عام دائرة صحة اربیل) ....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەیوتوە (مدیر عام في دیوان الوزارة) وتویەتی (مدیر عام في الوزارة) ئەویش مدیر عامە لەوەزارەت، سەر بەوەزارەتی صحەیە.. لیژنەی یاسا هیچ تێبینی هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزتان بەنیسبەت کاک د.ڕزگارو کاک شەفیق وەڵامتان دایەوە (مدیر عام وزارة اربیل) ئەویش هەمان شتە هی محافظەی مدیر عامە لەوەزارەتی صحە بەنیسبەت جەنابی شێخ عەفان فەرمووی کەوا مدیر عام بۆ نەبێتە نەقیب مەوزوعەکە وەزارەتی صحە وتی لەوانەیە تعارضێک ببێت مەوزوعی مصالح وشتی وا نقابە غلط نەکرێ لەگەڵ ئموری وەزیفی دوو شتی جیاوازن نەوەک تغلغل بکات لەگەڵ یەکتری، ئەوەی کاک د.ناسح فەرمووی ئەوەشمان چاک کردووە کردومانە بە وکیل وەزارە هەمان شتە بەنیسبەت کاک ئەحمەد سالار، مەوزوعەکە موراعاتی مصالحە نەقابە لەبەر ئەوەی تێکەڵ نەکرێت لەگەڵ شتی وا با متفرغ بێت، چونکە ئەگەر ئەو شتانە نەبێت مانای وایە ناتوانێ زۆر مصالح بروێنی ئەگەر نەقیب بێت و مدیر عام بێت لەوانەیە بتوانێ زۆر شت بروێنی، بەنیسبەت مامۆستا مەلاتاهیر فەرمووی رئیسی فرع نەبێت لەوانەیە ئەوە وارد بێت کە نەقیب رئیسی فرع نەبێت لە محافظەو شتی وا چونکە مەعقول نییە هەم

نەقیب بێت وهەم رئیس فرع بێت، بەڵام عەمەلیەن نەقیب کە انتخاب کرا جارێکی تر ناتوانێ خۆی تەرشیح بکاتەوە لە فرع شتێکی زۆر تەبیعی یە ئەوە امکان نییە بەڵام ئەگەر بوترێش زۆر زەرەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز د. جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە چەند تێبینی یەکمان هەبوو بەڵام دیارە نەگەیشتۆتێ، ئینجا وابزانم فرسەتە ئێستا مجال هەبێ ئەو تێبینیانە بڵێم. (لایحق للعضو الجمع بين منصب النقيب او رئاسة الفرع بەرای من اضافەی (ورئاسة اللجنة الانضباطية) بکرێ چونکە لیژنەی انضباطی هەیە کە لیژنەیەکی زۆر گرنگە ئەویش اضافە بکرێت (لايحق للعضو الجمع بين منصب النقيب او رئاسة الفرع ورئاسة اللجنة الانضباطية والمناصب التالية) باشترە، ماددەی دووەم دەڵێ وەزیر او وکیل وزیر ئەگەر کلمەی وەزیر لێرە ئەو تعریفەی ماددەی یەکەم بمێنێ (يقصد به وزير الصحة والشؤون الاجتماعية) لێرە تەنیا مانای وەزیر صحە دەدات (او وزير او وكيل وزارة) وکیل وزارەکە شاملە، بەڵام تەنیا وشەی وەزیر لێرە ئەگەر واضح نەبێت هەموو وەزارەتەکان نەگرێتەوە مانای وایە تەنیا مەبەستمان وەزیری تەندروستی یە لێرە ئەویش برێک روونکردنەوەی دەوێ، بەنیسبەت مدیر عامەکانەوە ئێمە دائیمەن اشکالات هەیە زۆربەی دکتۆرەکان کە ئەندامن لە نیقابە هەموویان لەوەزارەتی تەندروستی و لە مدیریە عامەکان ئیش دەکەن لەبەر ئەوە استغلال نەکرێت یانی منصەبەکەی استغلال نەکات دژی دکتۆرەکە یاخود لە صالحی دکتۆرەکە بۆیە نەقیب ورئیس فرع ورئیس لیژنەی انضباطی باشترە مدیر عام نەبێت و وەزیر و وەکیل وەزیر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تەعقیبم لەسەر ئەوە بوو کە مەبەستم رئاسەی فرع نەبوو مەبەستم صیاغەی عبارەتەکە (جمع بين منصب النقيب ورئاسة الفرع او احد المناصب التالية) بۆ ئەوەی کەوا صیاغەکە ڕێک بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ڕێکە بەڵام مەبەستیان شتێکی ترە، ئەمان مەبەستیان ئەوەیە ئەوەی نەقیب بێت یان رئیسی فرع بێت حەقی ئەوەی نییە وەزیفەی تری هەبێت.

**بەڕێز مەلا محمد تاهیر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

محتواکەی زۆر ڕێک وپێکە..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر نییە؟.. فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سیروان کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارم هەیە یانی شریکەی تجاری چ علاقەی بەو مەوزوعەوە هەیە؟ ئەوە زانیمان لەگەڵ مدیر عامی صحە احتمالە اشکالێک بکات لەمەسەلەکە، شرکەی تجاری چ علاقەی بە مەسەلەوە هەیە حەز دەکەم ڕوونکردنەوەیەک بدەن لەو بارەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش مەبەستم هەر ئەوەبوو مدیر شرکەی تجاری چ علاقەی بە وەزارەتی صحەوە هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە منیش پرسیارێکم هەیە، بۆ ڕەئیسی پەرلەمان و وەزیر ورەئیسی وزەرای تێدا نەبێت؟.

مفروضە هەمووی تێدا بێت یانی ئەوەی ببێت بە نقیبی اطباء نابێت هیچ ئیشێک بکات، فەرموو وەڵامیان بدەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت شریکەی تجاری ئەوەی بەڕێزتان فەرمووتان لەوانەیە لەوەزیری گرنگتر بێت کە هەر نەبێ چونکە شریکەی تجاری احتمالی هەیە نەقیبی اطباء مدیر عامی شرکەیەک بێت احتمالە ضغط لەسەر ئەوە بکات شریکەی ادویە بێت شرکەی تجاری ادویە لەوانەیە زۆر شت بتوانێ فرز بکات لەبەر ئەوەی تعامل لەگەڵ وەزارەتی صحە بەنیسبەت نقابات مفروض نییە لەگەڵ شرکاتی تجاری بێت چونکە شریکەی تجارە عامە جائزە شتێک بێت شرکەی ادویە بێت شرکەی تجاری لەبەر ئەو حاڵەتانە و دوور بێت لە شرکاتی تجاری مصالح تێکەڵی دوائر نەبێت هدفەکە ئەوەیە هیچی تر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینی یەی د.جمال نیشانی دا بەنیسبەت نەقیب نابێت رئیس لیژنەی انضباطی بێت ئەوەمان معالجە کردووە لەمادده (٣٠)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستی جەنابت تێگەییشتم، مەبەستی جەنابت ئەوەیە رئیسی لیژنەی انضباطی جمع نەکات لەگەڵ وەزائیفی عامە یانی (نەقیب رەئیس و رەئیسی لیژنەی انضباط) ئەو سیبیانە، بەڵام شتی وا مشابە نییە لە یاسای تردا نییە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لیژنەی انضباط وا تەشکیل کراوە دەڵێ بەسەرۆکایەتی یەک لە ئەندامانی مجلیس، ئەندامانی مەجلیس دووکەس اختیار دەکات وئەمریش لە مجلیسی نەقابە دەردەچێت وخۆ مەجلیسی نەقابە مومکن نییە نە وەزیر و نەوەکیل وەزیرو ئەوانە دابنێ وبیکا بە لیژنەی انضباط، خۆی ئەمر دەردەکات دەڵێ دایان مەنێ ئەو کەسانەی کە مؤهەلاتیان تێدا بێت ئەوانە دادەنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تێبینی تر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە... خاڵی چوارەم هی پرۆژە ئەصلیەکە دەخەینە دەنگدانەوە، خاڵی چوارەم کە دەڵێ (مدير عام دائرة الصحة في المحافظة) ئەوە لائەبرێت.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی دەکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە... سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کەپەسەندی ناکەن.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا.. ئێستا پێشنیاری لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە.. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی دەکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس.. بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی ماددەی نۆ لەشوێنێکی تر هاتووە لە مادده (٢٧) لە پرۆژەکە بۆیە لیژنەی یاسا وا پێشنیار دەکات ئەم ماددەیە لەغو بکرێت و شوێنی خۆیشی نییە پاشان تسلسلی

ماددەکان ڕێک بخرێت، جا ئەگەر دەڵێی ماددەکە دەخوێنمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی تێبینیت هەیە؟ ئەی لیژنەی تەندروستی، فەرموو.

**بەڕێز مەلاهادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان ڕامان هەیە، نوسیومانە ماددە نۆ ماددەی بیست وحەوتەم دووبارەیە وچارەسەر بکرێت و لەیەک ماددە کۆبکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ قسە بکەن باناونوس بکرێن. تەنیا کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە لەژێر فصلی انتماو عضویەت هاتووە لە هەموو نقابات ئەمە بدلی انتماء تحدید کراوە بە پارە لەم فەصلەوە چونکە ئەگەر بێی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بە انتماو بە اشتراک و بەو شتانە هەیە، ئینجا ئەگەر دەتانەوێ (تتکون مالیة النقابة) لەو سەری تر بلێی( تتکون مالیة النقابة من ١- بدلات الانتماء ٢- بدلات الاشتراك) یانی پارەکەی لێرە دابنێین ئەوی تر بە اختصاری دابنێین، ئەوە یەکێک یانی زەروریە بمێنێ بەلای منەوە چونکە برگەیەکی زۆر گرنگە لە انتماء و عضویەت وئەوی تریان دکتۆریش دکتۆری ممارس هەیە ودکتۆری اختصاصیش هەیە لێرە بەهەموویان اشتراکی سنویان بەیەک بەدەلیان داناوە هەرچەندە من لەگەڵ بەدەلی مالیمە نەوەکو ئەم بەدەلانە یانی ئەمانە کەمن هەموی سی دیناری و پەنجا دیناری، پێم وایە باشترە ئەگەر بدلی اشتراکی سنوی ئی ممارس بکرێتە پارەیەک وئەوەی اختصاصی پارەکەی زیاتر بێت هەروەکو لە عیادات هاتووە لەعیاداتیش ئەوەی مومارس پارەیەکە و لە اختصاصیش پارەکەی زیاترە، ئینجا مەبەستم لێرە ئیشتراک انتماء با وەکو یەک بێت بەڵام اشتراک جیاوازیەکی هەبێت وئەم برگەیە زەروریە بمێنێ وەکو خۆی ومعالجەکەی زۆر ئاسانە لە فەصلی مالیە کە بلێیت بدلاتی انتماء وبدلاتی اشتراک پارەکە تکرار نەکەیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا تێبینیتان هەیە؟.. فەرمووو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە هەر بە انتماء هاتووە ماددەی (٢٧) دەڵێ:

١ـ تتكون البدلات التي تتقاضاها النقابة على الوجه الاتي:
أـ (٥٠)ديناراً رسم الانتماء لاطباء الاقليم ولغيرهم.
ب ـ (٢٥)ديناراً بدل الاجازة السنوية او تجديدها لاطباء الاقليم ولغيرهم.
ج ـ (١٠٠)ديناراً بدل الاجازة السنوية للعيادة الخاصة للاختصاصيين و(١٠٠)ديناراً بدل تجديدها و(١٥٠)ديناراً بدل اجازة الاطباء العاملين في المنظمات الغير كوردستانية.
د ـ (٥٠)دولاراً رسم الانتماء للاطباء الكورد خارج العراق.
هـ ـ (٣٠)دولاراً رسم تجديد انتماء الاطباء الكورد خارج العراق.
وـ (٥٠٠٠)ديناراً بدل فتح مستشفى اهلي و(١٥٠٠)ديناراً بدل التجديد السنوي.
ي ـ (٢٥)ديناراً بدل تصديق التقرير الطبي عن العيادات الخاصة و(٢٥)ديناراً لدى المستشفيات الاهلية.
ح ـ (٣٠٠٠)ديناراً بدل فتح العيادات الجراحية و(٧٥٠)ديناراً بدل تجديدها السنوي.
ط ـ (٥٠)ديناراً بدلاً للاجازة السنوية للعيادة الخاصة للممارسين و(٥٠)ديناراً بدل تجديدها.
ظ ـ (٢٥)دينار بدل الاجازة السنوية للعيادات الشعبية و(٢٥)ديناراً بدل تجديدها.
٢ـ تودع النقود والسندات المالية في احدى مصارف الحكومة بأسم النقابة.
لەبەر ئەوەی ماددەی نۆ هەمووی لێرە هاتووە بە کاملی لەبەر ئەوە پێویست ناکات دووبارە بکرێتە، لەبەر ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاسا ئەوەیە کە ئەو ماددەیە هەر نەمێنێ و لەغو بکرێت، دوایی تسلسلەکەی چاک دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەروەها ئەو تێبینیانەی کە کران بۆیە ئەم ماددەیەش دەخەینە دەنگدانەوە.
تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە لەگەڵ لابردنی ئەو ماددەیەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس..
ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا. تەنیا تێبینییەکی بچوکم هەیە هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان راش دەرنابڕن کەچی بەرهەڵستکارن لە ماددەکە، ئەمە لە جێی خۆیدا نییە، ئەگەر را دەرنابڕن لە خۆتانەوە معارض بن ئەوە عەمەلی نییە بەپێی پێڕەوی ناوخۆ، ئەوەی رایەکی تایبەتی هەیە دەتوانێت بیدات چونکە ئازادە لێرە را دەربڕێت.
ماددە (١٠) کە دەبێتە ماددە (٩) بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

ماددە (١٠) گۆڕا بووە ماددە (٩) ئیستا دەیخوێنمەوە.
١– لايجوز مزاولة المهنة لغير اعضاء النقابة الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب احكام هذا القانون.
٢– على الدوائر الرسمية وشبه الرسمية ارسال صورة من امر التعيين او التشغيل الى النقابة اذا

كان منتمياً.

**بەڕێز كـــاكــەڕەش مــحـــمــەد نەقـــشـــبــەندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

تەنیا رامان وایە كە بڕگە (٢) داڕشتنی دووبارە بكرێتەوە و بەو شێوەیە بێت:

٢- علی الدوائر الرسمیة وشبە الرسمیة وبقیة مؤوسات الاقلیم ارسال صور من امر تعیین او تشغیل الاطباء الی النقابة.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

لیژنەی تەندروستی هیچ تێبینیتان نییە؟.

**بـەڕێـز مـــــــەلا هـادی خـــــــضــــــــر:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

هەمان رای لیژنەی یاسامان هەیە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە. كاك جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جـــــەمـــــــیـل عـــــــەبـدی سـندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ئەوەی لە ئەسـڵدا هاتووە زۆر چاكتـرە (اذا كـان منتـمیـا) چونكە پزیشكێكی ئەمـەریكی یە ئینگلیـزە دێت لە فـەرمـانگەی تەندروسـتی كـار دەكـات بەڵام عـیـادە نـاكـاتەوە و وەزارەتی تەندروستی پێویستی پێی هەیە و عەقدی لەگەڵیدا هەیە، لێرە پێویست نییە ئاگاداری سەندیكا بكات ئەگەر انتمای هەبێت دەبێت ئاگاداری بكات، بەڵام ئەو مەرجەی لیژنەی یاسا دەیڵێت بۆ هەمووان دەبێت ئەوانەی ئەندامن و ئەندام نین لەبەرئەوە ئێمە لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەكەداین إذا كان منتمیا)، ئەگەر وەزارەتی تەندروستی عەقدی لەگەڵ یەكێكدا كرد كە عیادەی ئێواران ناكاتەوە بۆ دەبێت هەر ئەمـرەكـەی بۆ سـەندیكا بنێـرێت بەرای من ئەمـە مـەرجـێكی قـەسـرییـە لەسـەر فەرمانگەكانی دەوڵەت، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا مـحـــمـــەد تاهیـــر زین العـــابدین:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

من لەگـەڵ داڕشتنەكەی لیـژنەی یاسـادام، بەڵام تێـبـینییـەكی بچـووكم هەیە بگـوترێت (الطبـیب لدیهـا) چونكە ئێـمـە (طبیب)مان پێناسـەكردووە لە پێشدا ٢- علی الدوائر الرسـمیـة وشـبـە الرسمیة وبقیة مؤوسات الاقلیم ارسال صور من امر تعیین او تشغیل الطبیب لدیها الی النقابة.

بەو شێوەیە گرفتە کە چارەسەر دەکرێت، پێموایە تێبینییەکەی کاک جەمیلیش لە جێگای خۆیدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە دەڵێین تشغیل یان تعیین وێنەیەکی بێتە سەندیکا باوەڕ ناکەم زیانی هەبێت بۆیە دەبێت ئەو دائیرەیە لێکۆڵینەوە بکات بزانێت ئەو کەسە ئەندامە لە سەندیکا یان نا، ئەمری دامەزراندنەکە تەنیا وێنەیەکی دەچێت بۆ سەندیکا بۆئەوەی بزانێت ئەو کەسە لە کوێ کار دەکات. باوەڕ ناکەم هیچ زیانێکی هەبێت، بەڵام ئەوەی تر دەبێت لێکۆڵینەوە لەگەڵ دکتۆرەکە بکرێت بۆئەوەی بزانن دکتۆرەکە ئەندامە لە سەندیکا یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینییەکەی مامۆستا مەلا تاهیر زمانەوانییەو لەجێی خۆیەتی.

ئەو ماددەیەش دەخەینە دەنگدانەوە تکا لەو بەڕێزانەش دەکەین کە پەسندی دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە؟.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

مادده (١٠) دەخوێنمەوە.

١- لايجوز للطبيب المجاز فتح اكثر من عيادة واحدة في الاقليم.

٢- لايحق للطبيب ان يحمل اختصاص في اي فرع من فروع الطب الا بعد حصوله على هذا اللقب اصولياً من الجهة المختصة وتسجيلها في النقابة.

٣- للطبيب من منتسبي الدولة وجميع القطاعات الاخرى ممارسة المهنة خارج اوقات الدوام الرسمي حسب الضوابط.

٤- تراعى احكام الاتفاقيات والعقود بالنسبة للاعضاء الكورد والاجانب والوافدين من المحافظات العراقية الاخرى عند السماح لهم بممارسة المهنة.

٥- للنقابة حق منع الطبيب من ممارسة المهنة وفق احكام هذا القانون.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئێمە وەکو لیژنەی یاسا بەم شێوەیەیە:

نقترح اعادة صياغة هذه المادة وعلى الوجه الآتي:
١- لايجوز للطبيب المجاز فتح اكثر من عيادة واحدة في الاقليم.
٢- لايحق للطبيب ان يحمل لقب الاختصاص في اي فرع من فروع الطب إلا بعد حصوله على هذه اللقب اصولياً وتسجيله في النقابة.
٣- للاطباء العاملين في مؤسسات الاقليم ممارسة المهنة خارج اوقات الدوام الرسمي وحسب الضوابط المحددة لهم من قبل النقابة.
٤- وجوب مراعاة احكام الاتفاقيات والعقود بالنسبة للاعضاء الكورد والاجانب والوافدين من المحافظات العراقية الاخرى عند السماح لهم بممارسة المهنة.
٥- نقترح الغاء هذه الفقرة. لەبەرئەوەی بەپێی (ضوابط) سەندیکا مافی تەشغیلی هەیە حەقی مۆڵەتدانی هەیە ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت ئەو حەقەش ممارسە دەکات لەبەرئەوە پێشنیار دەکەین ئەو برگەیە لاببرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگەی (٥) کە دەڵێت: ٥- للنقابة حق منع الطبيب من ممارسة المهنة وفق احكام هذا القانون.

بەرای ئێمە ئەوە لاببرێت چونکە کاری لیژنەی ئینزباتییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لیژنەی ئینزباتیش هەر سەندیکا نییە.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەوە نابێ سەرۆکی سەندیکا یان ئەندامێکی سەندیکا بیکات، ئیختساسەکە دراوەتە لیژنەی ئینزباتی کە بەو کارانە هەڵبستێ بە یاسا دراوەتە ئەوان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە. ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە. کاک د. سەلیم. کاک ئیبراهیم سەعید، کاک سیروان.

بەڕێز د. سەلیم فەرمو.

**بەڕێز د. سەلیم حاجی مەلۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی سێیەم٣- للطبيب من منتسبي الدولة وجميع القطاعات الاخرى ممارسة المهنة خارج اوقات الدوام الرسمي حسب الضوابط. جاران بەپێی یاسای خزمەتی زانکۆ کە دکتۆر مامۆستا بووایە لە زانکۆ نەدەبوایە عیادەی هەبێت لەوێ دەرماڵەی (٢٠٠٪) وەردەگرت هەموو کاتی خۆی بۆ زانکۆ تەرخان دەکرد نازانم ئێستا چۆنە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرمو.

**بەڕێز جەمال عەبدولحەمید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو خاڵەی ئەو برادەرە باسی کرد بەراستی ئێستا ئەو یاسایە گۆڕاوە، ئەو دکتۆرانەی کە مامۆستان لە زانکۆ مافیان هەیە عیادەی تایبەتی خۆیان بکەنەوە یان عیادەی راوێژکاری کە سەر بە زانکۆیە ئیش دەکەن، ئەوەش هەر بە پیشەیەکەی دادەنرێت گرنگ ئەوەیە ئەندامی سەندیکا بێت. ئەوی تر ئارەزووی خۆیانە ئەگەر هاتوو لە عیادەی راوێژکاری سەر بە زانکۆ کاری کرد ئەوا دەرماڵەیەکی تایبەتی دەدرێتێ پێی دەڵێن (تفرغ جامعی)، ئەگەر عیادەی تایبەتیشی کردەوە ئەوا تەفروغ جامعییەکەی لێ دەبڕێت، لەبەرئەوە ئارەزووی خۆیەتی و بە زۆر نییە کە لە راوێژکاری زانکۆ کار بکات یان نا، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە کە ژمارە دەیە بەراستی زیاتر جێگای ئەو لە حوکمەکانی کۆتاییە، ئەمانە خاڵی هەمەجۆرن، پەیوەندی راستەوخۆی بە ئینتیماو ئەندامێتی نییە (لا يجوز للطبيب المجاز فتح اكثر من عيادة) ئەمە دەبێ لە حوکمەکانی کۆتایی بێت لەگەڵ حوکمەکانی هەمەجۆر بێت لەبەر ئەوەی لەوێ زیاتر دەگونجێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک سیروان فەرمو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی پێنجەم ماف دراوە بە سەندیکا کە دکتۆرەکە قەدەغە بکات لە (مزاوله المهنه وفق احكام هذا القانون). بۆ مافێک نادرێت بە دکتۆرەکە کە طعنی ئەو شتە بکات لە دادگای تەمییز،

وابزانم ئەوە مافێکی ڕەوایە کە لەوانەیە سەندیکا ڕای وایەو وا تەفسیری دەکات کە سەرپێچیی یاسای کردووە، بەڵام لێرە لە پڕۆژەی یاساکەدا ئەو مافە نەدراوە بە ئەندام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە سیستەمێکی دیموکراتیدا هەر حوکمێک وەربگیرێ مافی تەعنی هەیە ئەوەی حوکمی لەسەر دەدرێت هەقی تەعنی هەیەو هەقی تەمییزی هەیە هەقی موراجەعەی هەیە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە تەنها لە (انتماء) هاتووە لێرە لە ممارسە نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دەڵێت وفق الضوابط ئەوە هەمووی لە یاساکەدا هاتووە لە (انتما) مافی ئیعترازی هەیە، لە داخستنی عیادەی مافی ئیعترازی هەیە لە دادگای تەمییز بیکات، چونکە ئەمە لیژنەی ئینزباتە لەماوەی (٣) ڕۆژ مافی هەیە، کە ئەگەر عیادەکەی دابخرێت، ئەوە لە هەموو یاساکەدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو بڕگانە لەجێی خۆیەتی، چونکە ماددەی سزادان نین بەڵکو بنەمای گشتین لەو یاسایەدا، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت ئەو (الغاء)ە لە ڕاستیدا سەندیکا کە مافی مۆڵەتی مومارەسەی پیشەی دا ئەوا مافی کێشانەوەی مۆڵەتیشی هەیە، چونکە سەندیکا گشتییە سەندیکا (وفق احکام هذا القانون) دەیدات بە دەزگایەکی تر یان لیژنەی ئینزباتی یان بە دەسەڵاتی (دادگایی)، سەندیکا وەکو سەندیکا ئەبێ ئەو مافەی هەبێت کە مەنعی مومارەسەی پیشەکەی بکات ئەگینا زەوابتەکەی چییە یانی سەندیکاکە بە گشتی هەیەتی، بەس ئەگەر بە سەریحی نەهاتبێت لە یاسادا بەیانی دەڵێن مافی نییە مزاوەلەی مهنەی بکات لە شوێنی تر هاتووە؟. ئەوە دەرئەنجامە ئەو لایەنەی مۆڵەتی مومارەسەی پیشە دەدات دەبێ مافی ئەوەشی هەبێت بیکێشێتەوە.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێت سەندیکا مەنعی مومارەسەی مهنە دەکات، سەندیکا بڕیارەکانی لیژنەی ئینزبات جێبەجێ دەکات، چونکە ئەنجومەنی سەندیکا دەسەڵاتی ئەوەی نییە، تەنیا کە لیژنەی ئینزبات بڕیارێک دەردەهێنێت لەو حاڵەتە سەندیکا بڕیارەکانی لیژنەی ئینزباتی جێبەجێ دەکات، بڕیارەکانی لیژنەی ئینزباتی لە مادده (٣٠) قابلی جێبەجێ کردنە، سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەممەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده (٣٤) دا هاتووە کە سەحبی مۆڵەتی پیشەیی لێ دەکات. دەڵێت :٣ـ اذا تكرر الحكم على الطبيب نتيجة ادانته على افعال ذات علاقة بالمهنة لايجوز اعادة تسجيله الا بعد موافقة جديدة من مجلس النقابة وفق القوانين والانظمة والتعليمات الصادر بموجبه.، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تێبینی تر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟.

لابردنی بڕگە (٥) لە مادده (١٠) تکایە ئەو بەڕێزانەی پەسندی دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە..

زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا بڕگە (٥) لادەبرێت.

ڕای لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ڕای لیژنەی یاسا پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا. ماددەی (١٠) بەپێی ڕای لیژنەی یاسایی وەرگیرا.

ئێستا دێینە سەر ماددەی (١١).

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**الفصل الثالث**

**«التشكيلات»**

**المادة الحادية عشرة:**

١ـ تتألف الهيئة العامة من جميع الاعضاء او المندوبين الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة في النقابة وتعقد اجتماعاً اعتيادياً في مقرها خلال الاسبوع الاول من شهر اذار كل سنتين بقرار من المجلس ودعوة النقيب لانتخاب النقيب وستة اعضاء اصليين وعضوين احتياط لاشغال عضوية المجلس ولجنة الانضباط ويتم النصاب بحضور ثلثي اعضاء الهيئة العامة او المندبين وعند عدم اكتمال النصاب تجري الانتحابات بعد خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول في الوقت والمكان المحددين ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الاعضاء او

المندوبين وبعكسه يعتبر المجلس مستمراً في عمله دورة اخرى.
٢- في حالة زيادة عدد اعضاء الهيئة العامة عن (٥٠٠) خمسمائة عضو سيجرى الانتخاب عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس او من يقوم مقامه وبضمنهم اعضاء مجلس النقابة.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەش رای لیژنەی یاسایە:
نقترح ان تعاد صياغة هذه المادة بفرعين يتضمن الاول منهما تعداد تشكيلات النقابة حسب اهميتها والثاني منهما يتضمن بقية الفقرات وكالآتي:
اولاً: تتألف النقابة من التشكيلات التالية:
١- الهيئة العامة.
٢- مجلس النقابة.
٣- لجنة الانضباط.
٤- هيئة الفروع في المحافظات.
ثانياً:
١- تتألف الهيئة العامة من جميع الاعضاء او المندوبين الذين اوفو بالتزاماتهم بموجب احكام هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة في النقابة وتعقد اجتماعاً اعتيادياً في مقرها كل ثلاث سنوات اعتباراً من تاريخ اجراء الانتخابات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لانتخاب النقيب وثمانية اعضاء اصليين وعضوين احتياط لاشغال عضوية المجلس ولجنة الانضباط ويتم النصاب بحضور ثلثي اعضاء الهيئة العامة او المندوبين وعند عدم اكتمال النصاب تجرى الانتخابات بعد(١٥)خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول في الوقت والمكان المحددين ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الاعضاء وبخلافه يعتبر المجلس مستمراً في اداء مهامه دورة اخرى.
٢- في حالة زيادة عدد اعضاء الهيئة العامة عن (٥٠٠)خمسمائة عضواً تجرى الانتخابات عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس او من يقوم مقامه وبضمنهم اعضاء مجلس النقابة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی تەندروستی تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برگەی یەكەم ئێمەش هەر بەو شێوەیە دامانرشتووە كە ماددەیەكی تر هەبێت، بەڵام لە ماددە

(١١) بڕگەیەکی ترمان داڕشتووەو کورتمان کردۆتەوە ئەگەر ماوە هەبێت، ١- الهيئة العامة اعلى سلطة في النقابة تعقد اجتماعاً اعتيادياً في مقرها خلال الاسبوع الاول من شهر آذار(كل ثلاث سنوات)بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لانتخاب النقيب والمجلس ولجنة الانضباط من جديد . پێمان باشە ئەو بڕگەیە کورت بکرێتەوە لەبەرئەوەی زۆر درێژە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.

مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر فەرمو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێناسەیەی لیژنەی خزمەتگوزاری لەسەر ئەساسی تەعریفی ماددەی یەکەم بووە، ئەوە لێدەگەڕێین ئێمە پشتگیری بۆچوونی لیژنەی یاسا دەکەین لەگەڵ هەندێ تێبینی کە لێرەدا هەمانە (هيئه الفروع) لە هیچ سەندیکایەکی تر نەهاتووە (الفرع في المحافظات) هاتووە. دووەم دەربارەی لیژنەی ئینزبات لە هەموو سەندیکایەک هەردەم بە هەڵبژاردنی هيئه العامه بووە بە تەشکیلە یان بە تعیینە یان تأسیسە تەنیا لە یاسای پارێزەران نەبێ ئەوە هاتووە لەوەی پارێزەران بە تشکیل و تعیین هاتووە بەس لێرە بە تەعیین هاتووە خۆی هەقە لیژنەی ئینزبات بە هەڵبژاردن بێت کە هەڵبژاردنی بکات لەوەی لیژنەی یاسا هاتووە (او المندوبين)، مادام لە بڕگە دوو هەیە ئەوەی مندوبینی ناوێت لە بڕگە (١)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل عەبدی فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ڕای لیژنەی داراییە ژمارە (ج/ ٢٢) لە سێ دا لە پڕۆژەی حکومەتدا هاتووە (كل سنتين) ڕای لیژنەی دارایی ئەوەیە کە (٣) ساڵ جارێک بێت لیژنەی یاساش هەمان بۆچوونی هەیە، چونکە هەر دوو ساڵ جارێک کۆبوونەوە بکرێت سەندیکا زۆر تەکالیفی دەکەوێتە سەر، لە یاسای هەموو سەندیکاکانی تر کە لەپەرلەمانی کوردستان دەرچوونە هەر سێ ساڵ جارێکە، داوا دەکەین ئەوەش بکرێت بە (٣) ساڵ جارێک.

تێبینی تر مامۆستا باسی کرد دەربارەی (هيئه الفروع العامه) بەرای ئێمە (فروع المحافظات) بەسە وەکو هەموو سەندیکاکانی تر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لیژنەی یاسا دەکەم کە (٢)سالی کردۆتە (٣) سال و، شەش ئەندام بووە بە هەشت، بەلام من پرسیارێکم هەیە لە برگە (٢)دا هاتووە (وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس او من يقوم مقامه) من پرسیار دەکەم (من يقوم مقامه) کێیە؟. ئەمە لە هیچ سەندیکایەکی تر نییە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هیئەیەکی کاتی هەبێت ئەوا ئەو بە کارەکە هەڵدەستێت، ئەگەر نەبێ لە یاساکەدا لیژنەی ئامادەکار هەیە، ئەو لیژنە ئامادەکارە بەو ئەرکە هەڵدەستێت ئەو کاتە رێژەی نوێنەرایەتی دیاری دەکات بە گوێرەی باری سەندیکاکە، سوپاس.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لێرە وەکو کۆنگرەیە هەر (٣) سال جارێک دەکرێت ئەو یاسایە بۆ کۆنگرەیە بۆ تەشکیلی تازە نییە هەر سێ سال جارێک کۆنگرە دەبێت مانای وایە تۆ ئەو برگەیەت تەسبیت کرد، باشە لیژنەی ئامادەکار نامێنێت ئەگەر تەواو بوو کێ دەیکات؟، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پرسیار لەکاک د. رزگار دەکەین ئەگەر سەندیکاکە حەل بوو؟، دەبێت شت بە رەهایی بێت ئەگەر سەندیکاکە نەما دووبارە هەڵبژاردن کرایەوە ئەو کاتە هیچ ئەنجومەن نامێنێت، چونکە حەلی سەندیکایشی تێدایە، لەبەرئەوەی وەکو جەنابت دەڵێیت ئەگەر سەندیکاکە هەر بەردەوام بێت دەڵێیت ئەنجومەن، بەلام ئەگەر سەندیکاکە نەما کێ دەتوانێ بۆ هەڵبژاردنی دووەم ئامادە بێت؟، لەو کاتە لیژنەیەکی ئامادەکار دادەنرێت و مقوماتی هەڵبژاردنەکە دادەنێت و رێژەی نوێنەرایەتی دیاری دەکات بۆ سەندیکاکەی، سوپاس.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی تر ئەوەی چارەسەر کردووە ئەگەر سەندیکا حەل بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟. فەرمو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە لیژنەی یاسا (هیئـه) زیاد هاتووە خۆی فروع المحافظه‌یە، چونکە لە پێشتریش هەر فروع المحافظه هاتووە وابزانم لە چاپ زیاد هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەلامی مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر دەربارەی (المندوبین). مەندوبین پێویستە هەبێت لە پێناسەی (هیئه العامه)، چونکە ئەگەر مەندوبین نەیەت و هەر بلێین (تتألف الهیئه العامه من جمیع الاعضاء) مانای ئەوەیە بە دەقەکە دەبەستریێنەوە لەبەرئەوە ئەگەر گوترا (او المندوبین) لەو حالە ئەگەر (٥٠٠) زیاتر بوون ئەوا مندوبین جێگای الهیئه العامه دەگرنەوە، لەبەرئەوە ئەو وشەیە زۆر پێویستە بەکاربێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی (هیئة العامة) واتە کۆنگرە، ئینجا کۆنگرە هەیە ئەندام کەمە هەمووی ئامادە دەبێت، جاری واش هەیە ئەندام زۆرە ناتوانێ هەمووی ئامادە بکەیت بە (مندوب) دەیکەیت، بەلام ئەو تێبینییەی د. رزگار ئەگەر رەچاو بکرێت خراپ نییە، چونکە دەبێت ئەنجومەنی سەندیکا بریار بدات کە ژمارەی مندوبین چەندە و چەند نییەو کۆنگرە چۆن دەکرێت،؟ هیئەی تحضیری بریارەکانی ئەنجومەن جێبەجێ دەکات بۆ جێبەجێ کردنی کۆنگرەکە.

کاک عەبدولخالق فەرمو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوانەکا رووداوێک بەسەر هیئەی ئیداری هات لە حالەتی وا هەلبژاردن ناکرێت لەوانەیە دەستەیەکی ئامادەکار پێک بهێنرێت یان لیژنەیەک پێک دەهێنرێت ئەو لیژنەیە (یقوم مقام الهیئة الاداریة)، لەبەرئەوە رایەکەی لیژنەی یاسا دەقیقترە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو کاک عەبدولخالق فەرمووی گریمان (هیئەی ئەنجومەنی سەندیکا) هەموویان دەستیان لەکارکێشایەوە، کێ ئیقراری ئەوە بکات کە هەموو رۆیشتن سەندیکاکە مایەوە دەبێت هەلبژاردن

بكرێت ئەو هەڵبژاردنە چۆن دەكرێت دەبێت دووبارە لیژنەیەكی ئامادەكار دابنرێت و ئەو لیژنە ئامادەكارە بە كارەكە هەڵبستێت و ڕێژەی نوێنەرایەتی دابنێت لێرە دەبێتە (قام بمقام مجلس النقابە). لە حاڵەتێكدا ئەگەر ئەنجومەن ئامادەبێت ئەنجومەن دەیكات، بەڵام لە حاڵەتێكدا ئەنجومەن ئامادە نەبێت ئەوا ئەوەی دێتە جێگای ڕۆڵی ئەنجومەن دەبینێت، ئەو جێگایە دیاری دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قانون بۆ حالاتی عام دادەنرێت، حالاتی تەبیعی، خۆی لەڕاستیدا قانونی نقاباتمان دەركردووە هەمووی وەک یەک نییە، بەڵام لەوانەیە لە گفتوگۆ كردنی هەر قانونێكی تازە شتی تازە دێتە پێشەوە زیاتر شتەكە قوڵ دەبێت تەجروبەكە باشتر دەبێت، بەڵام موشكیلە نییە شتەكە ڕای لیژنەی یاسایەو جۆرەها ڕا هەیە لەسەری دەیخەینە دەنگدانەوە.. تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە ڕای لیژنەی یاسایی پەسەند دەكەن .. دەستیان بەرز بكەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن تكایە دەستیان بەرزبكەنەوە... بەزۆربەی دەنگ ڕای لیژنەی یاسا وەرگیرا دەربارەی ماددە یازدە، فەرموو ماددە دوازدە بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثالثة عشر:**

تعقد الهيئة العامة اجتماعاً اعتيادياً لغرض:

١- انتخاب النقيب ومجلس النقابة تحت اشراف قاضي محكمة.

٢- تصديق الميزانية السنوية والحسابات الختامية.

٣- مناقشة واقرار التقرير السنوي وشؤون النقابة.

٤- النظر في الاقتراحات المقدمة بشأن تعديل قانون النقابة.

٥- اقرار النظام الداخلي وتعديله.

٦- حل النقابة او تجميدها او سحب الثقة من النقيب او من اعضاء مجلس النقابة.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنیا ئێمە یەک تێبینیمان هەیە:

(انتخاب النقيب ومجلس النقابة باشراف القضاء). كە تەنیا لغویە هیچ شتی ترمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەقابەیەک بە قانون دانرابێت حەقی هەیئەی عامە هەیە حەلی بكات. ئێستا بە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی دادەنرێت، نەقابە بەیاسا دادەنرێت خەڵكی تر حەقی هەیە حەلی بكات، لیژنەی تەندروستی ئەگەر تێبینیتان هەیە فەرموو.

**بەڕێز مەلاهادی كوێخا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبە پێشەكیەكەی ماددەكە كە دەڵێ (تعقد الهيئة العامة) ئێمە پێشنیار دەكەین دەڵێین(تمارس الهيئة العامة الاختصاصات التالية) تاكو تەعقید نەبێت، لە بڕگە یەک كە دەڵێ (انتخاب النقيب ومجلس النقابة ولجنة الانضباط) اضافە بكرێت ئینجا بگوترێت (تحت اشراف

قاضي المحكمة)، برگەی دوو نووسراوە (تصديق وميزانية) دەبێ بوترێت (مناقشة وتصديق الميزانية السنوية) چونکە واجبی وی تەنیا تصديقی میزانیە نییە واجبی ئەو لیژنەیە مناقشەو تصديقە برگەی سێیەم دەڵێ(مناقشة واقرار التقرير السنوي وشؤون النقابة) تقرير سنوی نییە بەڵکو تقریری دەوریە (مناقشة واقرار التقرير الدوري وشؤون النقابة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... (کاک عبدالخالق، کاک سیروان کاکەیی، کاک د.رزگار، کاک مەلاتاهیر، کاک سەفەر محمد حسین) کەسی تر هەیە تێبینی هەبێت کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی، بەڕێز کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە لەسەر برگە شەش بەراستی حەلی نەقابە ممکن نییە، لەلایەن قانون دانراوە حەل نابێ و سحب الثقه من النقيب لە هەر اجتماعێکی اعتیادی ئەو حەقە تەبیعی یە، یانی هەر اجتماعی اعتیادی یانی مؤتمەرە ومؤتەمەری هەینەی ئیداری ئوتوماتیکیەن مفروضە حەل بێت، یانی مجلیسی نەقابەو مەجلیسی انضباط لە یەکەم اجتماع هەر هەینەتێکی رئاسە ئیدارەی جەلسە دەکات، یانی برگەی یەکەم (حل النقابة او تجميدها) ئەوە لە صلاحیەتی ئەوان نییە، دوو(سحب الثقة من النقيب او من اعضاء مجلس النقابة) بەرای من ئەوە تحصیل حاصلی هینەی مؤتمەرو اجتماعی اعتیادیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیب محمد کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەم (انتخاب النقيب ومجلس النقابة ولجنة الانضباط) لیژنەی انضباطیش مفروضە لە ناو کۆنگرەدا هەڵبژێردرێت، چونکە لە تەعریفەکانیشدا بە جیا ناوی هاتووە وپاشان لیژنەی انضباطی کێ دایدەنێ وچۆن دادەنرێت؟ ئەگەر لەناو کۆنگرەدا هەڵنەبژێردرێ، مەبەستم ئەوەیە کە دەبێ لە کۆنگرە هەڵبژێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر فقرە شەشێ وەکی کاک عبدالخالق اشارەت بۆ کری، تەبیعی ئەڤە وەکو قانون لێ دەرچووە پەرلەمان مصادقەی ژسەر کردیە قانونا ژ پەرلەمان اعلی هینە تشریعیە چۆنا هینە عامە ڤی قانونی نەقض بکات یانی حەلی نەقابە، حەلی نەقابە بە قانون دەکرێ یانی ئەو حەقە قەناعەتا من جێی خۆدا نینە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی نیزامی داخلی تکایە ئەگەر یەکێک قسەیەکی کرد دووبارەی نەکاتەوە ئەو قسەیە، بەڕێز کاک مەلا محمد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەی دوازدە صلاحیەتی هیئەی عامە دیاری دەکات، تەبیعی لە پێشدا لە ماددە یازدە ووتراوە (تعقد اجتماعاً اعتیادیاً) دیارە لێرە ئەبێت (تمارس الهیئة العامة الصلاحیات التالیة) دەبێ وای لێبکرێ ئەو قسەی کاک سیروانیش کە ووتی لیژنەی انضباط ئێمە لەماددە یازدە کە تصویتمان لەسەر کرد بەپێی ئەوەی صیاغەی لیژنەی یاسا لیژنەی انضباطی تێدا نەبوو لەوێ، جا نازانم چۆنی چارە دەکەن، ئەوەی کە تصویتی لەسەر کرا ووشەی انتخاب هەڵبژاردنی لیژنەی انضباطی تێدا نییە کە تصویتی لەسەر کرابوو مانای وایە ئەو تێپەڕیوە ڕۆیشتووە، بەنیسبەت خاڵی دووەمەوە ئەڵێ تصدیقی میزانیەی سنوی هەیئەی عامە سێ ساڵ جارێک اجتماع دەکات حەقە بڵێ (مناقشة وتصدیق المیزانیة العامة والحسابات الختامیة) نەک سنوی چونکە سنوی نییە، ئینجا مناقشەی سێیەمیش دەڵێ (مناقشة واقرار التقریر السنوي) لێرە هەم سنوی نییە (مناقشة واقرار التقریر الدوري وشؤون النقابة) هەر دەورەیەک تقریرێکی خۆی هەیە ومناقشەی ئەو تقریرە دەکرێت سنوی تێدا نییە، هیئەی عامە هەموو ساڵێ دانانیشێ هەموو ساڵێ اجتماع ناکات، بەنیسبەت بڕگە شەشیش حەلی نەقابەو تەجمید وەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا ئەوەی کە تەئسیسی دەکات، هەر ئەو دەتوانێ حەلی بکات و تەجمیدی بکات، ئەمە اعتیادیە، من مانا نادۆزمەوە بۆی (او سحب الثقة من النقیب او من اعضاء مجلس النقابة) کاتێک کە هیئەی عامە دانیشت بۆ ئەوەی کەوا انتخابێکی تازە بکات تەبیعی ئەو نەقیبە وئەو اعضائە نامێنێ وەکو اعضاء خۆی بە تەبیعەتی نامێنێتەوە ئیتر سەحبی سیقەی بۆ چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕاستە تێبینیەکانی ڕاستەو قوولیشن، کرا بە سێ ساڵ، ئینجا خۆی کە کرا بەسێ ساڵ دەبێ لەگەڵ ئەوانە ڕێک بخرێت وەکو سێ ساڵەکە تەقریر تەقریری دەوری بێت وحسابات حساباتی ختامی بێت سنوی نەبێت بەپێی ئەوە تەنزیم بکرێت، لەهەمان کاتدا کە سێ ساڵ کۆبۆوە ئۆتۆماتیکی مجلسی نەقابی هەڵدەبژێردرێ ونەقیب هەڵدەبژێردرێتەوە وئەگەر بێو سەحبی سیقە بکەن دەبێ اجتماعێکی استسنائی بێت یانی ئەم اشکالاتانە بەو شێوەیە چاک دەبێت، تا حەلێک بۆ ئەوانە دەدۆزنەوە ڕای ئێمە وایە ئەو کۆبونەیەوە ڕابگرین، حەلی بۆ دەدۆزنەوە وبە هێمنی بیری لێ بکەنەوە ئەگەر پێشنیاریشتان هەیە لەگەڵ لیژنەی یاسا قسە بکەن وچ لغوی بێت و چ شتی تر بێت بۆ ئەوەی مەوزوعەکەمان باشتر قوڵ بێت ، سوپاس ئەمڕۆ بەسە، کۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، بەڕێگای ڕۆژنامەوەو....

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

رئاسه مجلس وزراء

## مشروع قرار

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / مايلي:

**المادة الاولى:**

يلغى قيد السجل العقاري للقطعة المرقمة ٢/٥ مقاطعة (٤٥) ماسيكي والبالغة مساحتها (٥٨٠) دونما والمسجل بعدد (٢١) نيسان ١٩٩٦ جلد (٢٠٨) دهوك ويعاد تسجيلها باسم وزارة المالية لحكومة اقليم كوردستان.

**المادة الثانية:**

على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.

**المادة الثالثة:**

ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاساو لیژنەی خزمەت گوزاری و لیژنەی دارایی دەکرێت و بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر خاڵی دووەمان، بەردەوام بوئمان لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان، ئەو بەڕێزانەی کە لێرە دانیشتبوون لە جەلسەی پێشوو بێنەوە شوێنی خۆیان، بەڕێزان لەماددەی دوازدە کۆبوونەوەکەمان دواخست بۆ ئێمرۆ چونکە ئەو ماددەیە روون نەبوو، بۆیە بڕیار وابوو هەر سێ لیژنە پێیدابچنەوە و ڕێکی بخەن. ئێستا تصور دەکەم پێشنیارێکیان هەبێ وگەیشتبنە ئەنجامێک، ئەگەر لیژنەی یاسا ئەوەمان بۆ بخوێنێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئاگادارن ماددەی سێزدە بووەتە ماددە دوازدە، وماددەی دوازدەش صیاغەکەی وەکو پێویست نەهاتبوو، ئێستا اعادەی صیاغەکەمان کردۆتەوە و صیاغەی تازە دەخوێنمەوە:

**المادة الثانية عشرة:**

اولاً: تعقد الهيئة العامة اجتماعاً سنوياً ضمن دورتها الانتخابية خلال شهر كانون الثاني بدعوة من النقيب يحدد فيها موعد الاجتماع ومحله ويعتبر النصاب مكتملاً بحضور اكثرية اعضاء الهيئة واذا لم تتحقق هذه الاكثرية فيعقد الاجتماع خلال (١٥) يوماً من تاريخ الاجتماع الاول ويعتبر النصاب مكتملاً مهما بلغ عدد الحاضرين.

ثانيا : تمارس الهيئة العامة في اجتماعه السنوي مايلي :
١- تصديق ا لميزانية السنوية والحسابات الختامية.
٢- مناقشة التقرير السنوي وشؤون النقابة.
٣- النظر في الاقتراحات المقدمة بشأن تعديل النقابة.
٤- النظر في تعديل النظام الداخلي للمجلس.
٥- حل مجلس النقابة او تجميدها او سحب الثقة من النقيب او من اعضاء مجلس النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە با دەستیان بەرزبکەنەوە، دیارە تێبینی نییە، لیژنەکانیش نیانە متفقن، فەرموو کاک فەرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێ لەمانگی کانونی دووەم، لەمانگی یەکەوە هەیئەی عامە کۆبوونەوەی خۆی دەکات ئەگەر نیصاب تەواو نەبوو دوای پازدە رۆژ هەر چەند کەس ئامادە بن کۆبوونەوەکە دەکرێت، نازانم ئەوە مەعقولە، احتمالە هەر بەخۆی هەیئەتەکەی خۆی خەڵکی تر ئامادە نەبن، چۆن؟ خۆ ئەبێ بەلای کەمی بۆ نموونە ١ لەسەر ٣ی هەیئە ئامادە بن، یانی ژمارەیەک دیاری بکرێت چۆن هەر چەند حازر بن کۆبوونەوەکە دەکرێت، بەڵام وەزیریش دەزانێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا وەڵامتان هەیە؟ فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو لە هەیئەی عامە دعوەتەکەی هەیە هەموویان مبلغن بە پازدە رۆژەکەش پاشانیش هەر مبلغن ئەگەر ئامادە نەبن مەعقول نییە اجتماعەکە دووبارە ئەو هەموو مصاریفەی بروات، دوایی مەوزوعەکە سنوییە اجتماعی عام نییە و مجلس انتخاب ناکرێ، مجرد اقراری هەندێک امورە ولەبەر ئەوەیە پەیوەندی بە نەقابە هەیە وەکو تصدیقی میزانیەو ئەو شتانە وانییە زۆربەی نیقاباتیش بەو شێوەیە رۆیشتووە ولەسەر ئەم ئەساسە وامان دانا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز علی سندی/وەکیل وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر تەبیعی یە دعوە نەگەر استثنائی بێت تاکو اکثریەی اعضاء حازر بێت بەلاّم نەگەر نەهات هەر قانونیا ماوەیەک دیاری دەکرێت وەکو ئێستا جەنابتان نیشارەتتان پێدا ماوەی (١٥) رۆژ و(مهما بلغ عدد الاعضاء) بەلاّم نەوە عجبا نیزامی نقیب وایە یان نیزامی هەموو اعضاء، چونکە ئەوەش جۆرە خەلەلێکە، دووەم شت اجتماعاتی وا دەڵێ (انتخاب مجلس النقابة تحت اشراف المحكمة)و (حل النقابە) ئەگەر کۆبوونەوە بوو هەر نوتوماتیکیەن مجلس النقابە حەل دەبێت یانی پێویست ناکات بە سحب الثقە وتجمید وئەوشتانە هەر نوتوماتیکیەن نەقابە نامێنێ وانتخاب الهیئە مجلس تێکی دەدات یانی ئەوە متعارضە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر راستە من روونی دەکەمەوە، خۆی هیئەی عامە کە کۆدەبێتەوە هەر سێ ساڵ جارێک کۆدەبێتەوە، ئینجا هەموو اعضاء بێت ئەگەر اعضا زۆر بوو ئەوە بە مندوب دەبێت یانی عملیەن وەکو مؤتمەری لێ دێت، ئەوە ئوتوماتیکی مجلیسی نەقابە حەل دەبێت ، نەقیب جارێکی تر انتخاب دەکرێتەوە، ئەوە موشکیلەمان نییە، ئەوەی کە ئێمە موشکیلەمان هەبوو مەوزوعی تصدیقی میزانیەی سنویە چ هەیئەتێک حەقی هەبێت تصدیقی میزانیەی سنوی بکات، لێرە ئەمانە وایان پێشنیار کردووە کە هەیئەی عامە بیکات، هەیئەی عامە سێ ساڵ جارێک کۆ دەبێتەوە، بۆیە ئەو اجتماعە جۆرێکی ترە لە اجتماعات وەکو اجتماعە اعتیادیەکانی هیئەی عامە نییە یانی مؤتمر نییە یانی اجتماعێکی سنویە، ئینجا بۆیە دەبێ حەلێکی بۆ بدۆزنەوە ئەو حەلە هێشتا تۆزێک تناقضاتی تێدایە، ئینجا بەلای منەوە اجتماعی استثنائی سنوی، استثنائیش سنوی نابێت ئەویش مطلقیەتی هەیە ئەویش نابێت یان ئەو صلاحیەتی تصدیقی میزانیەی سنویە بدەن بە اجتماعی مجلسی نەقابە، لەگەڵ مجالیسی فروع بۆ نموونە بیدەن بەشتێکی وا ئەویش چارەسەری ئەو مەوزوعە دەکات، ئینجا بیرێکی لێ بکەنەوە، لیژنەکە ئەوە هەر ئەمێنێ دەتوانین ماددەیەکی تر مناقشە بکرێت دوای ئەوە، بیرێکی تری لێ بکەنەوە تا دەگەنە ئەنجامێکی وا کە تووشی التباس نەبین لە پاشەڕۆژدا، باشە ئەو ماددەیە دوادەخەین و دەچینە سەر ماددەکانی تر یاخود رای ترتان هەیە، دوای دەخەین تاکو زیاتر قسەی لێ بکەن، ئەو ماددەیە دوادەخەین، فەرموون ماددە سێزدە بخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

مادده چوارده كە دەكاتە سێزدەی ئێستا.

**المادة الثالثة عشرة:**

١- يجوز دعوة الهيئة العامة الى اجتماع غير اعتيادي في احدى الحالتين:

أ- بقرار مسبب يتخذه اكثرية اعضاء المجلس او اكثرية اعضاء فروع النقابة.

ب- بطلب تحريري مسبب يقدمه عشرة بالمائة من اعضاء الهيئة العامة الى المجلس وعلى المجلس اصدار الدعوة وتعيين موعد الاجتماع خلال مدة (١٥) يوماً من تاريخ وصول الطلب.

٢- لايجوز البحث في اجتماعات الهيئة العامة غير الاعتيادية الا الامور التي ادرجت في جدول الاعمال او جرى الاجتماع من اجلها.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینییەكانی لیژنەی یاسا تەنیا لەسەر فەقەرە (أ) كە صیاغە بكرێتەوە (بقرار مسبب يتخذه اعضاء المجلس) وشەی (او اكثرية اعضاء فروع النقابة) لابەین، چونكە مەعقول نییە فروعی نەقابەش حەقی ئەوەیان هەبێ دەعوای كۆبوونەوەی هەیئەی بكەن بەبێ ئەوەی اعضای مجلس بیكات، تەنیا ئەو تێبینیەمان هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك مەلا هادی جەنابت هیچ تێبینیت نییە؟ فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو دەقەكە هاتووە لە ماددەی سێزدە وەكو خۆی مەشروعەكە بەرای ئێمە باشترە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی كە تێبینیان هەیە تكایە با دەستیان بەرزبكەنەوە، سێ كەس دەیانەوێ قسە بكەن (كاك ئیبراهیم سعید، كاك جمیل عبدی، كاك مەلا محمد تاهیر)، فەرموو كاك ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە برگەی (ب) كە دەڵێ (بطلب تحريري مسبب يقدمه ١٠٪) وابزانم لە زۆربەی

مشاريعی قوانين كه دەرمان كردووە ثلث هاتووە يانی ثلث تقديم بكەن لەاعضای هيئەی عامە بۆ جەلسەيەكی استثنائی لێرە ١٠٪ كەمە (ثلث) باشترە وەكو ئەوانەی پێشتر بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك جميل فەرموو.

**بەڕێز جميل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر هەمان تێبینی كاك ئیبراهیم سەعیدم هەبوو لەكتابا خۆدا ژمارا ج/٢٢ لە ١٣/٩/٢٠٠٠ پێشكەشی جەنابتانمان كردووە، مەعقول نییە ١٠٪ بێت تكليفەكەی زۆرە نابێ هەر ١٠٪ داوا بكەن وهيئەی عامە هەمووی دابنیشێت، وەكو هەموو نەقابەكانی تر (ثلث) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك مەلا محمد فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد تاهیر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكانم كرا، بەلاّم لە فەقەرە دووش ماوە دەلّێ( او جرى الاجتماع)(او) نییە (و)ە، چونكە دوو شتی جیاواز نینە، (وجرى الاجتماع من اجله) ئەوەی كە لە جدوەلەكەیە اجتماعەكە بۆ ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو كاك فەرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەريری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر قسەكەی كاكەرەش، كەدەلّێ (او اكثرية اعضاء فروع النقابة) هەلّیبگرین من پێم وایە ئەگەر (١٠٪) تەثبیتبوو كە حەقیان هەیە ئەكثەریەتی فروع لە ١٠٪ زیاتر دەبێ، باشە بۆ ١٠٪ هەبێت بەلاّم ئەكثەریەتی فروع كە مجموعیان لە ١٠٪ زیاتر دەبێت بۆ ئەوان نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو فروعە مجليسی فروعە، مەبەست ئەوەیە، بۆ ڕوونكردنەوە ئەگینا ڕاستە، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـمـد نەقـشـبـەندی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی ئەمە دائیمەن ژمارە لە تحدیدی قضایای وا ژمارەی اعضای نەقابە بە نەزەری اعتبار وەردەگرین چونکە ١٠٪ی نەقابە ژمارەیەکی زۆر نییە، یانی هەر ئەوەندە امکان دەبێ کۆببێتەوە وداوای هیئەی عامە بکات، لەوانەیە زەحمەت بێ ثلث، دوایی مصاریف وئەو شتانە، لەسەر ئەو ئەساسەیە وهیچی تر نییە، لەنەقابەکانی تر رۆیشتووە هەندێکیان کەمە ئەگەر ثلثیش بێت قەیدی نییە، بەڵام ١٠٪ باشە بەنیسبەتی پزیشکان ونازانم رای جەنابی وەزیر چییە؟ سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز جـمـال عـبـدالحـمـیـد/وەزیری تەنـدروسـتی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

بەرای من ١٠٪ باشترە وثلث تصور دەکەم عدد زیاتر دەربچێت، ئێستا بۆ نموونە هەزار دکتۆر بێت لە ١٠٪ی دەکاتە سەد، بەڵام ئەگەر ثلث بێت دەکاتە (٣٠٠) دکتۆر، نازانم لەوانەیە ١٠٪ یەکە مەعقول ترە، بەڵێ ئەوان دەڵێن ثلث داوا بکەن، ١٠٪ عددێکی زۆر منطقی یە، ئێمە رامان لەگەڵ ئەوەیە، بەنیسبەت اعضای فرعیشەوە نازانم ئەوە لەبەر ئەوە دانراوە جۆرە دیموکراتیەتێکی زیاتر دەدات بۆ ئەوەی کە فرعەکانیش ئەگەر زۆرینەی ئەندامانی فرعەکە حەقیان هەبێت اعتراض لەسەر مجلس بکەن لەسەر ئەو ئەساسە دانراوە، لەبەر ئەوە ١٠٪ مجال هەیە اعتراض بکەن احتمالە ئەوە رێگایەک دەبێ بۆ ئەندامەکان کە داوا بکەن اجتماع بکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە ئەندامی فرعەکانیش ئەکثریەیان حەقیان هەبێ ئەوە رای دکتۆرانە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو راتان چییە؟ وەڵامتان داوە. فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئـیـبـراهـیم سـعـیـد:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

لیژنەی یاسا گوتی ئەگەر ١٠٪ بێت مصاریف کەمتر دەبێت کە لە ثلث بێت، بەڵام بەرای من مصاریف کەمتر دەبێت ئەگەر ثلث بێت چونکە احتمالی جەلسە زۆر زۆر کەمتر دەبێت کە ١٠٪ بێت، ١٠٪ لەوانەیە استثناء زۆر ببێت ومصاریف زۆر بێت، ئەگەر ثلث بێت لەوانەیە کەم جلساتی استثنائی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەوزوعە سنویە، پەیوەندی بە مصاریفەوە نییە، فەرموو کاک فەرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەرهەمان قسەی جەنابتم هەبوو، هیچ پەیوەندی بە مصاریفەوە نییە، ئەوانە داوا دەکەن کۆبوونەوە بکرێ هیچ مصرەفیان ناوێ ثلث بێت یان ١٠٪ بێت ئیمزایەک دەکەن دەینێرن داوای ئەوە دەکەن هیچ پارەیان ناوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئیشکالەکە تەنیا ئەوەیە ئێمە مفروضە نقاباتی تر هەموو بەیەک بچن، ئێمە ئەوەشمان لەفکردایە کە هەیکەلی قوانینی ئەقابات هەمووی وەکو یەک بێت ماعدا مەسانیلی خصوصیات جیا بکرێتەوە، لە پاشەڕۆژدا مجبورین ئەوە هەر بکەین، ئینجا بۆ جارێک وا وجارێک وەها؟، ئەکثەریەت چی کراوە ئەوە بکەین باشترە لەو مەسەلانە لەمەسەلەی ئیصابدا و مەسەلەی اجتماعاتدا لە مەسانیلی صلاحیات وئەو شتانە، فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد ئەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مانعمان نییە مجرد پێشنیارێکە رامان وابوو ئەگەر ئێستا پێیان پەسەندە ثلث بێت با ثلث بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای کوتلەی زەرد چییە؟

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە هەموو ئەقابەکان وەکو یەک بن ببێتە ثلث چونکە هیچ مصرفی تێناچێ هیچی تێدا نییە با ثلث بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ مانعاتی نییەکە ثلث بێت، یانی ئەبێ بەرای لیژنەی یاسایش، رای لیژنەی یاسا پێویستی بە دوو بڕیارە یەکیان ئەوەیە (اكثرية اعضاء فروع النقابة) لابرێت کە بە پێویستی نازانن، پێشەکی ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە.. تکایە ئەو بەڕێزانەی کە لابردنی ئەو بەشە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس.. تکا لەو بەڕێزانە

دەکەین کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. بە زۆربەی دەنگ ئەو بەشە حذف دەکرێت، ئێستا هەموو پێشنیارەکە بەجارێک، ورای لیژنەی یاساش ئەوەیە کە ١٠٪ ببێتە ثلث، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ب) دەبێتە (بطلب تحريري مسبب يقدمه عشرة بالمائة من اعضاء الهيئة العامة الى المجلس وعلى المجلس اصدار الدعوة وتعيين موعد الاجتماع خلال مدة (١٥) يوماً من تاريخ وصول الطلب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ماددەکە هەمووی بەو شێوەیە دەخەینە دەنگدانەوە.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بەو شێوەیەی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە پەسەندی دەکەن.. دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەکشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**المادة الرابعة عشرة:**

١- لايجوز للعضو الاشتراك في اجتماعات الهيئة العامة اذا كان ممنوعا من مزاولة المهنة انضباطياً.

٢- تصدر القرارات في اجتماعات الهيئة العامة باكثرية الاصوات وعند تساويها يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو رای خۆتان بخوێنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان نییە لەسەری، وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینیتان نییە، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە، تەنیا کاک جوهر، فەرموو.

**بەڕێز جوهر احمد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە فەقەرە دوودا دەڵێ( تصدر القرارات في اجتماعات الهيئة العامة باكثرية

الاصوات وعند تساويها يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب. ) له اجتماعاتى هيئەی عامه نەقيب وجودی نييه.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

له استثنائى دەمێنێ ئەو اجتماعانەی مجلس خۆی داوای دەكات ئەو اجتماعاتانەی كه اكثريەتی اعضا داوای دەكات، استثنائى بۆ مەسائيلی تر ئەمێنێ.

**بەرێز جوهر احمد شاواز:**

له ماددەكە باسی استثنائى ناكات دەڵێ (لايجوز للعضو الاشتراك في اجتماعات الهيئة العامة اذا كان ممنوعا من مزاولة المهنة انضباطياً.

٢- تصدر القرارات في اجتماعات الهيئة العامة باكثرية الاصوات وعند تساويها يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب. ) باسی استثناء ناكات، سوپاس.

**بەرێز كاكەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر نەقيب هەبوو ئەوە (يرجح الجانب الذي فيه الرئيس) ئەگەر نەقيب نييه مانای وايه اكثرية الاعضاء وەردەگيرێ، موشكيله نييه، سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەيخەينە دەنگدانەوە... تكا لەو بەرێزانە دەكەم كە ماددەی چواردە پەسەند دەكەن.. دەستيان بەرزبكەنەوە... زۆر سوپاس...ئەو بەرێزانەی پەسەندی ناكەن تكايە دەستيان بەرزبكەنەوە... بەزۆربەی دەنگ وەرگيرا،

**بەرێز شێروان ناسح:**

**المادە الخامسة عشرە:**

يتولى ادارة شؤون النقابة مجلس يتألف من :

اولاً : النقيب ويشترط ان يكون له ممارسة في المهنة مدة لاتقل عن (١٠) سنوات.

ثانياً : ستة اعضاء ممن امضوا في ممارسة المهنة مدة لاتقل عن (٧) سنوات.

ثالثاً : رؤساء فروع النقابة ممن امضوا في ممارسة المهنة مدة لاتقل عن (٨) سنوات.

بەرێز كاكە رەش محەمەد نەقشبەندی:

بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.

رای ليژنەی ئێمە و بەهەمئاهەنگی لەگەڵ بەرێز وەزيری تەندروستی وامان بەباش زانيوە كە ئەم برگەيە بەم شێوەيە دارێژرێتەوە، (نقترح صياغة الفقرتين الاولى والثانية و الغاء الثالثة) كالاتي:

اولاً: النقيب ويشترط ان يكون له ممارسة في المهنة مدة لا تقل عن (١٢)سنة.
ثانياً: ثمانية أعضاء وعضوين ممن امضوا في ممارسة المهنة مدة لا تقل عن (٨) سنوات.)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
سەبارەت بە بڕگەی «١ و٢» ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە، سەبارەت بە بڕگەی «٣»ش « رؤساء فروع» هەڵگیرێت، چونکە سەرۆکی لقەکان ئەندام نین لە سەندیکا، لەبەر ئەوە ئەم گۆڕانە بەسەر ئەم بەندەدا بکرێت و ئەوی تریش هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، بەڕێز کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من پێمـوایە مەرجی تەمەنەکە زۆرە، پزیشک تاوەکو «١٢» ساڵ خزمەت بکات پییر دەبێت، ڕێگا بە گەنجەکان و هێزی بزوێنەری سەندیکا نادرێت، «١٢»کەش زۆرە و «٨»کەش زۆرە، ئەگەر کەمتر بکرێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هیچ تێبینییەکی تایبەتیت هەیە بۆ دانانی ساڵەکە کە چەند بێت.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بە بۆچوونی من نەقیب بکرێت بە «٨» ساڵ و، ئەوانی تریش ببێت بە «٤» ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەلایەن ئەو مەرجانەی کە دانراوە وەکو بەڕێز کاک فەرەنسۆ فەرمووی «٨» ساڵ ڕەنگە

پێویست به زیاتر نەکات و، بۆ ئەو «٦» ئەندامە و سەرۆکی لقەکانیش پێویست بەو مەرجانە ناکات، ئەوە بۆ سەرۆکی سەندیکا وتمان رەنگە پێویستی بە خزمەت هەبێت، بەڵام بۆ ئەوانی تر پێویست بەو ماوەیە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی بەڕێز کاک فەرەنسۆ پێشنیارەکانی منیشی دەربڕی، منیش پشتگیری لەو پێشنیارەی کاک فەرەنسۆ دەکەم، سەرۆکی سەندیکا با لە «٨» ساڵ زیاتر نەبێت و، ئەندامەکانیش لە «٥» ساڵ زیاتر نەبێت، سەرۆکی لقەکانیش «٦» ساڵ بێت و، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک، یەکەم بۆ ئەوەی گەنجەکانیش بتوانن رۆڵی خۆیان بنوێنن و، دووەمیش ئێمە ئەوە بۆ ماوەی «٩» ساڵ دەبێت کەوا راپەرینمان کردووە و، زۆر کەس هەبوو لە چیا بوو و خزمەتی پیشەی بۆ ئەژمێردراوە، لەبەر ئەوە بەرای من لەگەڵ رێزم بۆ ئەو رایە، بەڵام «١٢»ساڵ یا «١٠»ساڵ لەوانەیە کە زانیاری زیاتر هەبێت، بەڵام سەندیکا لایەنێکی پیشەیی نییە، بەڵکو زیاتر لایەنێکی نیدارییە، جا بۆیە بە بەرژەوەندی دەزانم کەوا ساڵەکانی کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رووی ممارەسەی فیعلی ئەنجومەنی سەندیکا کاروباری سەندیکا دەبەن بەڕێوە، جا لێرە «٧» ساڵی بۆ ئەندامی سەندیکا داناوە من پێشنیار دەکەم وەکو یاسای سەندیکاکانی تر کە «٨»ساڵیان بۆ دانراوە و، بۆ سەرۆکی لقەکانیش کە «٨» ساڵ دانراوە، لێرەش بەهەمان شێوە بکرێتە «٨» ساڵ، لێرەش کە بۆ ئەقیب «١٠» ساڵ دانراوە، ئەمە وەکو شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو ئەقیبەکان «٨» ساڵ دانراوە و، تێبینییەکیشم لەسەر قسەکانی کاک عەبدولخالق ئەوەیە کە ئەو کەسەی کە لە چیا بووبێت بۆی بە خزمەت حسێب کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

بەڕێز د.جـەمـال عـەبدولحـەمـیـد/ وەزیری تەندروسـتی وكـاروباری كـۆمـەڵایەتی:

بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.

من رام وایە نەقیب چەند خاوەن زانیاری بێت باشترە و، سەبارەت بە پزیشكەكان بە چەند قۆناخێكدا تێدەپەڕن لە سەرەتا «٢» ساڵ «الأقـامـة الدورية»یان هەیە و لە قـۆناخی مـەشق«تدريب»دان و، «٢» سـاڵیش لـە گـوندەكـان دەبن كـە پێی دەوترێت «القـری والاریاف» و، پاشان «٢»ساڵی تریش دەبنە «مقيم أقدم» كە هەر لە دەوری مـەشقدان و، ئەمە دەكاتە «٦» ساڵ كەواتە لەم ماوەیەدا هیچ ماوەی نییە كەوا ببێتە نەقیب، ئەمە لەلایەكەوە و، بۆ ئەوەی كەوا مەرجەكە دانێین خۆی ئەگەر ئەو ساڵی خزمەتت دانەنا ئەوە هەر مقیمەكان دەردەچن، چونكە ژمارەیان زۆرە و، ژمارەی ئەوانەی كە پسپۆڕن كەمترە و، ئەگەر بوارت دا و مەرجی ساڵی خزمەتت دانەنا ئەوە هەڵبەتە موقیمێك دەردەچێت و خزمەتی كەمە و زانیاریشی كەمە، لە یاسای عێراقیدا نەقیب دەبێت «١٥»ساڵ خزمەتی هەبێت و، بۆ ئەندامانیش «٧»ساڵ زۆر باشە، چونكە «٦» ساڵی لە مـەشقدایە و لەو ماوەیەشدا بواریان هەیە كەوا ببن بە ئەندامی لقەكان، چونكە لقەكان «٥»ساڵمان داناوە، جا ئێمە لەبەر ئەو بنەمایە ماوەكەمان بەم شێوەیە داناوە، سوپاس.

بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:

سەبارەت بە نەقیب جەنابت چەندت داناوە.

بەڕێز د.جـەمـال عـەبدولحـەمـیـد/ وەزیری تەندروسـتی وكـاروباری كـۆمـەڵایەتی:

بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.

ئێمە پێشنیاری «١٢» ساڵمان داناوە، بەڵام لە «١٠» ساڵ كەمتر نەبێت، چونكە لەو «١٠» ساڵە كەمتر بێت ئەوە قۆناخێكی زۆر زووە و، پزیشكە گەنجەكان دەردەچن و، ئەو پزیشكە گەورانەی كە خاوەن زانیاری و پسپۆڕین دەرناچن، سوپاس.

بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:

سوپاس، لیژنەی تەندروستی فەرموو.

بەڕێز مـحـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:

بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.

ئێمە پشتگیری لە رای لیژنەی یاسا دەكەین كەوا «١٢» ساڵ بە «٨» ساڵی داناوە، چونكە ئەو قۆناخانە پێویستە لەسەر پزیشك تێپەڕێت تاوەكو ببێت بە نەقیب و، دەبێت ئاگای لە هەموو گرفتەكانی پزیشكەكان بێت، سوپاس.

بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:

سوپاس، کاک عەلی سندی فەرموو.

**بەڕێز عەلی سندی/بریکاری وەزارەتی تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی «٣» کە سەرۆکی لقەکانی دەسنیشان کردووە، بەڵام نەیوتووە دەستەی لق لە چەند کەس پێک دێت، دەسەڵاتی هەیە کەوا لە ئەنجومەنی سەندیکا زیاتر بن، دەبوایە دەسنیشانی کردبوایە کە لە چەند کەمتر نەبێت و لە چەند زیاتر نەبێت، هەروەها لە بڕگەی «٢»ە میشدا دەڵێت ئەنجومەنی سەندیکا «٦» ئەندامی هەیە و، ئاماژەی بە ئەندامانی یەدەگ نەداوە، دەبوایە «٢» ئەندامی یەدەگیشی دیاری بکردایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز د.جەمال عەبدولحەمید/ وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسایی وامان دانا کەوا ئەندامی یەدەگیش هەبێت، بەڵام دیارە لێرەدا ئاماژەیان پێی نەکردووە، سەبارەت بە تێبینییەکانی بەڕێز بریکاری وەزارەت بە رای ئێمە خاڵی «٣» زیادە، چونکە سەرۆکی لقەکان ئەندام نین لە ئەنجومەن لەبەر ئەوە ئەو بابەتە هەر پێویست ناکات لێرە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیاری ئێمە دەڵێین: ( «٨» أعضاء و عضوين أحتياط ممن أمضوا في ممارسة المهنة مدة لا تقل عن «٨» سنوات) ئەوە لێرەدا هاتووە، سەبارەت بە تەمەنی ئەندامانی لقەکان ئەوەشمان لە ماددەیەکی تردا باس کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،لەسەر ئەم ماددەیە بە تێروتەسەلی گفتوگۆ کرا، ئێستا رای لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم کەوا بزانم ئەرکەکانی نەقیب چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەتەوێ لە پەرلەماندا بزانیت ئەرکەکانی نەقیب چییە؟، دەبوایە بیخوێنیتەوە لە ماددەی بیست و یەکدا، حەز دەکەم شتێکتان بۆ روون بکەمەوە، پێش ئەوەی سەندیکا دروست بکرێت چی هەبوو لە ولاتی ئێمەدا!، هەر پیشەیەک گەورەیەکی هەبوو وەکو قەساب باشی و جەمالّ باشی و هەریەکەش چەند مەرجێکی هەبووە تاوەکو هەلّبژێردراوە، جا ئیتر گەورەترینیان بووە و باشترینیان بووە و بەتواناترینیان بووە، سەندیکاش شتێکی وا بوو پەرەی سەندووە، کەسایەتی نەقیب رولّی هەیە لە بەڕێوەبردنی سەندیکاکە و، رولّ دەبینێت لە بریاردان و رولّ دەبینێت لە ئیجرائات وەرگرتن و، رولّ ئەبینێت لە رەچاوکردنی شەرعیەت، بۆیە کەسایەتی نەقیب مەرجێکی زۆر بنەڕەتییە لە هەر سەندیکایەک بێت. چەندی ئەو کەسایەتییە ناسراو بێت و شارەزایی زیاتر هەبێت باشترە بۆ سەندیکاکە، ئەمە بنەمایە جا بۆیە هەردوو پرۆژەکە ئەخەمە دەنگدانەوە، یەکەم پرۆژەی حکومەت وەکو خۆی کە هاتووە و، پێشنیاری لیژنەی یاسای، پێشەکی پێشنیاری لیژنەی یاسای دەخەینە دەنگدانەوە، تکایە جارێکی تر پێشنیارەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(نقترح صياغة الفقرتين الاولى والثانية و الغاء الثالثة كالاتي:

اولاً: النقيب ويشترط ان يكون له ممارسة في المهنة مدة لا تقل عن (١٢)سنوات.

ثانياً: ثمانية أعضاء وعضوين احتياط ممن امضوا في ممارسة المهنة مدة لا تقل عن (٨) سنوات.)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەلّ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایە؟..سوپاس.. کێ لەگەلّ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پرۆژەکە پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، کەواتە پێویست ناکات ئەوەی پرۆژەکەی حکومەت بخەینە دەنگدانەوە، دێینە سەر ماددەی شازدە، فەموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السادسة عشرة:

أولاً: ينتخب المجلس بالاقتراع السري من بين أعضائه نائباً للنقيب و سكرتيراً وأميناً للصندوق في أول إجتماع يعقد بعد الانتخاب وتتحدد صلاحيات كل منهم في النظام الداخلي.

ثانياً: يعقد المجلس جلساته الاعتيادية مرة واحدة في الشهر على الاقل كما يجوز له

عقد جلسات استثنائية بدعوة من النقيب او بطلب ثلث أعضائه.

ثالثاً: لا يحق للنقيب البقاء في منصبه لاكثر من دورتين انتخابيتين متتاليتين على ان يحق له الترشيح لمنصب النقيب بعد مرور دورة انتخابية واحدة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسا تكایە بخوێننەوە.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نقترح إعادة صياغة الفقرة الثالثة من المادة كالاتي:

ثالثاً: لا يحق للنقيب البقاء في منصبه لاكثر من دورتين انتخابيتين متتاليتين.

تەنها ئەوەندە بوترێت بەسە و پێویست بەوانی تر ناكات، كەواتە دوو خول ناتوانێت، بەڵام پاش ئەوە دەتوانێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە دەتوانن ئەوەمان بۆ روون بكەنەوە.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەقیب ئەگەر «٣» ساڵی یەكەم نەقیب بێت و، «٣»ساڵی دووەمیش هەر نەقیب بێت، پاش ئەوە بۆی نییە خۆی هەڵبژێرێت بۆ نەقیبی جاری سێیەم، بەڵام ئەگەر خولەكان لە پاش یەكتر نەبوون، خولی یەكەم نەقیب بوو، بەڵام لە خولی دووەم یەكێكی تر بوو بە نەقیب، كەواتا لە خولی سێیەم دەتوانێت خۆی هەڵبژێرێت، هۆیەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بوار بە خەڵكانی تریش بدرێت كەوا رۆڵی خۆیان لە سەندیكادا ببینن، هەر بۆ ئەم هۆیە وای لێكراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من وا بەباش دەزانم كەوا مافی هەبێت ببێتەوە و بمێنێت، یاخود هەر مافی نەبێت كە ببێتەوە بە نەقیب، دوو خول بەسە، تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە تێبینییان هەیە دەست بەرز كەنەوە، ئەوەی ناوی نەنووسراوە با ئاگادارمان بكاتەوە، كاك فەرەنسۆ، رەجەب شەعبان، د.ناسح، ئەمین مەولود، ئیبراهیم سەعید ،شێخ عەفان، ئیبراهیم دۆغرەمەچی، د.رزگار، ئەگەر جەنابی وەزیر هەر تێبینییەكی هەیە دەتوانێت بفەرمووێت.

**بەڕێز د.جەمال عەبدولحەمید/ وەزیری تەندروستی وكاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

به رای من ئەو دەقەی کە هاتووە و دەڵێت:« لا یحق للنقیب البقاء في منصبه لاكثر من دورتین انتخابیتین متتالیتین على ان یحق له الترشیح لمنصب النقیب بعد مرور دورة انتخابیة واحدة.»بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر ئەو پێشنیارەی کە کراوە بەو شێوەیە ئەو کەسە هەتا هەتایە مافی خۆ هەڵبژاردنی نامێنێ، لیژنە پێشنیار دەکات کەوا بوترێت «دورتین انتخابیتین متتالیتین» و ئەوی تر هەڵگیرێت، بەو روانگەی کەوا تەنها یەک خولی هەڵبژاردن و پاشان مافی هەبێت، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە بێت واتا هەتا هەتایە مافی نامێنێ خۆی هەڵبژێرێتەوە، بە رای من ئەو دەستەواژەیە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەوردی تەماشای ئەم خاڵە بکەین، دەبینین دژە لەگەڵ ئەوەی پێشوو کە دەڵێت ئەبێت شارەزایی هەبێت و ئەزموونی زۆر دیبێت پاشان دەبێت بە نەقیب، ئێستا دەڵێن پاش دوو خول کە بوو بە نەقیب و شارەزایی باشی پەیدا کرد، بۆ نابێت بۆ خولی سێیەم خۆی هەڵبژێرێتەوە و یەکێکی بێ شارەزایی بێتە جێگای؟، جا ئەم دوو ماددەیە دژی یەکتر رادەوەستن بە رای من، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستەواژەی یەکەم کە دەڵێت: دەبێت جێگری نەقیب و سکرتێر و ئەمین سنوق بە هەڵبژاردن دابمەزرێن، وابزانم پێویستە کەوا لیژنەی بەرزەفتی «أنضباطی»یش دەسنیشان نەکرێت و بەڵکو بە هەڵبژاردن بێت، ئیتر بۆ نەقیب دەسنیشانیان بکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا باسی نەقیب دەکەین، لە کاتی خۆیدا باسی ئەم بابەتە بکە، سوپاس، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە دوا برگەی خاڵی «٣» زیادە، ئەگەر بەم شێوەیە بێت باشترە« لا یحق للنقیب

البقاء في منصبه لاكثر من دورتين انتخابيتين متتاليتين» هەر ئەوەندە و كۆتايی پێ بێت، چونكە «على ان يحق له الترشيح لمنصب النقيب بعد مرور دورة انتخابية واحدة.» ئەوە پێویست ناكات و زیادە و، هەر لێرە كۆتایی پێ بێت، چونكە كە وترا «متتاليتين» واتا دیارە دوو خول دوابەدوای یەكترە، ئەگەر لە دوای یەكتر نەبوو ئەوە مافی هەیە كە خۆی هەڵبژێرێت، بۆ نموونە جاری سێیەم خۆی هەڵنابژێرێت بۆ جاری چوارەم خۆی هەڵدەبژێرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای پرۆژەكە بكەین دەبینین لەكۆتاییدا دەسەڵاتی سەرۆكی ئەنجومەن دیار كراوە، بەڵام لێرەدا دەڵێت« وتتحدد صلاحيات كل منهم في النظام الداخلي» ، بە رای من ئەوە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر باش ئەو ماددەیە بخوێنیتەوە دەڵێت«أضافة الى ما يخوله» ئەو ئەركانەی تریشی هەیە، جا ئەوەی كە باسی دەكات پیڕەوە ناوخۆكە ئەو شتانەیە كە ئەنجومەنی سەندیكا لە پیڕەوە ناوخۆكەدا دەینووسێ، دەسەڵاتی نەقیب روونە، یەكەم دێڕی ماددەی «٢١»ەمە، كەواتا ئەمە ئیزافەیە بۆ ئەوەی لە پیڕەوی ناوخۆدا دێت، كەواتە هیچ گرفتێكی تیادا نییە، كاك ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە تەماشای پرۆژەكە بكەین دەبینین خولی هەڵبژاردن «٢» ساڵ هاتووە، ئێمە كردمان بە «٣»ساڵ لە كاتی گفتوگۆدا، كەواتە ئەگەر نەقیب پێشتر «٣»جار هەڵبژێردرایە «٦» ساڵ لە نەقیبی دەما، بەڵام ئێستا بە دوو خولی هەڵبژاردن «٦» ساڵەكە پڕ دەكاتەوە، جا من دەبینم دوو خولی دوا بەدوای یەكەوە نەبێت، یا ئەگەر بەدوای یەكیشەوە بێت، دوو خول بەسە و «٦» ساڵ بۆ نەقیبی بەسە و، با بوار بە یەكێكی تر بدرێت كەوا ڕوڵ ببینێت و، هەروەها بوار بۆ ئەو كەسانەش دەكرێتەوە كە ئەندامن لە سەندیكادا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من ئەم خاڵەم لەم ماددەیەدا پێ زیادە، نەبوونی زۆر باشترە، دەکرا لە پیڕەوی ناوخۆدا شتێک باس کرابوایە، چونکە مەعقولە کۆمەڵێک پزیشک دوو خول لەسەر یەک هەر یەک کەس بکەن بە نەقیب و، ئەگەریش هەڵیانبژاردەوە ئەوە دیموکراتییەو نابێ ئەو مافەیان لێ زەوت بکەین، ئەگەر نەشیان کرد ئەوە واتا نایکەن، چونکە ئەم کۆمەڵە خەڵکە رۆشەنبیر و خوێنەوارە لە «٣» خولدا یەک کەسیان هەڵبژارد کەواتا ئەو کەسە شایستەیە بۆ ئەو جێگایە و، ئەگەریش هەڵیشیان نەبژارد ئەوە هەڵینابژێرن، بەڵام دەکرێت لە پیڕەوی ناوخۆدا هەنێ دەسبەندی بۆ دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتاوەکو ئێستا چەند سەندیکایەک لێرە بڕیاری لەسەر دراوە و، لە هیچ سەندیکایەکیان ئەم دەسبەندیەی تیادا نییە، چەند خول بێت رەهایە و، ئەگەر یەکێک خەڵکی دەنگیان پێ دا با دوو یا سێ یا چوار جاریش خۆی هەڵبژێرێتەوە، ئەگەریش خەڵکی نەیویست ئەوە لە یەک خولدا ئیتر هەڵنابژێردرێتەوە، با لەگەڵ سەندیکاکانی تر یەکخرێت و ئەم بەندەی لێ هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگە «٣» کاک فەرەنسۆ رای ئێمەی دەربڕی و، سەبارەت بە بڕگە «٢»ش کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەن مانگانەیە و، بەدەریش ئەوە دیارە، بەڵام لێرە بواری داوە کە «٤»کۆبوونەوەی ئاسایی بکرێت، من پێشنیار دەکەم کەوا ئەو دەستەواژەیە بەم شێوەیە نەمێنێت و بکرێتە کۆبوونەوەی مانگانەو جگە لە کۆبوونەوە بەدەرەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟، هیچ لاریتان هەیە لەوەی کەوا خاڵی «٣» هەڵگیرێت؟ئایا لە یاسای سەندیکاکانی تردا شتی وا هەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەممەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر سەندیکایەک لەوانەیە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئێمە لەگەڵ سەندیکا کۆبووینەوە و لە ئەنجامی گفتوگۆدا گەیشتینە ئەوەی کەوا بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، دوو خول بەسە، چونکە لەوانەیە لەبەر چەند هۆیەک و بەرژەوەندییەک وا بکرێت کە یەکێک لە دوو خول زیاتر هەڵبژێردرێت، هەروەها بابەتی پزیشکی بواری زۆر تیادایە کەوا جموجۆڵی تیادا بکرێت، رای وەزارەتی تەندروستیش هەر بە هەمان شێوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.جەمال عەبدولحەمید/ وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی خۆی ئەو نەقیبەی کە سەرکەوتوو بێت لە هەڵبژاردندا دەردەچێت، بەڵام جاری وا هەیە ئەو نەقیبە دەست بەسەر هەموو لایەنەکاندا دەگرێت بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردن دا دەرچێت و، لەوانەشە مافی خۆشی بێت، بەڵام خەڵکی وای بۆ ناچن و بەشێوەیەکی ناخۆش لێکی دەدەنەوە و، ئەگەر لە خولێکدا بوار بە کەسانی تر بدات ئەوە بۆی دەبێتە هەڵسەنگاندنێک لە گەڵ پزیشکەکانی تردا کە دەبن بە نەقیبی سەندیکا، جا بۆ ئەندامانیش دەردەکەوێت و بە جوانی دەتوانن دەسنیشانی خەڵکێک بکەن کە سەرکەوتوون لەو کارەدا، چونکە ئێمە بە کردەوە ئەو کێشەیەمان هاتووەتە رێگا، نەقیبێک دەبینین سەرکەوتووە، بەڵام هەر قسەی لەسەرە، جا با ئەو بوارە هەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت خۆیان هەڵبژێرن و چانسێکیان بدرێتێ تاوەکو خەڵکیش بتوانێت ئەو بەراوردە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام یاسا سڵ لە قسەی خەڵکی ناکاتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.جەمال عەبدولحەمید/ وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە، بەڵام وا دەبینین لە سیستەمی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکیشدا هەمان شت هەیە و، لە دوو جار زیاتر بۆی نییە خۆی بپاڵێوێ، جا رای سەندیکای پزیشکان بەم شێوەیە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاکەرەش دەڵێت کەئەوە شتی تایبەتمەندییە، نەخێر ئەوە لە میانی تایبەتمەندی نییە لە سەندیکادا، ئەوە گشتییە و لە هەموو سەندیکاکاندا هەیە، ڕاستە هەر سەندیکایەک چەند تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، بەڵام ئەم خاڵە لە میانی مادده گشتییەکاندایە، بە ڕای من هەموو سەندیکاکان وەکو یەک بن و، پێشنیار دەکەم کە ئەو بڕگەیە هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک شێخ عەفان بەشێوەیەکی جوان ڕوونی کردەوە، ئەگەر نەقیبی سەندیکا چەند بەرژەوەندییەکی پەیدا کرد و قسەی لەسەر کرا، سەندیکاش هەر هەڵیبژارد پیرۆزیان بێت، چونکە ئەگەر پەرژەوەندی پەیدا کرد و قسەی لەسەر کرا دەنگی پێ نادەن، لەبەر ئەوە منیش لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو خاڵە نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک ئیبراهیم دەڵێت ئەوە شتێکی گشتییە، ئێمە لەگەڵ سەندیکای پزیشکان و وەزارەتی تەندروستی دانیشتووین و، جەنابیشی ئەندامی لیژنەی یاسا بوو ولەگەڵماندا بوو و، ئەو هەڵوێستەی لەوێ دەرنەبڕی و، پێمان خۆش بوو کەوا لەوێ ئەم ڕایەی دەربڕیبایە لەوانە بوو ئەم خاڵە هەر لەوێ بگۆڕدرابا، هەق وابوو هەر لەوێ ئەم ڕایە بچەسپایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەقیب ئەگەر ئەوەندە لێوەشاوە بێت کەوا چەند جارێک لەسەر یەک هەڵبژێردرێتەوە ئەوە با پیرۆزی بێت، جا لەبەر ئەوەی بنەماکەی لەسەر هەڵبژاردنە ئەو مافەی بۆ لێ زەوت بکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕیز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا لەسەر رای خۆیەتی، حەز دەکەم کەوا ئەم خاڵە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونەکانی بەڕێز وەزیری تەندروستیم، بەراستی ئێمە تۆزێک دیموکراتییەتەکەمان رەوان تر بێت، زۆر جار کێشە دەبێت، ئێمە با بوار بدەین، ئەو کەسە بێبەش نابێت بەیەکجاری لەوەی کە مافی خۆهەڵبژاردنی هەبێت، وەکو سەرۆک کۆماری ئەمریکا، یا فەرەنسا، ئەوە تەنها بۆ دوو خول هاتووە، خولی سێیەم بوار بدرێت بە نەقیبێکی تر، لەوانەیە ئەو نەقیبە وەکو وەزیری تەندروستی فەرمووی باشتری بکات، بەڵام ئەگەر ئەو بەراوردە نەبێت لەوانەیە ئەو دیموکراتییەتە نەبێت، جا بۆیە من لەگەڵ رایەکەی بەڕێز وەزیری تەندروستیدام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا با بابەتی دیموکراتییەتەکەش هەندێ روون بکەینەوە. دیموکراتیەت، لە دەستەی گشتی مافی خۆیانە کە هەر نەقیبێک هەڵبژێرن، یەکێ خراپە هەڵی نابژێرن یەکێ باشە هەڵی دەبژێرن، ئەساسی دیموکراتیەتەکە لە یاساکەدا لەو هەڵبژاردنەدایە کە لە دەستەی گشتی دەکرێ، بەس ئێمە بێین بە یاسا خەڵکێک قەدەغە بکەین کە خۆی هەڵبژێرێ، ئەوە پێچەوانەی دیموکراتیەتە، لەبەر ئەوەی کابرا دەسەڵاتی لە سێدارەدانی خەڵکی نیە، کابرا نەقیبە ئیدارەی کارێک بەرێوە دەبات ، بەڵام کە بە یاسا مەنعی دەکەین خۆی هەڵبژێرێ، ئەو قەدەغە کردنە لە یاساکانی تردا نەهاتووە، تەنها لەو یاسایەدا هاتووە، بۆیە حەزم کرد زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکرێ، لەکاتێکدا مەنع دەکرێ ئەگەر پلەیەکی خەتەرناک بێت ، مەترسی هەبێ لەسەر بەرێوەبردنی وڵاتێک ، ئەوە دەکرێ رێگە بە کەسانی تر بدرێ ، بە

لایەنی تر، حزبی تر، تاکو دەسەلات بگۆڕدرێ، ئەوە لە هەموو ولاتێکیش جائز نیە ،تەنانەت بۆ سەرۆک کۆماریش دەتوانێ زۆر جاران خۆی هەلبژێرێ و ولاتەکەشی دیکراتیە،هەندێ ولات مەلەکیە کەسێ دەسەلات بەڕێوە دەبات دیموکراتیەتیشە، شێخ عەفان فەرموو.

**بەرێز شێخ عەفان نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من زۆر سەرسام دەمێنم لە بۆچونەکانی کاک عبدالخالق، بەراستی دیاری کردنی حەسرکردنە لەسەر دیموکراتیەت ،واتا پالەپەستۆی دیموکراتیەت دەکات ، ئەگەر دیاری بکەی واتا لایەنێک کۆنترۆلی بارەکەی لەدەستە و دەلێ کاکە تۆ خۆت هەلمەبژێرە کەسێکی تر خۆی هەلدەبژێرێ، واتا دیموکراتیەت حەسر دەبێ لە بودەقەیەکی زۆر بچوکدا، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەر فراوان بێ کێ خۆی هەلبژێرێ با خۆی هەلبژێرێ، کابرا رۆشنبیرە، دکتۆرێکە، چەند سالە خوێندەوارە، ئەو رای نەبێ کە کێ هەلبژێرێ من پێی بلێم دەبێ ئەوە هەلبژێری، بەراستی ئەوە دیموکراتیەت نیە، بەپێچەوانەوە ئەوە دژی دیکراتیەتە، پێشێل کردنی دیموکراتیەتە، با هەموو کەسێ سەربەست بێ، کێ خۆی هەلدەبژێرێ با خۆی هەلبژێرێ، سەربەستیەکە باشترە، پاشان ئێمە بۆ بە یاسا دیاری کەین ، بابەشێوەیەکی تر دیاری بکەین ، با لە پێرەو و پرۆگرام بیکەین.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلێ فەرموو.

**بەرێز عەلی سندی/بریکاری وەزارەتی تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەل ئەو رایەم کە ئەو برگەیە هەر نەمێنێت ، لەبەر ئەوەی ئەگەر شتێ لەسەر نەقیب هەبێ ئەوە رێگای تر هەیە، دەتواندرێ داوای دانیشتنێکی نائاسایی بکرێت متمانەی لێ وەربگیرێتەوە و دەری بکەن، و ئەوە پێچەوانەی بنەماکانی یاسای کۆمەلەکانە، لەبەر ئەوەی ئەگەر هاتوو مافی پالاوتن و دەنگدانی هەبێ لە هەلبژاردندا وابزانم ئەوەش ئیلتباسێکە، لەبنەرەتدا پێویست ناکات ئەو برگەیە هەبێ.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم ویستت قسە بکەی؟ فەرموو.

**بەرێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن، راستە من لە لیژنەی یاسام، بەلام لەسەر ئەو برگە و برگەی

تریش رای خۆم هەبووە، لە زۆر بڕگەدا ٩٥٪ لەگەڵیان بووم بەڵام ٥٪ رای خۆم هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق زەنگەنە محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تێگەیشتنی دیموکراتیەت واباشە زیاتر لە رایەک هەبێ، لە جیهانی سێیەم دیموکراتیەت سنوری دیارە. لەجیهانی پێشکەوتووی وەک ئەمەریکا و فەرەنسا و سویسرا... هتد کە دوو خولیان بۆ سەرۆک کۆمار داناوە ئەو میللەتەش تەواوی مافیان هەیە، وەک کلنتۆن کە گەورەترین خزمەتی ئەمەریکای کردووە، یان کۆل و کەسانی تر، لەزۆر جێگا کاری وادەبێ کە سەرۆک کۆمار بە دوو خول دەبێ، من رام وایە، لیژنەی ئامادەکاری یان وەزارەتی تەندروستی خۆیان دیاری دەکەن خۆیان پێشنیاریان کردووە دیارە شتێک هەیە دیارە هۆیەکی موجبی هەیە، ئەوە دیاری کردنی دیموکراتیەت نیە، ئەمە ممارەسەی دیموکراتیەتە بە شێوەیەکی پێشکەوتوو وشارستانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوانەیە لەو بابەتە قسە زۆر بکرێ ئەو بابەتەش دوا دەخەین بۆ کۆبونەوەی کوتلەکان، لیژنەکانی پەرلەمانی وکوتلەکان با لە نێوان خۆیان چارەی بکەن و سبەی سەعات (١٠)ی پێش نیوەڕۆ و هەر لێرەدا کۆدەبینەوە لەدانیشتنی داهاتوومان‌دا رایەکی روونمان بدەنێ لێرەدا کۆتاییمان بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١)

## چوار شەممە ڕێكەوتی ١٨/١٠/٢٠٠٠

*كات (١٠:٠٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ١٨/١٠/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە یازدە)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.*

*بەرنامەی كار:*

*بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێرەوی هەمواركراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بریاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە یازدە)ی خۆی لە كات (١٠)دەی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ١٨/١٠/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:*

١ـ خستنەروو و گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیكای پزیشكانی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە (١١)ی خولی دووەمی ساڵی نۆیەم دەست پێ دەكەین. بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر خستنەروو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیكای پزیشكانی هەرێمی كوردستانی عێراق.

تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە دوێنێ لێرە دانیشتبوون بێنە سەر سەكۆ.

بەڕێزان دوێنێ ماددەی (١٢)مان دواخست بۆ ئەمڕۆ بۆئەوەی لیژنەی یاساو لیژنە پەیوەندیدارەكان زیاتر گفتوگۆی لەسەر بكەن و بگەنە ئەنجامێك. جا تكایە ئەگەر گەیشتوونەتە ئەنجامێك فەرمون باسی لێوە بكەن.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادده (١٢) كرا بە دوو برگە بەو شێوەیەیە:

١ـ تعقد الهيئة العامة اجتماعا اعتياديا لغرض:

أـ انتخاب النقيب ومجلس النقابة بإشراف القضاء.

ب ـ تصديق ميزانية النقابة.

جـ إقرار النظام الداخلي وتعديله والنظر في اقتراحات المقدمة لغرض تعديل قانون النقابة.
٢ـ يعقد مجلس النقابة سنوياً بالاشتراك مع مجالس الفروع:
أـ إقرار الميزانية السنوية والحسابات الختامية.
ب ـ مناقشة واقرار التقرير السنوي وشؤون النقابة.
جـ ـ النظر في الاقتراحات الواردة بشأن تعديل قانون النقابة والنظام الداخلي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. بەرای من ئەو شێوەیە زۆر روون و ڕێکوپێکە. ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.

دیارە تێبینی نییە دەیخەینە دەنگدانەوە.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی ماددە (١٢) دەکەن بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

ئێستا دێینە سەر بڕگە (٣)ی ماددە (١٧).

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە (٣)ی ماددە (١٧) کە ئێستا بووەتە ماددە (١٦) کە نووسرا بوو (لا يحق للنقيب البقاء في منصبه لاكثر من دورتين انتخابيتين متتاليتين على ان يحق له الترشيح لمنصب النقابة بعد مرور دورة انتخابية واحدة). ئەمڕۆ لە کۆبوونەی فراکسیۆن زۆربەی برادەران رایان وا بوو کە ئەو بەستنەوەیە نەمێنێت و دوەرەی انتخابی بە رەهایی بمێنێتەوە لەبەرئەوە ئەو بڕگەیە پێویستە لاببرێت ئێمەش لاریمان نییە ئەو بڕگەیە لە بنەڕەتەوە لاببرێ (لا يحق للنقيب البقاء في منصبه لاكثر من دورتين انتخابيتين متتاليتين).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان لەسەر ماددە (١٦) هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو بڕگەیە بمێنێت باشترە، لەبەرئەوەی سەندیکا خۆی داوای کردووە وەزارەتی تەندروستی رازیە لەسەری، لایەنێکی تریشی تێدایە ئەویش ئەوەیە کە زیاتر دیموکراتییەت لەناو سەندیکا هەبێت، لەو مونتەلەقەوە من بەباشی دەزانم بمێنێتەوە ئەوەش جێ دێلین بۆ رای پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. رای لیژنەی یاسا بەو شێوەیە کە ئەو مەرجە لابیرێت رای بەڕێز کاک عەبدولخالقیشتان بیست تێبینی تریش نییە. کەواتە مادده (١٦) دەخەینە دەنگدانەوە.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی راو بۆچوونی لیژنەی یاسا دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە..

زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

دێینە سەر مادده (١٧).

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السابعة عشرة:

اولاً: يتم النصاب في المجلس بحضور اكثرية الاعضاء وتصدر القرارات بأغلبية اصوات الحاضرين وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب.

ثانياً: اذا شغر مركز النقيب لاي سبب كان يحل محله نائبه او السكرتير اذا كان مركز نائب النقيب شاغراً وذلك للمدة المتبقية.

ثالثاً: اذا شغر احد مراكز المجلس لاي سبب كان فيحل محله عضو من بين الاعضاء الاخرين عن طريق الاقتراع السري ويحل محل الاخير احد الاعضاء الاحتياط الاكثر صوتاً.

رابعاً: اذا شغرت مناصب اكثرية اعضاء المجلس (عدا رؤساء الشعب) فعلى المجلس دعوة الهيئة خلال شهرين للاجتماع لانتخاب من يملؤها بنفس الطريقة المبينة في هذا القانون للمدة المتبقية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمون رای لیژنەی یاسا بدەن.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تێبینییەکانی ئێمە بە هەڵەدا لە چاپ هاتووە (على ان لا تقل المدة المتبقية للدورة على السنة)، ئێمە لەگەڵ ئەسڵی ماددەکەداین و هیچ تێبینیمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی خزمەتگوزاری راتان چییە؟.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەکەمان بەو شێوەیە:

حذف عبارة(عدا رؤساء الشعب)في البند رابعاً من المادة(١٨)حيث لامفاد لها وكذلك في الفقرة(١٩)من المادة(٢٠)من المشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش ئاماژەم بۆ کردووە (عدا رؤوساء الشعب) لاببرێت چونکە ئەندامی ئەنجومەن نین، ئەمەش دەرئەنجامە لە داڕشتندا چارەسەر دەکرێت.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە لەسەر ئەم ماددەیە تێبینییان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە.

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من لەسەر (المدة متبقية)یە ئەگەر هات و دوای دەورەی انتخابی دەستی پێ کردو نەقیب هەڵبژێردرا دوای دوو مانگ بەهەر هۆیەک بێت نەما (مرد، بەند کرا، نەما) گرنگ شوێنەکەی شاغیر بوو مەعقولە دەورەیەکی تەواو جێگرەکەی جێی بگرێت؟، لەبەرئەوە من بەباشی دەزانم ماوەیەکی دیاری کراوی بۆ دابنرێت للمدە المتبقیە ٦ مانگ، ٥ مانگ، ٤مانگ.. ئەگەر بێت و پێنج شەش مانگ مابێت بۆ دەورەی انتخابی ئەوە مەعقولە جێگر جێی بگرێتەوە، ئەگەر زیاتر بێت من بەباشتری دەزانم (الهيئة العامة) کۆببێتەوە جارێکی تر نەقیب هەڵبژێردرێت، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو باوە ئەنجومەنەکانی سەندیکا ئەندامی ئەسڵی و یەدەگی هەیە ئێستا لە بڕگە (٣)دا هاتووە (اذا شغر احد مراكز المجلس لاي سبب كان فيحل محله عضو من بين الاعضاء الاخرين) ئەو (الاخرين) بکرێت بە (اصليين) روونتر دەبێت.

لیژنەی یاسا بڕگە (٢ و ٤) داڕشتنی نوێی بۆ کردووە وابزانم سیاغە نوێیەکە لەو ماددەیە نەخوێنرایەوە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرمون وەڵامیان بدەنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تێبینییەکانی برای بەڕێزمان د. رزگار لە هەندێک سەندیکا هاتووە سەبارەت بە (شغور) دەڵێت ماوەکە لە ساڵێک کەمتر نەبێت ئەگەر هات و هەڵبژاردن دووبارە بکرێتەوە ئەگەر لە ساڵێک کەمتر بوو ئەوا جێگر بە کارەکە هەڵبستێت هەتاکو دەگاتە کۆتایی دەورەی انتخابی.

سەبارەت بە تێبینی برای بەڕێز کاک بورهان پێی ناوێت بگوترێت (العضو الاصلي)، چونکە ئەندامی یەدەگ ئەسڵی نینە ئەگەر یەکێک شاغر نەبێت نابێتە ئەسڵی کە ئێمە دەڵێین (مجلس النقابة) مانای وایە ئەوانەی ئەسڵییەکانە، کە یەکێک لەوانە شاغر بوو بێگومان یەدەگەکە دێتە جێگای ئەو کاتە دەبێتە ئەسڵی، لەبەرئەوە پێی ناوێت ئەو تەعبیرە بەکار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیاد لەسەر ئەوەی برای بەڕێزم کاکەرەش روونی کردەوە لێرە دەڵێن (اذا شغرت اکثریة مراکز اعضاء مجلس النقابة) واتا نەک یەک ئەندام، ئەگەر هاتوو زۆربەی ئەندامان جێگاکەیان شاغر بوو ئەوجا ئەو مەبدەئە دێتە کایەوە، سوپاس.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لیژنەی یاسا بڕگە (٢)یان لاداوە، ئەویش جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی ئێستا کاک شێروان فەرموی، ئەمە یەک ئەندامە، ئەوانی تر اکثریە الاعضاء، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی چاکە هەمووی بخوێننەوە (١، ٢، ٣، ٤) ئەم قسانەی کە باسی دەکەن هەمووی تێدایە جەنابت بیخوێنەوە ئینجا دەستت بەرز بکەرەوە.

د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا وەکو کاکەرەش باسی کرد دەربارەی (المدة المتبقیة) روون نییە، نازانم لەگەڵ مادەکەدان یاخود دژن؟!، گریمان ئەو ماوەیە دوو ساڵ و هەشت مانگ مایە واتا دوای دوو مانگ لە دەورەی انتخابی نەقیب نەما لەبەر هەر هۆیەک بێت ئایا ئەو ماوەیەی کە ماوە جێگر لە جێگای دەبێت تا دەرەیەکی انتخابی تر؟، لەبەرئەوە من بە پێویستی دەزانم ماوەیەکی دیاری کراو دابنرێت ئەگەر هات و پێنج شەش مانگ مابێت لە دەورەی انتخابی ئەوە گرفت نییە، بەڵام ئەگەر ساڵێک یان دوو ساڵ مابێت من بەپێویستی دەزانم (الهیئة العامة) جارێکی تر کۆببێتەوە، سەر لە نوێ هەڵبژاردن بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی کە جێگر دادەنرێت بۆئەوەیە کە جێگای سەرۆک بگرێتەوە هەر کاتێک بێت ماوەکە دیاری ناکریت لە هیچ یاسایەکدا سەبارەت بە یەک کەس لە سەندیکاکانەوە دیاری کردنی ماوە ناکرێت، بەڵام ئەو خاڵەی کە هاتووە دەڵێت (اکثرية اعضاء المجلس) ئەوە حسابێکی ترە ئەو کاتە دیاریان کردووە کە دەبێت لە ساڵێک کەمتر بێت ئەگینا دەبێت دەورەکە بکرێتەوە، بەڵام سەبارەت بە نەقیبەوە وایان نەکردووە، ئەوە لە جێگای خۆیەتی.

فەرمو کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم بڕگە (٣)یە ثالثاً: اذا شغر احد مراكز المجلس لاي سبب كان فيحل محله عضو من بين الاعضاء الاخرين عن طريق الاقتراع السري ويحل محل الاخير احد الاعضاء الاحتياط الاكثر صوتاً. مەبەستی من ئەوەیە الاخرين بكرێت بە الاصليين، چونکە لە بڕگەی (٤)دا هاتووە (اذا شغرت مناصب اكثرية الاعضاء في المجلس)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مراكز المجلس واتا جێگری سەرۆک واتا سکرتێر روونە بیخوێنەوە.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێدەگەم لە قەسدی پرۆژەکە ئەسڵی نییە نەقیبە جێگرەکەیەتی سکرتێرە بڕگە (٤) مەبەستی ئەوەیە، بەڵام بڕگە سێ دەڵێت احد اعضاء الاصليين.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە (٣) دەڵێت (اذا شغر احد مراكز المجلس) مراكز المجلس وەکو سەرۆکی ئەنجومەن فەرمووی نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێر و ئەمین سەندوق دەگرێتەوە کە ئەوانە شاغر بوو یەک لە ئەندامەکانی تر دێتە جێگای ئەوان لەو ئەندامانەی کە ئەندامی ئەنجومەنن ئەسڵی دێت چونکە احتیاط ئەندامی ئەنجومەن نییە، کەی یەکێک لاچوو ئەو دێت دەبێتە ئەندام ئەو کاتە ئەویش دەتوانرێت هەڵبژێردرێت، بەڵام ئەندامی یەدەگ هەڵنابژێردرێت و ئەوەی پێ ناوێت چونکە ئەسڵی نییە، ئەندامی یەدەگ لە حاڵەتێک ئەندامانی ئەنجومەن هەمووی نەما ئەوجا دێتە جێگای ئەو ئەگینا بۆ یەدەگ بێتە جێگای ئەمینی سەندوق؟، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم خاڵە روونە، چیتر گفتوگۆی پێ ناوێت. هیچ تێبینی تر هەیە؟. دەیخەینە دەنگدانەوە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

ماددە (١٨) بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثامنة عشرة:

يعتبر عضو المجلس او احد لجانه مستقيلاً اذا تغيب عن حضور ثلاث جلسات متتالية او خمس جلسات متفرقة خلال السنة بدون عذر مشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرمون.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینمان نییە، چونکە شکلیاتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی نییە؟. دەیخەینە دەنگدانەوە بەو شێوەیەی کە لە پرۆژەکە هاتووە. تکایە کێ پەسندی دەکات دەستی بەرز بکاتەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە. بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة التاسعة عشرة:

يتولى مجلس النقابة الاختصاصات التالية:

١- العمل على تحقيق اهداف النقابة.

٢- قبول انتماء الاعضاء ومنعهم من ممارسة المهنة.

٣- ادارة شؤون النقابة وتنفيذ الخطط والبرامج.

٤- دعوة الهيئة العامة للاجتماع وتنفيذ قراراته.

٥- الاشراف على الفروع وتامين انسجام نشاطاتها.

٦- اعداد الموازنة السنوية وادارة مالية النقابة.

٧- اقتراح احداث فروع النقابة.
٨- الاشراف على تنظيم ممارسة المهنة في العيادات الخاصة.
٩- تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة.
١٠- اختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في حالة عدم تمثيلها من قبل النقيب.
١١- احالة القضايا والشكاوي التي ترد اليه الى اللجان المختصة.
١٢- المساهمة في تقديم الاقتراحات بشأن التشريعات والخطط والبرامج الصحية في الاقليم.
١٣- تشكيل لجان فرعية لتحقيق اغراض هذا القانون.
١٤- اقرار تملك الاموال والعقارات وقبول الهبات والمنح وشروط الاقراض وتقديم المساعدات المالية ضمن اغراض النقابة.
١٥- الاعداد للانتخابات.
١٦- منح اجازة مزاولة المهنة.
١٧- البت في استقالة النقيب او اي من اعضاء المجلس او لجان النقابة او ماشابهها على ان تعرض على الهيئة العامة في اول اجتماع لها.
١٨- تأسيس وادارة نوادي النقابة وفقاً لقانون الجميعات.
١٩- تخويل بعض صلاحياته للنقيب او لجان الشعب او رؤساء الفروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرمون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئێمە لەسەر ماددەکە ئەوەیە:

نقترح اعادة تبويب هذه المادة لتكون بفرعين وكالاتي:

اولاً: يتولى مجلس النقابة الاختصاصات التالية بحيث يشمل ذلك جميع الفقرات الواردة في المادة (٢٠) من المشروع اعتباراً من تسلسل (١) والى تسلسل(١٨)مع اضافة فقرة جديدة اليها ليكون تسلسلها (١٩) ضمن الفقرة وتصاغ كالاتي:

١٩- ( قبول الهبات من الجهات الاجنبية وبموافقة مجلس الوزراء).

ثانياً: تخويل بعض صلاحياته للنقيب او رؤساء الفروع.

لەسەرئەو ئەساسەی تێکەڵ نەبێت لەگەڵ (الاختصاصات) وەکو دوو برگە بەو پێیەی ئەوان وەکو ئامانجە، ئەوەش وەکو کارێکی دەسەلات پێدانە لە رووی تەبویبەوە حەزمان نەکرد لەسەر هەمان برگە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی خزمەتگوزاری فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگە (١٩) رامان وایە (لجان و شعب) لابدرێت و ئەوەی تریش رازین لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر زەحمەت نەبێ روونتری بکەوە.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تخویل بعض صلاحیاتە للنقیب او لجان الشعب أو رؤوساء الفروع). لێرە (لجان الشعب) نییە داوا دەکەین لاببرێت باقی بڕگەکە ئێمە لەگەڵی داین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا راتان چییە بەرامبەر بەئەوە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەر لامان بردووە لە خوێندنەوەکە نەبوو، بەم شێوەیە بوو (تخویل بعض صلاحیاتە للنقیب او رؤوساء الفروع).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە لەسەر دوا شت کە خۆیان ئیزافەیان کردووە کە نەقیب هبات وەربگرێت بە چ حەقێک رێگا بدرێت هبات لە دەرەوە وەربگرن هەتا ئەگەر دوای رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانیش بێت؟، بۆ هیچ سەندیکایەکی تر شتی وا نەکراوە، بۆچی وەزارەتی تەندروستی یان حکومەت خۆی وەری نەگرێت؟ بۆ رێگا بدرێت بە سەندیکا وەریبگرێت؟ من لەگەڵ ئەو ئیزافەیە نیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ سوپاس. کاک عەبدولخالق فەرمو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر برگە (٧) هەیە (اقتراح احداث فروع للنقابة)، پێشنیار بۆ کێ بکرێت دەبێت بگوترێت (احداث فروع النقابە)، چونکە لایەنێک نییە پێشنیاری بۆ بکات هەتا موسادەقەی لەسەر بکات ئایا پێشنیار دەکرێت بۆ (الهیئة العامة)؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(تشکیل الفروع) لە دەسەڵاتی (الهیئة العامة)یە.

د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر برگەی (٦) من ئیزافەیەکم هەیە (وتعیین محاسب قانوني لتدقیق الحسابات)، لەسەر دوا برگە (وموافقه مجلس الوزراء)پێشنیار دەکەم بکرێت بە (اشعار مجلس الوزراء)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان تێبینیم هەیە لەسەر برگە (٧) کە باسی (اقتراح) دەکات لە مەوزوعی هیئە نەهاتووە لە راستیدا لە سەندیکاکانی تر وشەی (تأسیس) هاتووە لە باسی سەندیکاکانی تر دەڵێت (تأسیس فروع النقابة في المحافظات)، چونکە ئێستا من تەماشای (مهام الهیئه العامه)م کرد لە ئەرکەکانیدا (تأسیس الفروع) نییە، چونکە (الهیئه العامه) لەوانەیە سێ ساڵ جارێک بێت ئەمساڵ پێشنیاریان کرد کە (٥٠) کەس لە پارێزگایەک هەبوو سەندیکا ئەو دەسەڵاتەی هەیە کەوا (تأسیس) بکات و ئیعازیان دەداتێ کەوا کۆنفراسێک بۆخۆیان بکەن و هەڵبژاردن بۆ خۆیان بکەن. (اقتراح) بۆ هیچ لایەنێک ناکات چونکە لە برگەکانی تر هاتووە (فرع ٥٠ ئەندامی تێدا بێت) یان لیژنە ١٠ کەسی تێدا بێت مافیان هەیە کە فرع بۆ خۆیان دروست بکەن ئەمە لە ماددەکانی تر هاتووە، لە یاساکانی تریش کە دەرچووە ئێستا من یاسای سەندیکای ئەندازیارانم لە بەردەست دایە خوێندمەوە دەڵێت (تأسیس فروع النقابة في المحافظات) لە ئەرکەکانی ئەنجومەنە و (اقتراح) نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسا تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تێبینییەکانی ئێمە لە مادده (٢٢) هاتووە سیاغەمان کردووە دەڵێت: (للنقابە فتح فروع لها فی کل محافظە من محافظات الاقلیم) کە گوتمان نقابە مانای وایە (الهیئە العامە) ئەساسی نقابەیە مانای وایە کاتێک پێشنیار دەکات بۆ (هیئە العامە) دەیکات بۆ ئەو دورە ئیستسنائییە کە داوا دەکرێت هیئە عامە ئەو کۆبوونەوەیە ئیستسنائییە بکات کە گوتمان (الهیئە العامە) واتە ئەو نوێنەرایەتی سەندیکا دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگە (٦) هەروەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە لێرە تەنیا (اعداد الموازنة السنویة) هاتووە پێویستە لەو بڕگەیەدا (اعداد الحساب الختامي)یش لەو بڕگەیەدا هەبێت و بڕگەکە بەو شێوەیە بێت:

(إعداد الموازنە السنویە والحسابات الختامیە وإدارە مالیە النقابە) چونکە چۆن ئەنجومەن موازنە ئامادە دەکات هەروەهاش دەبێت (حسابات ختامي) ئامادە بکات، ئەمە یەک.

دوو، باسی هبات و منح کراوە بە شێوەیەکی گشتی لە بڕگە (١٤) هاتووە (إقرار تملك الاموال والعقارات وقبول الهبات والمنح)، پێویست ناکات لیژنەی یاسا لە بڕگەیەکی تر (الهبات الاجنبیة) داخل بکات چونکە خۆی لە بڕگە (١٤) هبات و منح هاتووە، بۆ بەشێوەیەکی زەق لە شوێنێکی تر (الهبات الاجنبیة) زیاد بکرێت؟ ئەوە بۆ هیچ سەندیکایەکی تر نەهاتووە، هەروەکو بەڕێز فرەنسۆ هەریری سەرۆکی کوتلە فەرمووی بۆ هیچ شوێنێکی تر نەکراوە، ئەو دەرگایەش نابێت بکرێتەوە، لە بڕگە (١٤) بەشێوەیەکی گشتی (المنح والهبات) هاتووە.

لەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەی یاسا تێبینییەکم لەسەر بۆچوونی لیژنەی یاسا هەیە کە دەڵێت (تخویل البعض من صلاحیات المجلس للنقیب)، نەقیب خۆی دەسەڵاتی خۆی هەیە، فروع دەسەڵاتی خۆی هەیە، ئەگەر دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنیش هەندێک بۆ ئەوان بچێت بەڕای من هەندێک دیکتاتۆریەت پەیدا دەبێت و زیاتر بۆ شەخسی نەقیب دەڕوات، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئەو بڕگەیە نەبێت (تخویل البعض من الصلاحیات الی النقیب او الفروع) و ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە تەنیا بڕگەی شەشەم ببێتە (إعداد الموازنة السنویة والحسابات الختامیة وادارة

مالية النقابة)، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ماددەکە لە پرۆژەکە هاتووە رەنگە کاک جەمیل تێبینیی نەکردبێ لە برگە (١٩) دەڵێت (تخويل بعض صلاحياته للنقيب) ئێمە ئیزافەمان نەکردووە، بەرای ئێمە بەو پێیەی ئەوانی تر لە زمنی اهدافە ئێمە کردمانە برگەیەکی سەربەخۆ نەک زمنی (١٩) بێت. بابەتی هباتیش، هبات لە هەموو دونیا هەیە لەوانەیە دەزگایەکی تەندروستی لە دەرەوە دەیەوێت (١٠) کۆمپیوتەر بداتە سەندیکای پزیشکان، بەرای ئێمە ئەگەر رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وەرنەگرێت راستەوخۆ وەرینەگرێت، بەڵام کابرایەکی خێرخواز لە ناو شاری هەولێر، یان لە شاری دهۆک دەیەوێت خانوویەک بکات و بیداتە سەندیکا بۆ مافی نەبێت ئەو هبەیە وەربگرێت؟ لەبەرئەوە هبەکان بە رەهایی هاتووە، بەڵام هباتی ئەجنەبی کە لە دەرەوەی سنووری هەرێمە تەنیا دەبێت بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بێت کە ئەوەش بە مەبەستی ئەوەیە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ریکخراوەکانی دەرەوە حکومەت ئاگاداری بێت، سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوە کە کاکەرەش فەرمووی لەوانەیە وەزارەت بەخشینی بیانی قبوڵ نەکات، ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران لەسەری رازی نەبێت، چونکە ئەو بەخشینە مەبەستی چییە! کە دەدرێتە ئەو لایەنە، پاشان کاک جەمیل دەفەرموێ لە هیچ یاسایەکی تردا نەهاتووە، لە یاسای سەندیکای ئەندازیاراندا لە برگە«٣»ی ماددەی «٢٣»دا کە دەڵێت:« المنح المقدمة من الجهات الرسمية والتبرعات والهبات المقدمة من الجهات الاخرى بعد موافقة الجهات الرسمية» تەنها لێرە «جهات الرسمية» بووە بە ئەنجومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وتم وشەی «الجهات الاجنبية» لە هیچ جێگایەک نەهاتووە و، من سوورم لەسەر ئەوە، ئەوەی کە بەڕێز کاک محەمەد خوێندیەوە لێرەشدا لەبرگەی «١٤»دا هاتووە، بەڵام بۆ لە برگەکەی تردا بەتایبەتی باس لە بەخشینی بیانی دەکات کە لە هیچ یاسای سەندیکایەکی تردا نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە «الحسابات الختامية» ئێمە هیچ لاریمان نییە کەوا بخرێتە سەر برگەی «٦» و، ئەوەی د.رزگاریش کە دەڵێت مافی دامەزراندنی «المحاسب القانوني»ی، ئەگەر دەسەڵاتی ئەنجومەنی سەندیکا بخوێنێتەوە لە ماددەی «٧»دا دەڵێت:«تعيين العاملين في النقابة»و، ئەگەر ئەوەیش نەیگرێتەوە دەتوانێت سەندیکا بە دەست بەندی «المحاسب القانون»ی بگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دیارە ئەو تێبینییانە ڕەچاو کران، تێبینی تر نییە؟، تکایە هەموارە تازەکان بخوێنرێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە «٦» بەم شێوەیەی لێ دێت:«إعداد الموازنة السنوية والحسابات الختامية وإدارة مالية النقابة»، برگە «١٤» بەم شێوەیەی لێ هات« إقرار تملك الاموال والعقارات وقبول الهبات والمنح وشروط الاقراض وتقديم المساعدات المالية ضمن أغراض النقابة بعد موافقة الجهات الرسمية» ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا لارییەک هەیە، چونکە ئەوە هەمووی دەگرێتەوە، یان پێشی خەن، یاخود «قبول الهبات والمنح» جیا کەنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی «الهبات والمنح» لە دوو جێگاوە دێت، یا لە وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیرانەوە دێت، یا لە دەرەوە دێت، ئەوەی لە حکومەتی هەرێمەوە بێت ئەوە سەر بەو وەزارەتە دەبێت و ڕەزامەندی لەسەرە، بەڵام ئەوەی لە دەرەوە دێت دەبێت ڕەزامەندی لایەنە ڕەسمییەکانی لەسەر بێت، ئێمە لێرەدا وشەی بیانی لادەبەین و دەیکەین بە لایەنە ڕەسمییەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەرگرتنی «الهبات والمنح» لەگەڵ «ورود»دا جیاوازە، هاتووی«ورود»ی ڕەزامەنی ئەنجومەنی وەزیرانی پێویستە و لە دارایی سەندیکاوە هاتووە و لێرەدا ڕەهایە، دەبێت وەرگرتنی « الهبات والمنح والمساعدات» گشتی بێت، دووەم سەبارەت بە تازەکردنەوەی لقەکانی سەندیکا دەبێت لێرە «تاسیس» دابنرێت، چونکە لە مادده «٢»ی یاساکەدا هاتووە و دەڵێت:«ولها ان تفتح فروعا في مراكز المحافظات» لەوێ مافی سەندیکایە، بەڵام دامەزراندنەکەی مافی ئەنجومەنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ئەو بڕگەیە وەکو یاسای سەندیکای ئەندازیارانی لێ بکەین، لە یاسای سەندیکای ئەندازیاران بڕگە «٣» لە ماددەی «٢٣»دا دەڵێت:« المنح المقدمة من الجهات الرسمية والتبرعات والهبات المقدمة من الجهات الاخرى بعد موافقة الجهات الرسمية» ، واتا لێرە یەک بڕگەیە بەڵام دوو بەشە ، یەکەم بەخشینی ناوخۆیە و، دووەم بەخشینی دەرەوە بە ڕەزامەندی لایەنە ڕەسمییەکان،ئەوەی ئێرەش وەکو ئەوەی سەندیکای ئەندازیاران لێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئێمە بەم شێوەیەیە، (إقرار تملك الاموال والعقارات وقبول الهبات والمنح وشروط الاقراض وتقديم المساعدات المالية ضمن أغراض النقابة) بڕگە سەربەخۆکەش (قبول الهبات بموافقة الجهات الرسمية) ، (هبات) لە بڕگە «١٤» هەڵدەگرین و دەیکەین بە بڕگەیەکی سەربەخۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ڕازی بوونەکە بۆ بەخشینە بیانییەکان گرنگە، بەڵام نەخرێتە سەندیکاوە باشترە، چونکە لایەنە ڕەسمییەکان لاریيان نابێت لە وەرگرتنی بەخشینی ناوخۆ و بیانیش تەنها ئەگەر مەرجێکی تیادا نەبێت، لیژنەی یاسا دووبارە داڕشتنەوەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە «٦»ئەم گۆڕنکارییەی بەم شێوەیە دێتە سەر،(إعداد الموازنة السنوية والحسابات الختامية وإدارة مالية النقابة)، برگەی «٧»یش وای لێ هات:(إعداد فروع النقابة)، برگەی «١٤»ە دەبێتە(إقرار تملك الاموال والعقارات وقبول الهبات والمنح وشروط الاقراض وتقديم المساعدات المالية ضمن أغراض النقابة)، برگەی «١٩»(قبول الهبات بموافقة الجهات الرسمية)، جا ئەو (الهبات)ە رەهایە ناوخۆ بێت، یا بیانی بێت،برگە «٢»ش (تخويل بعض صلاحياته للنقيب أو رؤساء الفروع)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی «١٩» بەتێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەر کرا وئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددە «١٩»دایە بەو شێوەیەی کە لیژنەی یاسا خوێندیەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٢٠» کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العشرون :

إضافة الى ما يخوله به مجلس النقابة من إختصاصات يتولى النقيب ما يلي:

أولاً:

١ـ تمثيل النقابة امام الجهات كافة.

٢ـ تنفيذ قرارات مجلس النقابة.

٣ـ دعوة الهيئة العامة للاجتماع بناء على قرار مجلس النقابة.

٤ـ رئاسة اجتماع الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٥ـ توقيع مستندات إيداع وصرف اموال النقابة.

٦ـ إعداد الموازنة السنوية والتقرير النهائي للحسابات الختامية والتقرير السنوي عن نشاطات النقابة وتقديمها الى مجلس النقابة في الموعد المحدد.

٧ـ تعيين العاملين في النقابة وفق الملاك المصدق من قبل مجلس النقابة وتطبيق ما يتعلق بأمور خدماتهم وإنضباطهم.

ثانياً: للنقيب تخويل إختصاصاته الى نائبه أو أحد أعضاء مجلس النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکتان نییە؟. نییە، لیژنەی خزمەتگوزاری فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا هـادی خـــضـــر کـــوێخـــا:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

داڕشـتنی یەکـەمـمان بەم شـێـوەیە لێ کـردووە، (إضـافـة الی مـا یخـوله بە مـجلس النقـابة من إختصاصات یتولی النقیب)،ئـەو ( یتولی النقیب)ەمان هێشـتووەتەوە ئەوی ترمان هەڵگرتووە، چونکە نەقیب بێ لەو دەسەلاتەی کە هەیەتی بۆیشی هەیە دەسەڵاتی خۆی بداتە ئەو کەسانەی کە دیاری کراون لە ماددەکەدا، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە با ناونووسی خۆیان بکەن، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جــــــەمــــــیل عـــــــەبدی سندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بڕگە «٦»ی ماددەی پێشوویش «إعداد المیزانیة» و، هەروەها لەم ماددەیەشدا دەسەڵاتی نەقیب دیسانەوە ئەوەی بڕگە «٦» دەگرێتەوە و، بە رای من بڕگە «٦» بەم شێـوەیەی لێ بێت(إعـــداد الموازنة السنویة والتقریر النهائي للحسابات الختامیة) لێ هەڵگیرێت و تەنها(التقریر السنوي عن نشاطات النقابة وتقدیمها الی مجلس النقابة في الموعد المحدد)بمێنێتەوە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قـــاسم مــــحـــــمــــەد قـــاسم:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

هەر هەمان تێبینیم هەبوو، بەڵام لێرەدا ئیلتیباسێک دروست دەبێت، چونکە دوو میزانیە دروست دەکرێ، یەکێکیان لەلایەن نەقیبەوە و ئەوی تریشیان لەلایەن ئەنجومەنەوە، جا ئەگەر لێرە لیژنەی یاسا زیاتر ڕوونی بکاتەوە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

سوپاس، لێرەدا نەقیب ئامادەی دەکات و پێشکەشی ئەنجومەنی دەکات و، ئەنجومەنیش پەسەندی دەکات و، پێشکەشی دەستەی گشتی دەکات و، هیچ گرفتێکان لێرەدا نییە، لە هەمـوو شوێنێک کە مـیزانییە ئامادە دەکرێت بۆ نموونە لە حکومەت کە مـیزانییـە ئامادە دەکرێت دەنێـردرێت بۆ وەزارەتی دارایی و، لەوێشەوە ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت و، لە ئەنجومەنی وەزیرانیش هەرچەندە پەسەندی دەکات، بەڵام هەر ئامادە کردنە تادەگاتە پەرلەمـان و لێرە پەسەند دەکرێت، ئەویش بە هەمـان شێوەیە دەبێت، تێبینیی تر هەیە؟، نییـە، کـەواتا مـاددەی «٢٠» دەیخـەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٢٠»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ

نییە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٢١» فەرموو.

**بەڕێز شــــێـــــروان ناسح حــــــەیدەری:**

المادة الحادية والعشرون:

يستحدث فرع للنقابة في كل محافظة يكون عدد الاعضاء فيها لايقل عن خمسين عضواً ولجنة نقابية في كل قضاء لايقل عدد الاعضاء فيها عن عشرة واختصاصاتها كما يلي:

١- يعقد كونفراس الفرع في مقره اجتماعاً اعتيادياً واحداً في السنة ويتم في الجمعة الاولى من شهر شباط واذا لم يكتمل النصاب بسبب عدم حضور الاكثرية يعقد الكونفراس في يوم الجمعة التالي من شهر شباط مهما بلغ عدد الحضور.

٢- يعقد كونفراس الفرع اجتماعاً استثنائياً كلما قرر مجلس النقابة ذلك او بناءً على طلب تحريري سبب من ربع اعضاء الفرع.

٣- يوجه رئيس الفرع الدعوة للاجتماع قبل عشرة ايام من موعده المحدد على الاقل.

٤- اذا لم يوجه رئيس الفرع الدعوة للاجتماع في الموعد المحدد يعقد كونفراس الفرع تلقائياً في الاسبوع الاول من شهر شباط ذاته.

٥- يرأس اجتماع لجنة الفرع رئيسه، وعند غيابه يقوم بذلك احد اعضائها او من يخوله رئيس الفرع.

٦- يتولى كونفرانس الفرع ادارة شؤونه وبالاخص:

أ- انتخابات رئيس الفرع واعضاء مجلس الفرع.

ب- مناقشة التقرير السنوي والمصادقة على الحسابات الختامية.

ج- سحب الثقة من رئيس الفرع واعضاء مجلس الفرع.

د- النظر في جميع امور المهنة والاقتراحات المتعلقة بها وتقديم التوجيهات بشأنها الى مجلس النقابة.

٧- مدة دورة مجلس الفرع سنتان.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــــومـــــەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــەن.**

تێبینییەکانی لیژنەی یاسا بەم شێوەیەیە:

تقترح اللجنة صياغة المادة مجدداً وعلى الوجه الاتي:

١- للنقابة فتح فروع لها في كل محافظة من محافظات الاقليم.

٢- يرأس اجتماع الفرع رئيسه وعند غيابه يقوم بذلك اكبر الاعضاء سناً.
٣- مدة دورة الفرع ثلاث سنوات من تاريخ اجراء الانتخابات.
ئەو بڕگەنەی تر لە ماددەی «٢٢» چارەسەر كراوە بۆیە زۆربەمان لێی لاداوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی خزمەتگوزاری فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر كوێخا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەكەمان پێشنیار دەكات كەوا ئەم ماددەیە ڕەوانەی پیرەوی ناوخۆ بكرێت و لە جێگای ئەو ئەم دەستەواژەیە دابنرێت:
تدار شؤون الفرع من قبل هيئة تتألف من خمسة اعضاء اصليين وعضوين احتياط مارسوا المهنة لمدة لاتقل عن سبع سنوات وينتخبون بالاقتراع السري من قبل اعضاء الفرع.)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی كە تێبینییان هەیە تكایە ناونووسی خۆیان بكەن، كاك ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی بۆ ئەم پرۆژەیە و هەموو پرۆژەكانی تریش ئێمە سوودمان لە یاسای سەندیكاكانی مەركەزی وەرگرتووە و، ئەمە شتێكی زۆر ڕەوایە و، ئەو شتەی كەوا لەگەڵ سیسەتەمی ئێمە نییە و دیموكراتی نییە گۆڕیومانە، بەڵام وا سەرنج دەدەم ئەم پرۆژەیە بەتایبەتی دوو شتی تێكەڵ كردووە ئەویش یاسا و پیرەوی ناوخۆ، لە یاسای مەركەزی دەبینین بابەتی لقەكان هەمووی لە پیرەوی ناوخۆدا هاتووە، وابزانم پێویست ناكات ئەمانە لە یاسای سەندیكادا هەبێت بەڵكو لە پیرەوی ناوخۆدا ببێت، چونكە لە ئەنجومەن بە وردی باس كراوە و، ئەنجومەن لیژنەیەكی باڵاترە، لقیش با بڕواتە پیرەوی ناوخۆ و، ماددەكەی پاش ئەم ماددەیە كە دەكاتە ماددەی «٢٣» (يجري إنتخاب رئيس الفرع حسب الضوابط المبينة في النظام)كەواتا لە پێڕوی ناوخۆدا هاتووە و، لە یاسای سەندیكای ئەندازیاراندا زۆر بە كورتی باسی لێوە كراوە ولە ماددەی «٢١»دا كە دەڵێت: (١ـــ تنتخب لجنة الفرع من قبل الاعضاء باقتراع سري. ٢ـ تتألف لجنة الفرع من رئيس و أربعة أعضاء و عضو إحتياط)ئەوە تەنها باسی لقەكان دەكات، ئەوی تر هەمووی دەچێتە پێڕەوی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، ئەوی ویستم بیڵێم روون کرایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینیم لەسەر بڕگەی«٧» هەیە، کە دەڵێت دەبێت ماوەی ئەنجومەن «٣» ساڵ بێت، هەر وەکو لیژنەی یاساش وتی، چونکە ماددەی «١١» سێ ساڵی داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیتان نییە؟، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تێبینییەکەی کاک ئیبراهیم ئێمەش ئەو خاڵەمان ڕەچاو کردووە و، زۆربەی زۆری خاڵەکانمان ڕەوانەی پێڕەوی ناوخۆ کردووە و، کورتکراوەکەشمان وەرگرتووە و کردوومانە بەڕای لیژنەی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کەس تێبینیی تری هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کەوا ئەم بڕگەیە بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی کەوا هەمووی بچێتە پێڕەوی ناوخۆ و لەوێ جێگای خۆی بکاتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ڕاتان لەگەڵ ڕای لیژنەی یاسادایە.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر ، ئەوان ئەم دوو بڕگەیەیان جیا کردووەتەوە، من لەگەڵ ئەوە نیم، بەڵکو هەموو بڕگەکە بچێتە پێڕەوی ناوخۆ، لەجیاتی ئەم بڕگەیە ئەوە دابنرێ کە ئێمە پێشنیارمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تازەکردنەوە نابێت بچێتە پێڕەوی ناوخۆوە، چونکە تازەکردنەوە دەبێت بە یاسا بکرێت، بەڵام دەتوانین بڵێین: (تستحدث فرع للنقابة في كل محافظة وفقا للنظام الداخلي) جا لە پێڕەوی ناوخۆدا خۆیان چ جۆرە مەرجێکیان بۆ دادەنێن ئەوە بۆی دانێن و روونی بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا جارێکی تر بۆمانی بخوێننەوە کەوا چی لێ هات، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە ماددەکە بەم شێوەیەی لێ بێت: (يستحدث فرع للنقابة في كل محافظة وفقا للنظام الداخلي) ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە بەڕێز کاکەرەش خوێندیەوە زۆر رێکە، بەڵام دەبێت لیژنەی قەزایش باس بکرێت، وەکو ئەوەی فەرمووی دەبێت دروست کردنی لقەکان بە یاسا بکرێت، بە رای من هەر هەمان بڕگە ئەمەی بخرێتە سەر (يستحدث فرع للنقابة في كل محافظة ولجنة للنقابة في كل قضاء حسب النظام الداخلي)چونکە هەمان دیباجە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز كــاكــەرەش مــحــەمــەد نەقــشــبــەندی:**

**بــەڕێــز ســــــەرۆكــی ئــەنجــــــومــــــەن.**

لەگەڵ نەقابەو وەزارەتی تەندروستی گفتوگۆ كرا ومەوزوعی لیژنەكانی نیقابی نەما، لیژانی نیقابی صیغەیەكی وەرگیرا و بوو لە حكومەتی مەركەزی بە پێویستیان نەزانی، لەبەر ئەوە ئەوەمان هەر ئەصلەن لابرد، كردمانە فروعی محافظات، لیژنەكانی كاتیش ئەگەر نیقابە پێی بوێ بۆ هەر شتێك دەتوانێ لیژنە پێك بهێنێت ولە بۆ هەر بابەتێكی دیاریكراو دەتوانێ لیژنە پێك بهێنێت و راپۆرت پێشكەش بكات، لەسەر ئەو ئەساسە ئەو لیژنانەمان لابرد، سوپاس.

**بــەڕێــز ســــــەرۆكــی ئــەنجــــــومــــــەن:**

سوپاس، كاك د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.نـاسـح غــــــەفــــــور رەمــــــەزان:**

**بــەڕێــز ســــــەرۆكــی ئــەنجــــــومــــــەن.**

من پێم وایە ئەوە دووبارەیە لە خاڵی حەوتەمی ماددەی پێشووتر باسی لێوە كراوە چونكە گوتمان لەجیاتی (اقتراح)ەكە بوو بە (احداث) (احداث فروع النقابة) ئەگەر پێویست بە صیاغە بكات ئەو وەختە (احداث فروع النقابة وفق النظام الداخلي) بكرێت، ئەوە باشترە چونكە لێرە دووبارە دەكرێتەوە ئەگەر مەسەلەكە صیاغەیە چونكە دووبارە كردنەوەیە لەو خاڵەی پێشووتر باسی ئەوەمان كرد كە (اقتراح)ەكە لاببردرێ و بكرێت بە (احداث فروع النقابە) ئەوە ئەو وەختە وابزانم پێویست بەو ماددەیە ناكات، سوپاس.

**بــەڕێــز ســــــەرۆكــی ئــەنجــــــومــــــەن:**

سوپاس، فەرموو كاكەرەش.

**بەڕێز كــاكــەرەش مــحــەمــەد نەقــشــبــەندی:**

**بــەڕێــز ســــــەرۆكــی ئــەنجــــــومــــــەن.**

ئەوەی كاك دكتۆر فەرمووی لەوێ نابێ بێت، چونكە ئەو مەوزوعە لە مەوزوعی صلاحیاتە، مەجلیس صلاحیاتی هەیە بكاتەوە بەڵام ئێستا ئێمە بەحوكمی قانون فەرز دەكەین دەبێ فرع بكرێتەوە، فرعەكە هەیە فەرع ئینجا شێوە كۆنەكەی بە نیزامی داخلی لەبەر ئەوە یبە لە ضمنی صلاحیات هەیە مجلیس ئەو حەقەی هەیە بەڵام دەبێ فرع هەبێت ئینجا چۆنی دەكاتەوە نیزامەكە بۆی دادەنێت دەبێ لە محافظەیەك فرع هەبێت، سوپاس.

**بــەڕێــز ســــــەرۆكــی ئــەنجــــــومــــــەن:**

چونكە احتمالی ئەوەش هەیە سبەینێ فرع لەشوێنی تریش بكرێتەوە، با پارێزگاش نەبێت، شاری گەورەشمان هەیە كە لە (٥٠) دكتۆر زیاتری تێدایە یاخود سەدی تێدایە پێویست دەكات لقی

تێدا بکرێتەوە، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لیژنەی یاسا صیاغەکەی پێشووتر زۆر ڕێک وپێک بوو چونکە انتخابات وعدد اعضاء بە یاسا دادەنرێت بە نیزام داناندرێت، نیزامی داخلی اموری ناوەوەی نیقابە بەڕێوەدەبات، بەڵام عدد اعضاء الفرع ئەصلەکەو ا حتیاط ئەوە بەقانون دادەنرێت، ئەوەی کە لیژنەی یاسا دایناوە زۆر ڕێک وپێکە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من میثالی نیقابەی مهندسینم هێنا، لە نقابەی مهندسین ئەوەی کە کاک ئیبراهیم گوتی هاتووە، ئەوە باسی انتخاباتی کرد لە قانون لە دووەمدا کەدەڵێ (تتألف لجنة الفرع) با ئەوەش تحدید بکرێت، لەنیقابەی مهندسین نوسراوە رەئیس وچوار ئەندام، با لێرە چەند هاتووە لە بڕگەکەی دواییدا ئەویش اضافە بکرێت ئەو ماددەیە سێ فقرەیە یەکەم(تنتخب لجنة الفرع من قبل الاعضاء) ئەوە کردمان بە قانون لە انتخاباتدا دووەم تحدیدی عددیش با بەقانون بێت سێ یەم کە استحداثەکەش بێت، سوپاس.

**بەڕێزکاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە دەڵێین (يستحدث فرع للنقابة في المحافظة وفق النظام الداخلي) مانای وایە تۆ قوەتی قانونت دا بە نیزام داخلی، یاساکە دەڵێ کە نیزام داخلی وابكات و وابكات مانای وایە ئەو لەوێ نییە، نیزام داخلی چ بڵێت مانای وایە قوەتی قانون دەبێ چونکە ئەصلەن قانون قوەتی دەداتە نیزام داخلیەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست ویەک بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بە گشتی دەنگ وەرگیرا. ماددەی (٢٢) بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثانية والعشرون:

١- يتكون مجلس الفرع من رئيس الفرع واربعة اعضاء يتم انتخابهم كما يلي:

أ- يجري انتخاب رئيس الفرع واعضائه وتنظم كيفية ادارة امور الفرع الاخرى حسب الضوابط

المبينة في النظام.
ب- يشترط في رئيس مجلس الفرع ان يكون من سكنة الاقليم ومارس المهنة ممارسة فعلية مدة لاتقل عن (٨) سنوات.
ج- يشترط في عضو مجلس الفرع ان يكون من سكنة الاقليم ومارس المهنة ممارسة فعلية مدة لاتقل عن (٥) سنوات.
٢- ينتخب مجلس الفرع من بين اعضائه سكرتيراً ومشرفاً مالياً ومسؤولي اللجان النقابية.
٣- تتولى لجنة الفرع ادارة شؤون الفرع وخاصة الامور الآتية:
أ- تنفيذ خطة العمل المقررة في اجتماع الهيئة العامة وتعليمات مجلس النقابة وهيئة الفرع.
ب- العمل على رفع مستوى المهنة.
ج- ادارة شؤونه المالية.
د- مايخوله النقيب او مجلس النقابة من اختصاصات.
هـ- تعيين مستخدمي الفرع وتحديد اجورهم بعد مصادقة المجلس عليها.
و- اختيار من يمثل الفرع في اللجان الرسمية وغيرها في المحافظة.
ز- تشكيل اللجان الفرعية لتحقيق اغراض النقابة في المحافظة.

**بەڕێز کاکە ڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەصلی تێبینیمان دەیخوێنمەوە وتەعلیقێکمان لەسەری هەیە:
تقترح اللجنة ان تكون صياغة فقرات المادة بفرعين وكالاتي:
اولاً:
١- يتكون الفرع من (٥) اعضاء وعضوين احتياط ممن مارسوا المهنة مدة لاتقل (٥) خمس سنوات يتم انتخابهم من قبل اعضاء الفرع.
٢- يشترط في عضو الفرع ان يكون من سكنة الاقليم ومقيماً فيه.
٣- يجري انتخاب رئيس الفرع والسكرتير والمشرف المالي من بين اعضاء الفرع.
ثانياً: يتولى الفرع الاختصاصات التالية:
١- تنفيذ خطة العمل المقررة في اجتماع الهيئة العامة وتعليمات مجلس النقابة.
٢- العمل على رفع مستوى المهنة.
٣- ادارة شؤونه المالية.
٤- مايخوله النقيب او مجلس النقابة من اختصاصات.
٥- تعيين مستخدمي الفرع وتحديد اجورهم بعد مصادقة مجلس النقابة عليها.
٦- اختيار من يمثل الفرع في الدوائر الرسمية بموافقة مجلس النقابة.
ئەو ماددەیەی کە ئێستا خوێندمانەوە بە تێبینیەکانەوە ئەگەر بمێنێ هیچ اشکالێک دروست

ناكات وئەگەر نەشمێنێت بە ماددەکەی پێشتر چارەسەر کراوە (وفق النظام الداخلي)، ئەو کاتە ئەوە دەبێتە اساسێک بەرای ئێمە ئەو پێنج کەسە بمێنێ باشترە ئەوەی تر دەبێتە نیزامی تشکیلات چۆن اجتماع دەکات وەکو نیزامی داخلی و کەی اجتماع دەکات لە چ مانگێک ئەوانە لەنیزام داخلی امکان هەیە روون بکرێتەوە، ئەوەش دەبێتە اساسێکی قانونی بە نیسبەت پێنج کەس وئەو شروطانەی کە هەیە لەگەڵ اعضای فرع، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی خزمەتگوزاری تکایە ئەگەر تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئێمەوە تقریبا هەمان رامان هەیە بەڵام ئێمە دامانڕشتووە لەچەند فقرەیەکی تر کورتمان کردۆتەوە:

نقترح ان تصاغ (المادة الثالثة والعشرون)من المشروع كما يلي:

تتولى هيئة الفرع مايلي:

آ- تنفيذ خطة العمل المقررة في اجتماع الهيئة العامة وتعليمات المجلس.

ب- العمل على رفع مستوى المهنة.

ج- مايخوله المجلس او النقيب من اختصاصات.

د- ادارة الشؤون المالية للفرع.

هـ- تعيين مستخدمي الفرع وتحديد اجورهم بعد مصادقة المجلس عليها.

و- اختيار من يمثل الفرع في اللجان الرسمية وغيرها في المحافظة.

ز- تشكيل اللجان الفرعية لتحقيق اهداف النقابة في المحافظة.

بەڵام پێشنیاریش دەکەین ئەم ماددەیە بە تەواوی بچێتە نیزامی داخلی چونکە لەوێ جێگای دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لیژنەی یاسا کردوویەتی بەدوو بەشەوە، دوو بەشەکە تۆزێک واضح ترە ئێستا بەو شێوەیەی کە خرایەڕوو وضوحی تێدایە، دووەم ئەمە ئەگەر بمێنێ لە یاساکەدا دەبێتە ئەساسێک بۆ نیزامی داخلی یانی نیزامی داخلیەکە ئەو کاتە مجلیسی نەقابە بە ئارەزووی خۆی دایناێ بەڵکو بڕیاری پەرلەمانی لەسەر دەبێت چونکە هەیکەلەکەمان بۆ دروست کردووە لێرە وبەچاکتری دەزانم ئەگەر وا بکرێت، ئینجا ئەگەر تێبینی هەیە ئەوانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە؟..بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا هەیە، لە پێشنیاری خۆیان لە فقرە سێ کە دەڵێ( یشترط في عضو الفرع ان یکون من سکنة الاقلیم ومقیما فیة) ئەوە لە عضویەتی مطلق هاتووە لە عضویەتی نەقابە هاتووە، وابزانم پێویست ناکات لێرە بێت، ئەمە یەک، دووەمیش بەنیسبەت ئەصلەکە کە هاتووە مجلسی فرع بەکار دێت یان لیژنەی فرع پێم وایە توحیدی بکەن بەرای من هەیئەتی فرع لە هەردووکیان گونجاو ترە، لە جێگایەک هاتووە لیژنەی فرع لە لایەکی تر هاتووە یتکون مجلس الفرع، فرع هیئەتی تەبعەن هەیە یان توحیدی بکەن بەلیژنە یاخود مجلس بێت، بەڵام مجلس جێگەی خۆی نییە چونکە مجلیس خۆی معلومە دوای هیئەی عامە سولطەی دووەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا وەڵامێکی بدەنەوە کە رای هەردوو لیژنە بێت.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە پێویست نییە بگوترێت (هیئة الفرع)چونکە خۆی دەڵێ (فرع نقابة الاطباء)ی فلانە جێ. فرعەکە، خۆی وشەی فرع بەسە چونکە اعتبارە ئەساسییەکە مجلیسە ئەویش فرعە بۆ هیئەی فرع بێت نە مجلیسی فەرعە، نە هیئەی فرعە، فرع نقابە الاطباء فی دهوک، هەردوو لیژنە اتفاقمان هەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوسیوتانە مجلس فرع یا لجنە الفرع ، بەڵام فرع تمثیلی هەموو اعضای لق ناکات لەو شوێنە. باشە تێبینی تر نییە؟ باشە دەیخەینە دەنگدانەوە.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەین کە پەسەندی ماددەکە دەکەن بەو شێوەیەی پێشنیار کرا دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەگشتی دەنگ وەرگیرا..ماددەی بیست وسێ تکایە بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثالثة والعشرون:

یحق لمجلس النقابة العام تعیین اعضاء ارتباط خارج الاقلیم.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە رامان وایە ئەو ماددەیە هەر هەڵوەشێنرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز مـەلا هادی خـضـر کـوێخـا:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ئێمەش رامان وایە هەڵوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

رای لیژنەی یاساو لیژنەی خدمات ئەوەیە کە ئەو ماددەیە لەغو بکرێت، تکایە ئەوەی تێبینی هەیە دەستی بەرزبکاتەوە فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێـز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

هەر رای لیژنەی ئابوریش هەمان بۆچوونی هەیە کە لەغو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

زۆر باشە، کەواتە رای هەموو لیژنەکان وایە.. . دەیخەینە دەنگدانەوە.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی لەغو کردنی ماددەی بیست وسێ دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس..ئەوانەی پەسەندی ناکەن.. با دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێـز شـێـروان نـاسح جـەیدەری:**

المادة الرابعة والعشرون:

تشکل بموجب هذا النظام مراکز ثقافیة واجتماعیة تدیرها النقابة.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە تەنیا بموجب هذا النظام) گوتمان (بموجب هذا القانون) چونکە نیزامەکە جارێ دەرنەچووە، سوپاس.

**بەڕێـز مـەلاهادی خـضـر کـوێخـا:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

ئێمەش هەمان تێبینیمان هەیە(بتعدیل عبارة هذا النظام بعبارة هذا القانون اینما ورد في المشروع)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە؟ فەرموو کاک فەرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە زیادە، ئەوە پێویست ناکات بە قانون چونکە لەشوێنێکی تر اجازە ونوادی دابندرێ ونازانم چی دابندرێ ئەمە زیادە بۆچییە؟(تأسیس وادارة نوادي النقابة وفقاً لقانون الجمعیات) ئەوە هەیە لەجێگایەکی تر هەیە، لە ماددەی(١٩) خالّی هەژدەم.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بمێنی باشە، بەلاّم صیاغەکەی بگۆردرێت (یحق لمجلس النقابة العام تشکیل مراکز ثقافیة واجتماعیة تدیرها النقابة) پێویست بە(حسب هذا النظام او القانون) ناکات، چونکە خۆی کە قانونەکە دەرچووە پێویست ناکات بلێین (وفق النظام)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکا لیژنەی قانونی، گەر ئەمە گوتی (تشکل بموجب هذا القانون ) معنا دەبێتە فرض، ئینجا پێشنیار دەکەم بێژن (للنقابة فتح مراکز اجتماعیة وثقافیة بموجب هذا القانون)معنا حەقی هەی کوڤەبکات و، حەقی هەیش کوڤە نەکاتن، کە ئێمە گوتی تشکل دەبێتە فرض، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو سێ پرسیار هەیە لیژنەی یاسا وەلاّمی بداتەوە، یەکەم: ئایا نوادی مراکزی ثقافی واجتماعی ئەوە تعویضی ئەو دەکات؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە تعویضی ناکات چونکە بۆ نموونە کردنەوەی حضانەیەک وەکو نادی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دووەم: (تشکل بموجب هذا القانون مراکز الثقافیة)چ جیاوازیەکی هەیە لەگەلّ (تشکل بموجب القانون مراکز ثقافیة).

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

بەراستی خۆی ئەگەر بلێین (بالقانون) ئەو کاتی دەگەڕێتەوە قانونێکی معین ومعمول بە ئەگەر قانونەکە تێیدا بێت، ئەگەر گوتمان بموجب هذا القانون حصر دەبێ بەو قانونە.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن:**

یانی پێویستی بە موافقەی هیچ جیهەتێکی رەسمی نابێت.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن.**

نابێ بەڵام بەرای ئێمە رای کاک رەجەبمان لەهی خۆمان پێ پەسەند ترە، دەڵێین(للنقـــابة) مەسەلەکە جەوازی بێت ئەگەر کردیەوە بە حوکمی قانون بیکاتەوە ئەگەر نەشی کاتەوە نەیکاتەوە،( بموجب هذا القانون)یشی ناوێ دەڵێین(للنقابة تشکیل یان فتح مراکز ثقافیة واجتماعیة)(اوتدیرها)ش نامێنێ، صیاغەکە بەو شێوەیە بێت: (للنقابة تأسیس مراکز ثقافیة واجتماعیة)، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــــومـــــــــەن:**

کەواتە ماددەی بیست وسێ بەو شێوەیەی لێ هات، بە اتفاقی لیژنەکان وئەنجامی راوبۆچۆنی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە... تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست وسێ پەسەند دەکەن بەو شێوەیەی خوێندرایەوە.. دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاستان دەکەم.. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بـەڕێـز شــــــێـــــــروان نـاسـح حـــــــەیدەری:**

«مالیة النقابة»

المادة الرابعة والعشرون:

١ـ تتکون مالیة النقابة من:

أـ بدل الانتماء.

ب ـ بدل التسجیل.

ج ـ بدل تسجیل لقب الاختصاص.

د ـ بدل فتح وتجدید اجازة الممارسة الخاصة للمؤسسات الصحیة.

هـ ـ بدل تصدیق التقاریر الطبیة.

وـ ارباح مطبوعات النقابة.

ز ـ الغرامات التي یحکم بها علی الاعضاء من قبل لجنة الانضباط في المحافظة.

ح ـ المنح والهبات وأي واردات اخرى.
ط ـ عائدات المركز الثقافي و الاجتماعي للنقابة.
٢ـ اذا حالت ظروف استثنائية دون المصادقة على الموازنة في الموعد المحدد فتعتبر الابواب والفصول السابقة اساساً للعمل لحين المصادقة على الموازنة الجديدة.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ اعتراضمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی خزمەتگوزاری هیچ تێبینیتان نییە؟.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها بەنیسبەت فقرەی (ح: المنح والهبات ) ئێمە نوسیومانە (بموافقة الجهات المختصة) وارداتی تر وەردەگرێ، ئەو منح وهیباتەی کە وەردەگیرێ بە ڕەزامەندی ئەو جێگایانە دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوسراوە لەشوێنی تر نوسراوە، لیژنەی دارایی هیچ تێبینی نییە؟نییە. جا ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها من لەسەر تسلسلی (ی، ک، ل)ەکەیە لەناحی اصولی (ز،ح،ط) نەوەکو (ی،ک،ل)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە تێبینی تر نییە، ئەو گۆڕانکاریانەی خرایە سەر پێشنیارەکە تکایە بیخوێننەوە جارێکی تر،(ی)دەبێت بە (ز) و(ک) دەبێت بە (ح) و(ل) دەبێت بە(ط) وبڕگەی (ط) دەبێت بە عائدات النوادی والمراکز الثقافیە والاجتماعیە للنقابە، تێبینیتان هەیە؟ لیژنەی یاسا.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لڤێری بدل الاشتراکاتی سەنەوی چونکە لە مادده هەشتێ فقرە دووێ هاتووە دەرێش بێتە کرنێ ضمن مالیەتا نقابی، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە امکان هەیە لە «بدلات الانتماء والاشتراك السنوي» لە (أ) زیاد بکرێت.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە (ز) (الغرامات التي يحكم بها علي الاعضاء من قبل لجنة الانضباط في المحافظة) وابزانم وشەی محافظە زیادە نەمێنێ باشترە، چونکە ئەگەر لەپایتەخت بێت یان لە قضاء بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(في المحافظة)ی ناوێ (من قبل لجنة الانضباط)کافیە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەوەمان لەگەڵ سەندیکا و لەگەڵ وەزیری تەندروستی گفتوگۆ کردوە، ئەوان وایان خستە روو کە دەیانەوێ لێژنەیەکی بەرزەفتی لە هەر پارێزگایەکدا دابندرێ، وتیان نامانەوێ تەنها لێژنەی بەرزەفتی مەرکەزی هەبێ ، دەمانەوێ هەر شوێنەو لێژنەی بەرزەفتی خۆی هەبێ تاکو هەر پزیشکێک رەوانەی شوێنی خۆی بکرێ، واتا لە هەر پارێزگایەک لێژنەیەک پێک دەهێندرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە کۆتایی بە گفتوگۆی ماددەکە دێنین و دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەین کە ماددە «٢٤» وەکو ئەوەی کە خوێنرایەوە پەسەند دەکات با دەستی خۆی بەرز بکاتەوە؟ ، سوپاس کێ پەسەندی ناکات؟ . ماددەکە بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الخامسة والعشرون:

١ـ تتكون البدلات التي تتقاضاها النقابة على الوجه الاتي:

أـ (٥٠)ديناراً رسم الانتماء لاطباء الاقليم ولغيرهم.

ب ـ (٢٥)ديناراً بدل الاجازة السنوية او تجديدها لاطباء الاقليم ولغيرهم.

ج ـ (١٠٠)ديناراً بدل الاجازة السنوية للعيادة الخاصة للاختصاصيين و(١٠٠)ديناراً بدل تجديدها و(١٥٠)ديناراً بدل اجازة الاطباء العاملين في المنظمات الغير كوردستانية.

د ـ (٥٠)دولاراً رسم الانتماء للاطباء الكورد خارج العراق.

هـ ـ (٣٠)دولاراً رسم تجديد انتماء الاطباء الكورد خارج العراق.

و- (٥٠٠٠)ديناراً بدل فتح مستشفى اهلي و(١٥٠٠)ديناراً بدل التجديد السنوي.

ي - (٢٥)ديناراً بدل تصديق التقرير الطبي عن العيادات الخاصة و(٢٥)ديناراً لدى المستشفيات الاهلية.

ح - (٣٠٠٠)ديناراً بدل فتح العيادات الجراحية و(٧٥٠)ديناراً بدل تجديدها السنوي.

ط - (٥٠)ديناراً بدلاً للاجازة السنوية للعيادة الخاصة للممارسين و(٥٠)ديناراً بدل تجديدها.

ظ - (٢٥)دينار بدل الاجازة السنوية للعيادات الشعبية و(٢٥)ديناراً بدل تجديدها.

٢- تودع النقود والسندات المالية في احدى مصارف الحكومة بإسم النقابة.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی ئێمە لەسەر ئەو مادده بەم جۆرەیە:

نقترح صياغة المادة مجدداً مع تغيير نسب المبالغ في الفقرات ويفرعين وكالاتي:

اولاً: تكون البدلات التي تتقاضاها النقابة على الوجه الاتي:

١- (١٥٠) ديناراً رسم الانتماء لاطباء الاقليم.

٢- (١٠٠) دينار بدل الاجازة السنوية او تجديدها لاطباء الاقليم.

٣- (١٠٠) دينار بدل الاشتراك السنوي للاعضاء ويدفع في موعد لا يتجاوز شهر كانون الثاني من كل سنة وفي حالة تخلف العضو عن الدفع في الموعد المحدد فعليه دفع المبلغ مضاعفاً.

٤- (١٥٠) دينار بدل الاجازة السنوية للعيادة الخاصة للاختصاصيين و (١٥٠)دينار بدل تجديدها و (١٠٠٠) دينار بدل اجازة الاطباء العاملين في المنظمات الغير الكوردستانية.

٥- (١٠٠) دولار رسم الانتماء للاطباء الكورد خارج العراق.

٦- (٥٠) دولار رسم تجديد انتماء الاطباء الكورد خارج العراق.

٧- (٥٠٠٠) دينار بدل فتح مستشفى اهلي و(١٥٠٠) دينار بدل التجديد السنوي.

٨- (٣٠٠٠) دينار بدل اجازة فتح العيادات الجراحية و (١٠٠٠) دينار بدل تجديدها السنوي.

٩- (١٠٠) دينار بدل الاجازة السنوية للعيادة الخاصة للممارسين(٥٠)خمسون ديناراً و بدل تجديدها السنوي.

١٠- (٣٠٠) دينار بدل تسجيل لقب الاختصاص.

١١- (٢٥) دينار بدل الاجازة السنوية للعيادات الشعبية و (٢٥) دينار بدل تجديدها.

١٢- (١٠) دينار بدل تصديق التقرير الطبي عن العيادات الخاصة و (١٠)دينار لدى المستشفيات الاهلية.

ثانياً: تودع النقود والسندات المالية في احدى مصارف الاقليم باسم النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی خزمەتگوزاری تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ رایەکەی لێژنەی یاسادایین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی (ب)دا «٢٥» دینار بۆ بدل الاجار و نوێکردنەوە داندراوە ، هەر لە ماددەی نۆیەمدا «٣٠» دینار بوو، بەلام ماددەی نۆیەم لادرا وا پێویست بوو لێرەش «٣٠» دینار با لە جیاتی «٢٥» دینار کەچی لێژنەی یاسایی کردویانەتە «١٠٠» دینار ، بەرای ئێمە زۆرە ، با «٣٠» دینار بێت هەر وەکو ماددەی نۆیەم کە لادرا. لە برگەی (ی) هاتووە کە «٢٥» دینار بۆ ئیمزاکردنی راپۆرتی پزیشکی بێ، بە دیدی ئێمە زۆر زۆرە، نەخۆشەکە، هەژارێکە، تەنها بۆ ئیمزاکردی«٢٥» دیناریشی بۆ مۆرێک لێ وەرگرن، لێژنەی دارایی پێشنیار دەکات کە «١٠» دینار بێت ، جا چ ئیمزاکردنەکەی لە عیادەی تایبەت بێت، یان لە نەخۆشخانە میللیەکان بێت هەر ئەو برە بێت ، لێژنەی یاساش هەمان رایان هەیە کە «١٠» دینار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە ، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لە سەر ئەو برگانە نییە، بەلام وا پێویست دەکات کە ئێستا ئەو قسەیە بکەین ، خەڵک هاوار هاواریەتی لە دەست عیادەی پزیشکان ، لەو نرخەی کە دکتورەکان لە نەخۆشەکانی وەر دەگرن ، حەقە لێژنەی یاسایی لە پەرلەمان پاڵەپەستۆیەک بکات ،سەیرکە چەند مەبلەغێکیان بۆ خۆیان داناوە چەند دەست کەوتیان بۆ خۆیان داناوە، لەوەی بۆخۆیان داناوە کە لە خەڵکی وەرگرن درێغیان نەکردوە ، لەبەر ئەوە خەڵک هاوار هاواریانە لە دەست دکتۆرەکان، حەقە بیر لەوە بکرێتەوە چ لێژنەی یاسایی چ پەرلەمان بەپێی یاسا هەوڵ بدەین باری خەڵکەکە چاک بکەین ورزگاریان کەین لە بێزاریان لە عیادەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە باسی رسومی سەندیکایە باسی کرێی دکتۆر نیە ،تکایە لە ناو بابەتەکە دەرمەچون،کاک جەلال فەرموو.

**بەڕێز جەلال سەلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لە سەر برگە «٣»ی پێشنیاری لێژنەی یاسا هەیە، کە ١٠٠ دیناریان بۆ کرێی سالانەی بۆ ئەندامەکان هاتووە، ئەگەر لە مانگی کانوونی دووەم دوا کەوت ئەوە دەبێت دوو قاتی بدات، بە رای من زیادە بۆ دووقات بدات ،لەبەر ئەوە ئەگەر بەدەلی سالانەی خۆی نەدات لە کاتی خۆی ، لە فەرمانگەکەی دەرمالی بۆ سەرف ناکرێ ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێ تێبینیم لە سەر رایەکانی لێژنەی یاسایی هەیە ، لە برگەی دووەم کە دەڵێ ( ١٠٠ دینار بدل الاجازة السنوية او تجديدها لاطباء الاقليم). لە برگەی نۆدا هاتووە(« ١٠٠ »دینار بدل الاجازة السنوية للعيادة الخامسة للممارسين (٥٠) خمسون ديناراً و بدل تجديدها السنوي.)لە دووەمدا هەر ١٠٠ دینارەکەی گوتووە، ئەگەر تێبینیتان کردبێ ئەگەر سەیری کەین دەبینین لەبرگەی نۆیەم ١٠٠ دینارەکە دووبارەیە کەچی لە هەمان برگە یەکێکی کردۆتە ١٠٠ دینار ئەوەی تر ی کردۆتە ٥٠ دینار،من لەگەڵ ئەوەم نۆیەکە دابندرێ و دووەکە لابدرێ، ئەمە یەکێکیان.دووەم ،(بدل تسجيل لقب الاختصاص.)،واتا دکتۆرێک (لقب اختصاص) وەرگرێ بچێ لە سندیکا تۆماری دەکاتن ٣٠٠ دینار دەداتن لە ممارسەوە دەبێتە اختصاص، لە سەندیکاکانی تر هاتووە کە اختصاصت بەرز بوو ،مەبەستم پلەی سەندیکاییت بەرز بۆوە،بۆ نمونە لە ئەندازیاران لە ممارس بوو بە مجاز لە مجازی ،ببیە استشاری لەوێ هەر یەک پارەکی هەیە بۆ اشتراکی سالانەی ، نەک تۆمار کردن ، بە رای من ٣٠٠ دینار بۆ اختصاص کە جارێک دەیدات و تەواو جارێکی تر دەگەرێتەوە بۆ بدل ایجاری سالانەی بۆ هەموو پزیشکەکان کە ١٠٠ دینارە، بە رای من پێویست بە بەدەلی تۆمارکردن نیە کە ٣٠٠ دینار بێت ، هەموو سالێک لە بەدەل اشتراکی اختصاصی لە (١٠٠)ە کەوە کە ممارسە با ببێتە ١٥٠ دینار ،لەو حالەتەدا ایراد بۆ سەندیکا بۆ ماوەی درێژ زیاتر دەدات کەچی لێرە تەنها جارێک لێی وەردەگیرێ، واتا بەس ٣٠٠ دینار ،ئەگەر تێبینیەکەم روون بێت ،تێبینی سێیەمم تەنها لە ١٠٠ دیناری بدل ایجاری سالانەی ئەندامان هاتووە کە ئەگەر لە مانگی کانونی دوو بدرێ ،دەبێ هەموو بەدەلات و رسوم ئەو برگەیەی هەبێت .ئەوان

تەنها بۆ ماددەیەکیان داناوە، تەنها لە بڕگەی سێ لە ١٠٠ دینارەکە ئەو مەرجەیان داناوە بۆ ئەندامان کە دەبێ لە کانونی دووەم بیدەن ،و ئەگەر نەی دا، ببێتە دوو قات، باشە ئەگەر نەخۆشخانە نەی دا؟ ئەگەر عیادە نەی دا؟ بە رای من ئەو بڕگەیە لێرە لابدرێ، ١٠٠ بدل ایجاری سالانە بمێنێ، بەلام و(یدفع فی موعد)ئەوە ببێتە بڕگەیەکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا غەرامەکە ببێتە بڕگەیەکی تر؟.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ هەموو دواکەوتنێکی «بدلات» ، بۆ «انتماء» ، لەبەر ئەوەی هەر کاتێ کولێژت تەواو کرد و مەرجەکانت تێدا بەدی هات ئەوە دەتوانی «انتماء» بکەی ، لەبەر ئەوەی دواکەوتنی نییە ، بۆیە تەنها بۆ بدلات و رسوم بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک دوو تێبینیم هەیە یەک لەوانە ، کە لە ولاتی ئێمە لەوانەیە کە زیاد و کەم بێت ، ئێمە بێین بڕە پارەیەک دابنێین ،و پەرلەمان توانای تقیمی نیە،ئێمە ئەو هەقە بە خۆمان دەدەین کە نرخ گۆرا دەبێ هەموو جارێ بێین بە قرار بی گۆڕین ،دوومیش ئەرەیەکە بەڕێزانی لیژنەی یاسایی هەندێ شتیان زیاد کردوە بە بروای من لەوە هاوولاتی باجەکەی دەدات، لەبەر ئەوە کە بدلاتی سالانەی و بدلاتی ئیجار زیاد بکەین ، دکتۆرەکان لە هاولاتیانی وەر دەگرنەوە، وەک کاک فرەنسۆ گوتی هاولاتیان هاواریانە لە دەست عیادات،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ روون کردنەوە. کرێی عیادات دیاری کراوە ئەو پارەیەی کە وەر دەگیرێ لە دکتۆر وەردەگیرێ لە هاولاتی وەر ناگیرێ،دکتۆر ناتوانێ بە کەیفی خۆی کرێی عیادەکەی بەرز کاتەوە.ئەوە هەر بۆ ئەوەیە کە روون بێت من ئەو قسەیەم کرد بەڕێزانیش وەلامیان هەیە.کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پارەی نەقدی کار پێکراو لە عێراق دینارە، ولە هیچ سەندیکایەک باسی دۆلار نەکراوە، بۆ من

پێشنیار دەکەم ئەو دەستەواژەیە زیاد بکرێ لە باتی وشەی دۆلار بگوترێ (او مایعادلها بدینار العراقي) ، باسی دۆلارەکەی بکرێ بگوترێ ئەو برەیە و لە پالیا بلێین «مایعادلها» ،لەبەر ئەوەی دۆلار لە هیچ سەندیکایەک باسی نەکراوە، پارەی کار پێکراوی عێراقیش دینارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بوودجەی پەرلەمان دینار و دۆلاریشی تێدایە. لیژنەی یاسایی فەرمون ئەگەر ولاّمتان هەیە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بۆ روون کردنەوە بۆ برادەران بەتایبەتی کاک ابراهیم، دکتۆر سێ جۆرە باج دەدەن، یەکێکیان بدل انتماء ، ئەوەی تر باجی کارکردن، کە هەموو ساڵێک نوو دەکرێتەوە ، ئەوەی تر باجی کردنەوەی عیادە.جەنابی فەرموی لە برگە (٩) هاتووە«١٠٠» لەباتی مولەتی سالانەدا ،ئەوەی باجی ممارسەتی پیشەیە. «٥٠» دینارەکە بدلی نوێکردنەوەی ممارسەی خۆیەتی، بۆ عیادەی نییە ، سەبارەت بە اخصائیەکە «١٠٠» دینارە بەم جۆرە ئەو سێ باجە هەیە هیچ تێکەلاویەکی تێدانیە، ئەوانە دەبێ هەموو ساڵێک بدرێ تەنها انتمائەکە یەک ساڵ دەدرێ ، دوو باجەکەی تر باجی ممارسەی پیشەو عیادە دوو رسم دەدرێ، بۆیە هەندێ جیاوازی پەیداکردوە،ئەو برەی کە دامان ناوە بە هاو ئاهەنگی لەگەڵ وەزارەت و سەندیکا دامان ناوە، هەروەک جەنابی سەرۆکی پەرلەمان گوتی ئەو باجانە دەبێ دکتۆر بیدا هیچ پەیوەندی بە هاولاتیان نیە تەنها یەک شت پەیوەندی بە هاولاتیان هەبوو ئەویشمان کەم کردوە لە تەصدیقی تەقریری پزیشکی ٢٥ دینار بوو کردمانە ١٠. جەنابی کاک عەبدولخالق فەرموی کە ئەوانە بچێتە پێڕەوی ناوخۆ ، نابێ مەبالغی مالی بە پێڕەو بسەپێندرێ، دەبێ بە حوکمی یاسا پارە لە خەڵک وەربگیرێ ، لەبەر ئەوەی نظامی باج هەیە ،ئەوە تێبینی ئێمە بوو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من روون کردنەوەیەکم هەیە لەراستیدا ئەرکی عیادات ئەرکێکی گرانە لەسەر شانی هاوولاتیان، دەکرێ بە دوو شێوە چارە بکرێ، یەکەمیان دەکرێ خزمەتگوزاری تەندروستی حکومی ئاستی ئەوەندە بەرز بێت خەڵک کەمتر مراجعەی عیاداتی تایبەت بکات ئەوەیان لایەنێک، لایەنێکی تر ئێمە دەتوانین کار بکەینە سەر دیاری کردنی نرخ بۆ چارەسەر کردن و سەردانی هاولاتیان من بە چاکی دەزانم هەر کوتلەیەک لە کوتلەکانی پەرلەمان داوا بکات لە وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای پزیشکان بێن لێرە بۆ دیاری کردنی پارەی چارەسەر کردن و سەردانی هاولاتیان و هەوڵ بدەین پێکەوە لەگەلیاندا کەمی بکەینەوە. فەرمو کاک ئیبراهیم .

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ بەڕێز کاکە ڕەش بۆ ئەو ڕوون کردنەوەی بەلام وابزانم من ڕاست ترم.لێرە دوو بدلات هەیە، بدلات هەیە هی کەس ، بەدلات هەیە هی عیادە.بدلاتی کەس یەک هی انتماء ئەوەی تر هی نوێکردنەوەی سالانەیە، کە هەموو سالێ دەی دات، ئەوەی تر مۆڵەتی سالانەیە پەیوەندی بە کەسیەوە نیە مۆڵەتی سالانە بۆ عیادەیە بۆ مۆڵەتی سالانە بدلی هەیە ١٠٠ دینار داندراورە ، دوایی تۆ دەچی سالانە ئەوە نوێ دەکەیتەوە ،واتا بۆ عیادە نازانم لێژنەی یاسایی لەمە گەیشت یان نا؟ ئینجا لێرە بڕگە دوو ئەگەر بخوێنینەوە پەیوەندی بە عیادەوە هەیە دەڵێ «١٠٠» دینار بدل ئیجازە سنویە نەنووسراوە بۆ عیادە، بەلام بۆ عیادەیە و تجدیدها، بچینە سەر برگەی نۆیەم هەر هەمان بابەتە، تێیدا هاتووە «١٠٠» دینار بدل ایجازە سنویە، لێرە عیادەکەشی زیاد کردوە لە بڕگەی دوو عیادە زیاد نەکراوە، کە خاصە بالممارسین، کە چوە نوێکردنەوە دەڵێ ٥٠ دینارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکیان بۆ عیادەیە ئەوەی تریان بۆ دکتۆر خۆیەتی.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(«١٠٠»دینار بدل اجازة سنوي و اشتراك)ەکەیە ، ١٥٠ دینار رسم انتماء جیاوازە ،(رسم الانتماء رسم اشتراك السنوي)، ئەوەی عیادەی هەیە دوو باج دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وەک هەر سەندیکایەک جیاوزە خەصڵەتی خۆی هەیە تایبەتی خۆی هەیە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وابێ تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بیرۆکەکە کە باس کرا هەیکەلێکی گشتی بۆ سەرجەم سەندیکاکان دابندرێ تایبەتمەندی هەر سەندیکایەکیش لە یاسای خۆی دابندرێ.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمێنێ بڕگەی سێ ، ئەو مەرجەی (کانوونی دووەم) ، ئەوە بۆ هەموو بەدلات بێت،سوپاس.

**بەڕێز کاکە ڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برگە شمولیە هەمووی دەگرتەوە واتا ئەوەی پێویستی بدلات بێت ملزمە مانگی کانونی دووەم بیدات، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەی نەخۆشخانەیەک؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەی دیاری کرا بە مانگی کانونی دووەم ئەگەر نەیدا دەبێتە دوو قات، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەڵێ :(بدل الاشتراك السنوي للاعضاء)ئەوە دەبێ لە مانگی کانونی دووەم بێ ، وابزانم ئەوە لابەین لێرە بیبەینە دواوە ، هەمویان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی هیچ بەدواداچونتان هەیە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتەمان لەگەڵ وەزیری تەندروستی زۆر باس کرد ،ئەو برگەیەی کە کاک ئیبراهیم دەیلێ سەبارەت بە «١٠٠» دینارەکە بدلی بەشداری ساڵانەیە و بەس، ئەوانی تر ناگرێتەوە و، وەزیریش هەمان رای هەبوو ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەبەستی ئەوەیە تەنها ئابوونە نەبێ، هەر باجێک دوا کەوت غەرامەی بێتە سەر ،واتا غەرامەکە گشتی بێت بۆ هەموو باجە سنویەکان ئەو مەبەستی ئەوەیە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە جائزە بەڵام بۆ انتمائە لە سەندیکاکانی تریش هەر وا ڕۆییوە، دەتواندرێش بە یاسایەک فەرز بکرێ هەر کەسێ دواکەوت دوقاتی لێ وەر بکیرێ، لەوانەیە داهاتێکیش بێت بۆ سەندیکا.ببورە

ولاّمی کـاک جـەلالمان نەدايەوە،کـاک جـەلال فـەرمـوی پێی نـاویٚ دووقـات بێت لەبەر ئەوەی لە فەرمانگەی خۆی دەرماڵەی لیٚ دەبردریٚ، چونکە تاکو دوو ساڵ ئیجرائاتی لەگەڵ ناکریٚ پاش ئەوە اجرائاتی لەگەڵ دەکرێت، ئەگەر دوو سالان مۆڵەتی نویٚ نەکردەوە ئەوجا اجرائاتی لەگەڵ دەکریٚ لە ئەصلا لە یاساکە وا هاتووە، سوپاس.

**بـەرێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، فەرموو کاک جەلال.

**بـەرێـز جـــــەلال ســـــەلیم خـــــۆشنـاو:**

**بـەرێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بە رای من ئەگـەر لە مـاوەی سـاڵـەکـە پارەی نەدا، سـاڵـی دووەم دووقـاتی لیٚ وەر بگیـریٚ، بەس لەماوەی ساڵەکە پارەکە بدات بۆ دووقات بدات؟ سوپاس.

**بـەرێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەو مـاددەیە گفـتوگـۆی تێرو تەسـەلی لەسـەر کـرا ، دەیخـەینە دەنگ دانەوە، کیٚ مـاددەی «٢٥» پەسەند دەکات؟ کیٚ پەسەندی ناکات؟بە زۆربەی دەنگ پێشنیـاری لیژنەی یاسایی پەسەند کـرا، سوپاس کاک شێروان فەرموو.

**بـەرێـز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیـدەری:**

الفصل الرابع

«العقوبات والاحكام الانضباطية»

المادة السادسة والعشرون:

تعتبر الاعمال التالية ممنوعة:

١ـ مخالفة القوانين والانظمة والتعليمات والاوامر وقواعد السلوك المهني وخاصة اجتذاب المرضى بوسائل الترغيب واستخدام الوسطاء.

٢ـ الاساءة الى سمعة المهنة وممتهنيها والحط من منزلتهم العلمية والادبية.

٣ـ انتحال مايوحي بأن الطبيب ذو اختصاص خلافاً للحقيقة.

٤ـ استخدام غير المجازين من ذوي المهن الصحية.

**بـەرێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــەد نەقـشـــبـــەندی:**

**بـەرێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە، سوپاس.

**بـەرێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لیژنەی خزمەتگوزاری فەرموون.

**بەڕێز مـــەلا هادی خـــضـــر کـــوێخـــا:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

فەصلی چوارەم باسی «عقوبات و احکام الانضباط»ی دەکات بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین ماددەیەکی تر هەبێ و جێگای بگرێتەوە:

المادة:المادة/

اولاً: تؤلف لجنة الانضباط من رئيس وعضوين اصليين وعضوين احتياط.

ثانياً: تختص اللجنة بالنظر في جميع المخالفات المنصوص عليها في هذا القانون و تقوم بالتحقيق في القضايا والشكاوي التي يحيلها اليها المجلس ولها صلاحية توجيه العقوبات المنصوص عليها في هذا القانون.

ثالثاً: تتبع لجنة الانضباط القواعد الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة.

المادة/

قرارات لجنة الانضباط قابلة للطعن لدى محكمة تميز لاقليم خلال مدة (١٥) يوماً من تاريخ التبلغ بالقرار ويكون قرارها باتاً.

پێمان باشە لە بەر ئەوەی باسی سزا دەکات ،لیژنەی بەرزەفتیش ئەو پابەندیانەی بۆ دیاری بکرێت ،سوپاس.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ئەوە چارەسەر کراوە . لە ماددەی سی لیژنەی بەرزەفتی پێک هێندراوە ،دوایی سزاکانیشمان دیاری کردوە ، وەک ئەوانەی لەوێ هاتووە،ئەگەر گەیشتینە سەری بەدیار دەکەوێ کە بە ڕێکی چارەسەر کراوە،سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەگەر لەوێ چارەسەر کرابێ ئەو گفتوگۆیە بۆ ئەوێ هەڵ دەگرین، ئەوی تێبینی لەسەر ماددەی ٢٦ هەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غـــەفـــور رەمـــەزان:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

لە خاڵی یەکەم (١ـ مخالفة القوانين والانظمة والتعليمات والاوامر وقواعد السلوك المهني) هەر خۆی زیادە ئەمانە خۆیان مەمنوعن پێویست ناکات دووپاتی ئەو ممنوعانە بکرێتەوە، بەڵام ئەوانی تر با بمێنێتەوە ، دووەم بکرێتە یەک، ئەوانی تر زنجیرەی خۆی وەرگرێ ئەو (اجتذاب المرضى بوسائل الترغيب واستخدام الوسطاء.) ،بکرێتە برگەی چوارەم و زنجیرەکەی بەم شێوەیە

بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی فەرمون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من مانەوەی هیچ زەرەرێکی نیە، گرفتێک دروست ناکات و شتێکی تاکیدیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟ ماددەکە دەخەینە دەنگ دانەوە. کێ ماددەی ٢٦ پەسەند دەکات؟ سوپاس، کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السابعة والعشرون:

كل طبيب يخل بواجباته المهنية او يقوم باحد الاعمال الممنوعة او يتصرف تصرفاً يحط من مكانة المهنة او يمتنع عن تنفيذ مقررات النقابة حسب احكام هذا النظام سيعرض نفسه للعقوبات الواردة فيه مع عدم الاخلال بما قد يتخذ ضده من اجراءات حسب القوانين الاخرى.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەنها یەک تێبینیمان هەیە کە ئەو (احكام هذا النظام ) بکرێتە (احكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، د. ناسح فەرمون.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسا چەند کورت بێت باشترە ، من بە باسی دەزانم كل طبيب يخل بواجباته المهنية والنقابية او يقوم باحد الاعمال الممنوعة او يتصرف تصرفاً يحط من مكانة المهنة سيعرض نفسه للعقوبات الواردة فيه... ئەوەی تر بەرای من(او يمتنع عن تنفيذ مقررات النقابة حسب احكام هذا النظام) پێویست ناکات کە گوتمان «واجبات المهنية و النقابية» ، ئەویش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرمون.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

واجباتی مهنی لە سەندیکا، سەندیکا خۆی مهنەیە و بەشێکە لە مهنەکە لەبەرئەوە پێویست نییە بگوترێت (واجباته المهنية والنقابية).

دەربارەی احکام هذا القانون، بابەتەکە بۆ روون کردنەوەیە (حسب احکام هذا القانون سیعرض نفسه للعقوبات الواردة فيه مع عدم الاخلال بما قد يتخذ ضده من اجراءات حسب القوانين الاخـرى. )لەوانەیە بەپێی ئەم یاسایە تووشی سەرپێچی دەبێت لە هەمان کاتیشدا سەرپێچی یاسایەکی تریشی کردووە مانای وایە زیاد لەسەر یاسای سەندیکا یاسایەکی تریش دەیگرێتەوە نەوەکو بڵێت من لە یاسای سەندیکای پزیشکان دام و یاسایەکی تر نامگرێتەوە، ماددەکە زۆر رێکوپێک هاتووە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

باشە ئەم ماددەیەش دەخەینە دەنگدانەوە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (٢٧) پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

ماددەی (٢٨) بخوێننەوە.

**بەڕێـز شـێـروان نـاسـح حـەیـدەری:**

المادة الثامنة والعشرون:

١ـ التنبيه ـ ويكون بتوجيه كتاب الى المخالف ينبه فيه الى عدم الارتياح من تصرفه.

٢ـ الانذار ـ ويكون بتوجيه كتاب يعلن فيه الاستياء من تصرفات المخالف ويطلب منه عدم تكرار الفعل وبعكسه ستطبق بحقه عقوبة اشد.

٣ـ غلق عيادة الطبيب المخالف لمدة لاتتجاوز اسبوعاً بعد استنفاذ اولاً وثانياً من هذه المادة.

٤ـ احالة المخالف الى لجنة الانضباط.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

لە زنجیرەی خۆی ماددە (٣١)ە تێبینی لیژنەکەمان بەو شێوەیەیە:

لورود المواد العقابية في هذا المشروع ضمن محتويات المادتين (٣٠ و٣٢) لذا تقترح اللجنة دمج المادتين بمادة واحدة وترتيب تسلسلها على ضوء ذلك وتحت رقم المادة (٣١) وتحل المادة

(٣١) محل المادة (٣٠).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی خزمەتگوزاری تێبینیتان هەیە دەربارەی ئەم ماددەیە؟.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر ئەم ماددەیە رامان نییە بەڵام ئەگەر بچێتە مادده (٣١) ئەوە رامان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە کە مادده ٢٩ بچێتە جێگای مادده ٢٨ واتە زنجیرەکە بگۆردرێ؟ نییە. دەیخەمە دەنگدانەوە. ئەو بەڕێزانە پەسندی ئەوە دەکەن مادده ٢٨ بچێتە جێگای مادده ٢٩ تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. سوپاس.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ئاڵوگۆڕ لە جێگای ئەو دوو ماددەیە کرا.

کەواتە ئێستا مادده (٢٨) بخوێننەوە دوای ئەوە دەچینە سەر مادده (٢٩).

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٢٨)م خوێندەوە ئێستا مادده (٢٩) دەخوێنمەوە بە گوێرەی ئەو زنجیرەیە دەبێتە مادده (٢٨)ی ئێستا کە مەسەلەی تەشکیل لیژنەی ئینزباتە.

يعين اعضاء لجنة الانضباط بأمر اداري من قبل مسؤول الفرع وعددهم(٣).

ئەوە مادده (٢٩)یە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا ئەوەیە:

(تشكل لجنة الانضباط في مركز النقابة من ثلاثة اعضاء وعضوين احتياط تترأسها احد اعضاء مجلس النقابة بقرارٍ من المجلس).

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ئەوەی ئێمە کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ بەڕێز جەنابی وەزیری تەندروستی لیژنەی یاسا لەگەڵ جەنابی وەزیر هاتنە ئەو قەناعەتە کە یەک لیژنەی ئینزباتی مەرکەزی هەبێت لە هیئەی علیا نەک لیژنە لە پارێزگاکان هەبێت هەروەکو لە هەموو سەندیکاکاندا هاتووە ئەوە بە نیسبەت ئێمە چارەسەرێکی عەمەلییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
تکایە ئەوانەی تێبینییان لەسەر ئەم خاڵە هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە. لیژنەی خزمەتگوزاری فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە پێشنیار دەکەین بکرێت بە هەڵبژاردن چونکە تشکل نە (تشکیل)ە نە (قرار)ە لیژنەی ئینزبات دەبێت بە هەڵبژاردن بێت (ینتخب لجنة الانضباط في مركز النقابة من ثلاثة اعضاء وعضوين اصليين يترأس احد اعضاء مجلس النقابة بقرار) ئەو (قرار)ە بسڕێتەوە نەمێنێت هەروەها (تشکل)یش نەمێنیت بکرێت (ینتخب) بێت. لە هەموو یاساکانی تریش لیژنەی ئینزبات بە هەڵبژاردن هاتووە و بە تەعیین نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لیژنەی یاسا راتان چییە بەرامبەر بەوە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
رای ئێمە ئەوەیە کە ئەنجومەنیش هەڵبژێردراوە یەک لە ئەندامانی ئەنجومەن دەبێتە سەرۆکی لیژنەی ئینزبات ئەنجومەنیش دوو کەس وەکو پسپۆڕ هەڵدەبژێرن لەگەڵ خۆیان بە بڕیارێکی ئەنجومەن و ناوەکانیان پێشکەش دەکەن لەوانەیە ئەنجومەن ئیعترازی لەسەر ناوەکانی هەبێت رێک دەکەون لەسەر دوو ناو دەبێتە ئەندامی لیژنەی ئینزبات و بەرای ئێمە ئەمە دەقێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس. کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من دوێنێش پێشنیارم کرد کە تەشکیل نەبێت بۆ نەقیب خۆی دوو سێ کەس دەستنیشان بکات و بیانکاتە ئەندامی لیژنەی ئینزباتی، ئیختیار نابێت بۆئەوەی زیاتر جۆرە دیموکراتییەتێکی تێدا بێت مادام دەبێتە یەک لیژنە وا باشترە بە هەڵبژاردن بێت بۆئەوەی خەڵکیک بۆخۆیان هەڵبژێرن بۆئەوەی محاسبەیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
دادوەری دادگا هەڵنابژێردرێ ئەوەی بڕیاری ئینزباتی دەدات دەبێت لەوە نەترسێ کە جەزای

دكتۆرێک بدات نەوەک سبەینێ دەنگی نەداتێ با خبرەشی هەبێت.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحــەمــەد نەقــشــبــەندی:**

**بەڕێز ســــەرۆکــی ئــەنجــــومـــــەن.**

بەرای ئێمە دامەزراندن زۆر عەمەلی ترە، لەبەرئەوەی ئەگەر یەکێک باش نەبێت دەتوانرێت لابدرێ بەڵام ئەگەر هاتوو بە هەڵبژاردن بێت ئەوا ئەو کەسە تا دەورە تەواو دەبێت ئەو کابرایە هەر لە لیــژنەی ئینزبات دەمــێنێت و لەوانەیە کــەسیش ســزا نادات دەبێت هەر چاوەڕوان بین تا دەورەیەکی تر تەشکیل دەبێت دووبارە هەڵبژاردن دەکرێت، لەبەرئەوە بەرای ئێمە ئەوە عەمەلی نییە لیژنە کە بڕیار دەردەکات ئەو بڕیارانە قابلی تەعنە لە دادگای تەمییز لەبەرئەوە هیچ ئیشکالەک دروست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز مــەلا هادی خــضــر کــوێخـــا:**

**بەڕێز ســــەرۆکــی ئــەنجــــومـــــەن.**

من پێشنیــار دەکەم ئەو پێشنیارەی ئێمە بدرێتە دەنگدان کە (کێ لەگەڵ ئەوەیە بە هەڵبژاردن بێت).

**بەڕێز جـــــەمــــیــل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســــەرۆکــی ئــەنجــــومـــــەن.**

مەرکەزی بێت یان فرعی بێت من قسە ناکەم پێش ئێستا لە مادده (٢٦) کە لای ئێمە بووە بە (٢٤) لە برگــە (ی) دەڵێت (الغرامات التي يحكم بها الاعضاء من قبل لجنة الانضباط في المحـــافظة) هەندێک برادەران ئیعتـرازیان هەبوو بەڕێز کاکەرەش فەرمووی نەخێر لە هەر پارێزگایەک لیژنەیەک هەیە ئەگەر لێرەش ببێتە مەرکەزی لێرە ئیشکالێک پەیدا دەبێت، محافظە لادەچێت، ئێمە دەنگمان داوە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکــی ئــەنجــــومـــــەن:**

تێبینییەکە لە شوێنی خۆیەتی لادەچێت.

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە. لیژنەی یاسا مادده (٢٨) جارێکی تر بخوێننەوە.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نــاسح حـــــەیدەری:**

تشكل لجنة الانضباط في مركز النقابة من ثلاثة اعضاء وعضوين احتياط يترأسها احد اعضاء مجلس النقابة بقرارٍ من المجلس.

**بەڕێز ســــەرۆکــی ئــەنجــــومـــــەن:**

پێشنیاری لیژنەی خزمەتگوزاریش ئەوەیە کە بە هەڵبژاردن بکرێت.

یەکەم جار پێشنیاری لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانە.

تکایە کێ پێشنیاری لیژنەی یاسا پەسند دەکات دەستی بەرز بکاتەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پێشنیاری لیژنەی یاسا پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە زۆربەی دەنگ پێشنیاری لیژنەی یاسا وەرگیرا، زۆر سوپاس.
ئێستا دێینە سەر ماددە (٢٩) کە جاران ماددە (٢٨) بوو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا هەردوو ماددە دەبێت بەیەکەوە بخوێنینەوە و سزاکان بە زنجیرە دەخوێنینەوە.
العقوبات التي تفرضها لجنة الانضباط:
١ـ التنبيه ـ ويكون بتوجيه كتاب الى المخالف ينبه فيه الى عدم الارتياح من تصرفه.
٢ـ الانذار ـ ويكون بتوجيه كتاب يعلن فيه الاستياء من تصرفات المخالف ويطلب منه عدم تكرار الفعل وبعكسه ستطبق بحقه عقوبة اشد.
٣ـ غلق عيادة الطبيب المخالف لمدة لاتتجاوز اسبوعاً بعد استنفاذ اولاً وثانياً من هذه المادة.
٤ـ احالة المخالف الى لجنة الانضباط.
٥ ـ الغرامة بمبلغ لايتجاوز (١٠٠٠) دينار وعند عدم الدفع يمنع من الممارسة الخاصة مدة لاتتجاوز ستة اشهر واذا عاد لارتكاب المخالفة خلال ثلاث سنوات من تاريخ ارتكاب المخالفة السابقة فتكون الغرامة مبلغاً لايزيد عن (٢٠٠٠) دينار وعند عدم الدفع يمنع من الممارسة الخاصة مدة لا تتجاوز السنة.
٦ ـ المنع من الممارسة الخاصة للمهنة لمدة لا تتجاوز السنة فقط.
٣ـ الغرامة والمنع من الممارسة معاً في حدود البندين ثالثاً ورابعاً من هذه المادة.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لای ئێمە پاش ئەو تەقدیم و تەئخیرە وای لێهات:
للجنة الانضباط فرض العقوبات التالية:
١- التنبيه: ويكون بتوجيه كتاب الى المخالف ينبه فيه الى عدم الارتياح من تصرفه.
٢- الانذار: ويكون بتوجيه كتاب يعلن فيه الاستياء من تصرفات المخالف ويطلب منه عدم تكرار الفعل وبعكسه ستطبق بحقه عقوبة اشد.
٣- الغرامة بمبلغ لايقل (٢٥٠) دينار ولايزيد على (١٠٠٠) دينار وعند عدم الدفع يمنع من الممارسة الخاصة مدة لاتتجاوز ستة اشهر واذا عاد لارتكاب ا لمخالفة خلال سنة واحدة من تاريخ ارتكاب المخالفة فتكون الغرامة مبلغاً لايقل على (٥٠٠) دينار ولايزيد على (٢٠٠٠) ديناراً وعند عدم الدفع يمنع من الممارسة الخاصة مدة لاتتجاوز السنة.

٤- المنع من الممارسة الخاصة للمهنة لمدة لاتتجاوز السنة فقط.

٥- الغرامة والمنع من الممارسة معاً الوارد في البندين (٣و٤).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی خزمەتگوزاری فەرمون.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رای لیژنە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە لەسەر ئەو ماددەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.

بەڕێز د. ناسح غەفور فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو سزایانەی کە دیاریکراون (١ و ٢) من تێبینیم لەسەریان نییە، بەلام لەسەر الغرامە کە (٢٥٠) دینارە بۆ (١٠٠٠) دینار رای من وایە (٥٠٠ تا ١٠٠٠) دینار بێت، هی دووەمیشیان (١٠٠٠ بۆ ٢٠٠٠) دینار بێت و، من پێموایە ئەو غرامەیە ئەوەندە زۆر نییە، دوایی عقوبەی چوارەم ماوەی ساڵێکە بۆیە لەماوەی ئەو ساڵە و ئەو غەرامە بچوکەی هەزار یان دوو هەزار دینارە سزایەکی تر هەبێت (المنع من الممارسة الخاصة للمهنة لمدة لا تتجاوز شهراً واحداً) لە دوای ئەوە پێنجەم بکرێت بە (الغرامة والمنع من الممارسة معاً الوارد في البندين ٣ و ٤) مەبەستم مانگەکەو ئەو (٣٠٠٠) دینارەیە یان ئەو (٢٠٠٠) دینارەیە ئینجا چوارەکەی کە ئێستا لێرەدا هاتووە ئەوەی کە لیژنەی یاسا پێشنیاری کردووە ئەوە ببێتە شەشەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟. لیژنەی یاسا فەرمون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو سزایانەی کە ئێستا دانراوە زۆریان شتی معنویە، بەرای ئیمە (٢٥٠) دینار و (٥٠٠) دینار بەرای ئێمە هیچ لە مەوزوعەکە ناگۆڕێت ئەگەر دکتۆرێک سەرپێچی بکات، بەلام لەرووی مەعنویەوە زۆر کاریگەری لەسەر دکتۆرێک دەبێت کە ئەگەر (١٠) دیناریش سزا بدرێت کە سەرپێچی کردووە لە یاساکانی پیشەکەی، لەبەرئەوە مەبلەغەکە زۆر گرنگ نییە، ئێمە زیاتر لایەنی مەعنەوی رەچاو دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وا دیارە هیچ تێبینی تر نییە. کەواتە پێشنیاری لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پێشنیارەکە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکان یەک خران، ئێستا ماددە (٣٠) دەخوێنمەوە کە لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددە (٣٣)یە.

المادة الثلاثون:

(اذا وجدت لجنة الانضباط ان الفعل المنسوب الى الطبيب يشكل جريمة فعليها ان تحيل القضية الى المحكمة المختصة مع اوراق القضية ولاتمنع الحكم بالبراءة بعد ذلك من اتخاذ الاجراءات الانضباطية هذه وفق احكام هذا القانون.) خۆی لە پرۆژەکە (هذا النظام) نووسراوە بەڵام دەبێت بکرێتە (هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا رایان وایە بە هەمان شێوە بمێنێتەوە.

لیژنەی خزمەتگوزاری فەرمون.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رامان وایە بەهەمان شێوە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.

د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیار دەکەم کاتێک دکتۆرێک لەلایەن دادگاوە (حکم بالبراءە)ی بۆ دەرچوو بۆچی لەلایەن لیژنەی ئینزباتەوە هەر مولاحەقە بکرێت؟، ئەو پرسیارە ئاراستەی لیژنەی یاسا دەکەم تکایە بۆمانی روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرمون.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحــەمــەد نەقــشــبــەندی:**

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئــەنجـــــــومــــــەن.**

مەسەلە جەوازییە دەڵێت مانع نییە ئەگەر دکتۆرێک لەسەر تاوانێک درا بە دادگا هیچ مانعێک نییە کە سەندیکا (تنبیە)ێکی ئاراستە بکات بڵێت جارێکی تر حەز ناکەین ئەم جۆرە کـارانە دووبارە بکەیتەوە ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندی بە سومعەی دەکتۆرەکەوە هەبێت، مەسەلەکەش جەوازییە و وجوبی نییە، بەرای خۆیەتی ئەگەر بە گونجاوی بزانێت سزاکەی دەداتێ ئەگەر نا نایداتێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـەفـــەر مــحــەمــەد حــســێن:**

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئــەنجـــــــومــــــەن.**

مانای (براءە) هیچ بەڵگەیەکی نییە، ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسا لارییان نەبێت بەو شێوەیە بێت (تمنع بالاجراء عنە)، هەمیشە افراج لە دادگا بەڵگەی تەواوی نییە، لەبەرئەوە بوار دەمێنێت بۆ ئیجرائاتی ئینزباتی، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

خۆی ئەندامانی لیژنەی ئینزبات دادوەر نین قانونییش نین بەڵکو پیشەیینە، بەڵام لە میانی کارکردن لە پیشەکەدا شتێک روو دەدات بە تەسەوری ئەوان تاوانە واتا ئەو کارەی کە دکتۆر کردوویەتی سەرپێچی کردنە لە ئسولی پیشەکە من تەسەور دەکەم ئەوە زیاتر جریمەش بێت دەیدەن بە دادگا، دادگاش دەڵێت تاوان نییەو حوکمی بەرائەی دەدات بەڵام خەرقی پیشەکەی کردووە یان شتێکی کردووە سەرپێچییە لە نیزامی سەندیکا، لەبەرئەوە ئەوە رێگا لەوە ناگرێت کە بەپێی نیزامی سەندیکا حوکمی خۆی لەسەر بدات، مەسەلەکە روونە.

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز مــحــەمــەد حــەســەن باڵـەتە:**

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئــەنجـــــــومــــــەن.**

ئەوەی کاکەرەش فەرمووی ئەوە راستە هەتا لە لیژنەی ئینزباتی فەرمانبەرانی دەوڵەتدا هەیە کە یەکێک درا بە دادگا دادگاش ئیفراجی کرد سەرۆکی ئیدارە مافی هەیە سزایەکی ئیداری بداتێ واتا لە دوای بڕیاری دادگاش ئەو مافەی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکـی ئــەنجـــــــومــــــەن:**

بە باشی روون کرایەوە لەبەرئەوە ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كاك سەفەر فەرمووی جیاوازی هەیە لە نێوان براءەو ئیفراج، كە ئەگەر ئەو كەسە ئیفراجی بۆ دەرچوو بەڵام لە دوارۆژ بەڵگەیەكی تر دەرچوو دەتوانن بیدەنە دادگا بەڵام حوكمی بەرائە كۆتاییە هەتا ئەگەر بەڵگەش دەرچوو ناتوانن جارێكی تر بیدەنە دادگا، لەبەرئەوە منیش پشتگیری رایەكەی كاك سەفەر دەكەم وشەی براءە ببێتە ئیفراج، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەكە روونە جیاوازی كردووە لە نێوان سزای جەزائی و جەزای ئینزباتی، ئەگەر لە عقوباتی جەزائی ئیفراج بوو یان بەرائە بوو مەرج نییە لە سزای ئینزباتی رزگاری ببێت، بابەتەكە بەو شێوەیەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەرای من روونە دەڵێت هەتا ئەگەر بەرائەت بێت هیچی لەسەر نییە لەوانەیە جارێكی تر بانگ نەكرێتەوە بۆ دادگا بەڵام ئەو سزای ئینزباتی خۆی هەر دەدات، لەبەرئەوە بەرائەكە تەواوە.

ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە. تكایە ئەو كەسانەی كە ماددە (٣٠) پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە.. سوپاس.. ئەو كەسانەی كە ماددەكە پەسند ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الحادية والثلاثون:

١- يمنع الطبيب من ممارسة المهنة طوال حبسه او سجنه او حجزه.

٢- يمنع الطبيب من مماسة المهنة مدة الحبس والغرامة عند الحكم عليه بهما عند ارتكابه جريمة مخلة بالشرف ذات علاقة بالمهنة.

٣- اذا تكرر الحكم على الطبيب نتيجة ادانته على افعال ذات علاقة بالمهنة لايجوز اعادة تسجيله الا بعد موافقة جديدة من مجلس النقابة وفق القوانين والانظمة والتعليمات الصادر بموجبه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

هیچ تێبینیمان نییە لەسەری.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

من پرسیارێکم هەیە (يمنع الطبيب من ممارسة المهنة طوال حبسه او سجنه او حجزه) هەتا ئەگەر سیاسیش بێت؟. لیژنەی خزمەتگوزاری تکایە راتان چییە؟.

**بەڕێز مـەلا هادی خـضـر کـوێخـا:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

تەنیا تێبینیم لەسەر بڕگە یەکەم هەیە، ئەگەر حەبس بێت یان سجن بێت یان حجز بێت لە کوێ مومارەسەی پیشەکەی دەکات؟. بەرای من ئەو بڕگەیە لابدرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـرەنـسـۆ تـۆمـا هـەریـری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

لەوانەیە هەندێ وەجاهەتی تێدا بێت لەوانەیە (حكم مع ايقاف التنفيذ) دەبێت ئەو کاتە قەدەغە دەکرێت لە مومارەسەی پیشەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بڕگە (١) شامله (طوال حبسه او سجنه او حجزه). بڕگە (٢) پێویست ناکات دەڵێت (مدة الحبس والغرامة) یانی حەبسەکەی هەر تێدایە، رامان وایە لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز مـحـەمـەد حـەسـەن باڵـەتە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

لەرووی یاساییەوە من روونکردنەوەیەک دەدەم (مدة الحبس والغرامة) گریمان دکتۆرێک حوکمی غەرامەی لەسەر درا نەک حەبس، غەرامەکەشی نەدا ما يقابل الغرامه حبس دەبێت (عند عدم الدفع حبسه لمدة كذا) ئەمە لە رووی یاساییەوە بەم شێوەیەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە من لێی تێ نەگەم ئەگەر روونیش نەبێت دەبێت لێتوێژینەوەی لێ بکرێت، ئەمە بۆ ئەوەیە کە هەمیشە پزیشکە کە لە پیشەکەی دوورخرێتەوە، چونکە «مخل بالشرف»ە و پەیوەندی بە پیشەکەیەوە هەیە و، دەبێت لە پزیشکەکە قەدەغە کرێت، بەڵام باش دانەڕێژراوەتەوە، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دەستەی سەرۆکایەتی داڕێژرا کەوا بەم شێوەیە بێت:(یمنع الطبیب من ممارسة المهمنة عند الحکم علیه بجریمة مخلة بالشرف ذات علاقة بالمهنة) و رەهایە چونکە «غرامە و حبس و سجن»یش هەر حوکمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم خاڵی دووەم دەڵێت: «یمنع الطبیب من ممارسة المهنة مدة الحبس والغرامة عند الحکم علیه بهما» زیادەیە، بڕگە یەک و ئەوانی تری کە پاش ئەم دەستەواژەیە دێت بە یەکەوە دەبنە بڕگەیەکی تەواو و بڵێین:(یمنع الطبیب من ممارسة المهمنة عند الحکم علیه بجریمة مخلة بالشرف ذات علاقة بالمهنة)بەم شێوەیە دەبێتە بڕگەیەکی تەواو و داڕشتنێکی ڕێکوپێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە لیژنەی یاسا جارێکی تر ماددەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادیة والثلاثون:

١ـ یمنع الطبیب من ممارسة المهنة طوال حبسه او سجنه او حجزه.

٢ـ یمنع الطبیب من مماسة المهنة إذا حکم علیه بجریمة مخلة بالشرف ذات علاقة بالمهنة.

٣ـ اذا تکرر الحکم علی الطبیب نتیجة ادانته علی افعال ذات علاقة بالمهنة لایجوز اعادة تسجیله الا بعد موافقة جدیدة من مجلس النقابة وفق القوانین والانظمة والتعلیمات الصادرة بموجبه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دیخەینە دەنگدانەوە، تکایە کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە بەم شێوەیە کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، دێینە سەر ماددەی «٣٢» فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثانية والثلاثون:

١- يبلغ قرار المنع من ممارسة المهنة الى الجهات ذات العلاقة التي تنسبها لجنة الانضباط ويعلن عن ذلك في جميع فروع النقابة.

٢- لايجوز ان يحل طبيب اخر في عيادة الطبيب الممنوع من ممارسة المهنة.

٣- تعتبر الغرامة المحكوم بها من قبل لجنة الانضباط وفق احكام هذا النظام ايراداً الى النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی خزمەتگوزاری فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە با ناونووسی خۆیان بکەن، خاڵی دووەم روونکردنەوەی پێویستە، ئایا بەشێوەیەکی رەها هاتووە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، بەشێوەیەکی رەها هاتووە و، ئەو پزیشکەی کە عیادەکەی دادەخرێت بەهیچ شێوەیەک بۆ هیچ پزیشکێکی تر نییە لە شوێنی ئەو و لە عیادەکەی ئەو کار بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من برگەی «٢» زیادەیە، «٢- لایجوز ان یحل طبیب اخر في عیادة الطبیب الممنوع من ممارسة المهنة.» ،بەڵکو ئەو پزیشکە جێگای دەستەکەوتووە و ئاشکرای دەکات کەوا ئەو لەو شوێنە کار دەکات، چونکە ئەوە پزیشکێکی ترە و ئەوی پێشوو نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆیە من وتم روون کردنەوە پێویستە، بۆ نموونە ئەگەر ئەو پزیشکە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لە کار دوورخرایەوە،پاش ئەوەی ماوەکەی بەسەر چوو دەگەڕێتەوە بۆ عیادەکەی خۆی، جا بۆیە نابێت کەس بچێتە جێگاکەی ئەو، پاشان نابێت کەسیش بەناوی ئەوەوە ئیش بکات، بەڵام ئەگەر بەیەکجاری چۆڵی کرد ئەوە پزیشکێکی تر دێت و ناوی خۆی هەڵدەواسێت و بۆ خۆی ئیش دەکات، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لە جێگایەک تەنها ئەو عیادەیەی لێ بوو و ئەو عیادەیە بەهۆیەکەوە داخرا، باشە ئەو نەخۆشانە چ گوناهێکیان هەیە کەوا بەبێ عیادە بمێننەوە و، بواریش نەدرێت بە پزیشکێکی تر بێت لەو عیادەیە کار بکات، چونکە لەو حاڵەتە عیادەی تر نابێت، هەروەها پزیشکێک کە چارەسەری نەخۆش دەکات بەناوی خۆیەوە دیکات و بەناوی پزیشکێکی تر نابێت، جا ئەگەر تۆزێک ورد تربین لەم برگەیەدا سوودبەخشتر دەبێت بۆ هاوولاتیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام روونە کە دەڵێت:«٢- لایجوز ان یحل طبیب اخر في عیادة الطبیب الممنوع من ممارسة المهنة.» ، نابێت کەس لە جێگای ناوی ئەو ئیش بکات، کەواتە ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٣٢»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو ماددەی «٣٣» بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثالثة والثلاثون:

١- اذا قدم شکوی الی مجلس النقابة فتحیلها الی الفرع ذي العلاقة وللفرع غلق القضیة و اذا لم یثبت لدی اي منهما صحة الشکوی تحال الی اللجنة الانضباطیة.

٢- يعين رئيس اللجنة تاريخ انعقاد الجلسة ويبلغ الطبيب بذلك.
٣- تكون جلسات لجنة الانضباط سرية.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا لەسەر ئەم ماددەیە بەم شێوەیەیە: (نقترح اعادة صياغة الفقرة الاولى من هذه المادة كالاتي:

١- اذا قدمت شكوى الى مجلس النقابة فتحيلها الى الفرع ذي العلاقة لابداء رأيه مع التوصيات وعلى المجلس احالتها مع الاوراق الى لجنة الانضباط.)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەتاوەکو ئەگەر راستیش نەبێت؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجومەن مافی رەوانە کردنی هەیە، بەڵام دەبێت رای خۆی بدات، بەڵام مافی بەستنی قەزیەکەی نییە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی خزمەتگوزاری فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ پرۆژە بنەڕەتییەکەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ناونووس کردنیان، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەم ماددەیە و ئەو دوو ماددەیەی پاشیشی پێویست ناکات لە یاسا بن، بەڵکو بڕۆنە پیرەو باشترە، چونکە ئێمە یاساکە بەم شێوەیە درێژ دەکەینەوە، چونکە ئەم «٣» ماددەیە لە پیرەودا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسا چییە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە شکاتە کە هاوولاتیان پێشکەشی سەندیکای دەکەن دەبێت ڕایەکی لەسەر بدرێت، بەڵکو لە پێڕەوی ناوخۆدا ئەوە نەهات، یەکێک زەرەرمەندە لە پزیشکێک شکات دەکات، پێویستە سەندیکا لەو شکاتە بکۆڵێتەوە، جا ئەگەر پەیوەندی بە لقێکی تایبەتییەوە هەبێت ئەوە ڕەوانەی ئەو لقەی دەکەن، پاشان دێتە ئەنجومەن و، ئەنجومەنیش ئەگەر پێی مەعقول بوو ڕەوانەی لیژنەی بەرزەفتی «إنضباط»ی دەکات، ئەگەریش نا ئەوە شکاتەکە دادەخات و، مافیشیان هەیە ئەگەر بە بڕیارەکەی سەندیکا ڕازی نەبوو، ئەوە شکاتەکەی بباتە دادگا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش دوو ڕای ڕوون هەیە، یەکێکیان ڕای لیژنەی یاسایە کە خوێنرایەوە و، ئەوی تریشیان ڕای لیژنەی خزمەتگوزارییە کە پشتگیری لە پرۆژە بنەڕەتییەکە دەکات، پێشەکی ڕای لیژنەی یاسا دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ڕای لیژنەی یاسایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین دێینە سەر ماددەی «٣٤» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الرابعة والثلاثون:

للنقيب ولاطراف القضية الطعن في قرارات لجنة الانضباط خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ الحكم الوجاهي ومن تاريخ تبليغ فيه المحكوم عليه غيابيا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسا بەم شێوەیەیە:

نقترح اعادة صياغة هذه المادة وتكون كالاتي:

للنقيب واطراف القضية الطعن في قرارات لجنة الانضباط لدى محكمة تمييز اقليم كوردستان خلال مدة ثلاثين يوماً اعتباراً من تاريخ التبلغ بالقرار ويكون قرارها باتاً.

ڕای وەزارەت و سەندیکاش ئەوە بوو کەوا وەزیریش ئەو مافەی هەبێت کە «طعن» لە بڕیارەکانی

لیژنەی بەرزەفتی بدات، بەڵام ئێمە رامان وا نەبوو کەوا وەزارەت ئەو مافەی بدرێتێ کە «طعن» لە بڕیارەکانی لیژنەی بەرزەفتی بدات پێش دادگای تەمییز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێناسەکەدا هاتووە وشەی«إقلیم کوردستان» نابێت، دەبێت بکرێتە «الإقلیم» ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ناوی کوردستان تاوەکو زۆرتر بێت باشترە، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هیچ یاسایەکدا نەقیب رۆڵی نییە لە «طعن» کردن دا، چونکە هەر قەزییەیەک دوو لایەنی هەیە، جا ئەو دوو لایەنە بەرژەوەندییان هەیە لە «طعن»کردن دا، نەقیب هیچ رۆڵێکی نەدراوەتی لە هیچ سەندیکایەک،چونکە لەوانەیە هەردوو لایەن پێکهاتوون، بەڵام بەدڵی نەقیب نییە و «طعن» لە قەزییەکە دەکات،لەبەر ئەوە رۆڵ بە نەقیب نەدرێت، چونکە نەقیب هیچ پەیوەندییەکی بە قەزییەکەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆڵی نەقیب رۆڵێکی زۆر بنەڕەتییە لە بابەتەکەدا، لەوانەیە ئەو شکاتەی کە دەدرێتە سەندیکا و سەندیکاش رەوانەی لیژنەی بەرزەفتی دەکات، دوور نییە سەندیکا ئاگادارییەکی لە مەسەلەکە هەبێت و، بزانێت کەوا لیژنەی بەرزەفتی سستییەکی کردووە و، ئەو هاووڵاتییە مافی گوم دەبێت، چ زیانێکی هەیە ئەگەر نەقیب بتوانێت «طعن» لە بڕیارەکە بدات لەلای دادگای تەمییز و، دادگای تەمییزیش بڕیاری کۆتاییە، ئەگەر بینی نەقیب لەسەر هەق نییە بڕیارەکەی رەت دەکاتەوە، بەڵام بۆ ئەو مافەی نەبێت، لەوانەیە زۆرجار هاووڵاتی غەدرلێ کراو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر وتمان لیژنەی بەرزەفتی لە سەنتەری سەندیکادا دروست دەبێت، لەبەر ئەوە ئەگەر

بەرهەڵستیمان لە دەستەی گشتیدا نەبێت، لەوانەیە دەستەی گشتی سێ ساڵە ئیشەکە ناڕووینێ، چونکە ئەنجومەنی سەندیکا خۆی ئەو بڕوایەی پێ داوە، ئەگەر هاتوو سەرۆکی لیژنەی بەرزەفتی، یا ئەندامانی لیژنەکە بە ڕێکوپێکی ئیشەکەیان نەڕواند و، سستییان کرد لە کارەکەیان، ئەوە سەندیکا مافی خۆیەتی کەوا بیگۆڕێت، نەوەکو لەبەر ئەو سستییەی کە هەیە ئەو مافە بدرێت بە نەقیب، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە لیژنەی بەرزەفی بگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەقیب دوو ئەرکی سەرەکی هەیە، یەکەمیان بەرگری کردنە لە ئسولی پیشەکە و، دووەمیشیان بەرگری کردن لە ئەندامانی سەندیکاکە، بەو مافە ئێمە ئەو مافەی ئەدەینێ کە ئەگەر لیژنەی بەرزەفتی بڕیارێکی دەرکرد هەڵە بوو، نەقیب بە هەڵەی زانی ، ئەبێت چۆن هەڵی وەشێنێتەوە، ناتوانێ، ئەبێت بیداتەوە بە دادگای تەمییز، ئەگەر ئەو مافەمان نەدایە ناتوانێت بەرگری لە پزیشکێک بکات کە ئەندامی سەندیکایە و بە ناهەق حوکمێکی بەسەردا دەرچووە و، نە دەتوانێت بەرگری لە مافی هاووڵاتییەک بکات کە بە پێچەوانەی ئسوولی پیشە ڕەفتاری لەگەڵدا کراوە، هیچی پێ ناکرێ، کەواتا دەستیمان بەستەوە، لەبەر ئەوە بەرای من شتێکی باشە، جا بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە بەم شێوەیەی کە لیژنەی یاسا خوێندیەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٣٥» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الخامسة والثلاثون:

يحكم النقيب ونائب النقيب عند قيامه مقام النقيب في المخالفات الانضباطية الناشئة عن احكام هذا النظام امام مجلس الانضباط وتكون الاحالة من قبل المؤتمر العام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا بەم شێوەیەیە:

يتخذ الاجراءات القانونية بحق النقيب ونائبه لدى قيامه مقام النقيب في المخالفات الانضباطية الناشئة عن احكام هذا القانون امام لجنة الانضباط وتكون الاحالة من قبل المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەنجومەن، یا دەستەی گشتی؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجومەن، چونکە ئەگەر دەستەی گشتی کۆنەبووەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناکرێ، لە دانیشتنی بەدەر دەبێت کۆبنەوە، نەقیب لە دەستەی گشتییەوە هەڵبژێردراوە و، مافی دەستەی گشتییە کە موحاسەبەی بکات و بڕیاری لەسەر بدات و، لەکاتی وادا دەبێت دەستەی گشتی کۆبوونەوەیەکی بەدرەری بۆ ببەستێت، چونکە ناکرێت ئەنجومەن دانیشێت و بڵێت نەقیب لابردرێت،هیچ تێبینییەکی تر هەیە؟، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕایەکەی جەنابت دەکەم ، چونکە نەقیب هەڵبژێردراوە و لیژنەی بەرزەفتیش دامەزراوە، لەبەر ئەوە ناکرێت جگە لە دەستەی گشتی کەسی تر ئیجرائات بەرامبەر بە نەقیب وەرگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتی کۆنگرەیە نەوەک ئەنجومەن، دەستەی گشتی دەبێت کۆبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە لە هیچ یاسایەکدا نەهاتووە، چونکە هەمووی دەرئەنجامە«تحصیل حاصل»ە، چونکە کۆنگرە بۆی هەیە موحاسەبەی هەموو کەسێک بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕای من ئەگەر «المؤتمر العام» بکرێتە «الهیئة العامة» باشترە، بۆ نموونە ئێستا لە پەرلەمان دەستەی سەرۆکایەتی «٣» کەسن بۆیان نییە سەرۆک لادەن، بەڵام پەرلەمان ئەو مافەی هەیە، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا کە بوو بە یاسا، دەکرێت ئەنجومەن ڕەوانەی لیژنەی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئێمە هەوڵ ئەدەین کە یاساکانمان راست بێت و، دەبێت یاساکانمان لەگەڵ بنەما گشتییەکاندا بگونجێت، ئەو یاسایەی کە پەرلەمان دەری دەکات نابێت هەڵەی تیادا هەبێت، بۆیە دادەنیشین و گفتوگۆی لەسەر دەکەین تاوەکو مافی خۆی بدەینێ و بەراست ودروستی دەرچێت، هەموو کەسێکیش هەڵە دەکات، لەوانەیە چەند گفتوگۆی لەسەر بکەین و چەند بیروڕای لەسەر بگۆڕینەوە، یاسایەک دەرچێت هەڵەی تیادا هەبێ، بۆیە ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، با جارێکی تر بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

يتخذ الاجراءات القانونية بحق النقيب ونائبه لدى قيامه مقام النقيب في المخالفات الانضباطية الناشئة عن احكام هذا القانون امام لجنة الانضباط وتكون الاحالة من قبل الهيئة العامة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر نییە؟، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٣٥» دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٣٦» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

«احكام عامة»

المادة السادسة والثلاثون:

١- لايجوز حجز او بيع ممتلكات النقابة الا اذا كان الدين ناشئاً عن ثمنها.

٢- لايجوز تحري مقر النقابة او مقرات فروعها الا بحضور النقيب او نائبه او رئيس الفرع او من يمثلهم.

٣- كل اعتداء على عضو اثناء تأدية واجبه او بسبب ممارسته المهنة يعرض الفاعل الى العقوبة عن ذلك.

٤- على السلطة التحقيقية اخبار النقابة او فروعها قبل اجراء التحقيق مع العضو في الجرائم

غير المشهودة وعلى النقابة انتداب من يمثلها اثناء التحقيق.
٥- يعالج العضو في الغرف المأجورة بالدرجة الاولى في المؤسسات الصحية والحكومية ومعاهدها الفنية ويعفى من دفع الاجور وتخصم اتعاب الاطباء والجراحين من قائمة حسابه عند رقوده في المستشفيات الاهلية وعند مراجعته العيادات الخاصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا لەسەر برگەی «٣» ئەوەیە کە دارشتنەکەی تۆزێک رێکوپێک نییە و بەم شێوەیەی خوارەوە دامانڕشتەوە:
نقترح صياغة الفقرة ا لثالثة من هذه المادة وكالاتي:
٣- كل اعتداء على العضو اثناء تأدية واجبه او بسبب ممارسة المهنة يعرض الفاعل الى العقوبة التي يعاقب بها من اعتدى على موظف اثناء تأديته لواجباته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش دارشتنەوەی پێویستە مفهومەکە روونە، هەر وەکو فەرمانبەری حکومی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، لیژنەی کارگوزاری تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو هاتووە عەیبی نییە بە شێوەیەکی باش هاتووە، ئێمە هیچ تێبینیمان لە سەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان لەسەر ئەوە ماددەیە هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، هیچ تێبینیەک نییە؟ رای لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگ دانەوە کێ رای لیژنەی یاسایی پەسەند دەکات تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السابعة و الثلاثون:
كل من يمارس مهنة الطب او حاول ممارستها او نقل او انتحل صفة او لقب او علاقة تدل على انه مرخص بمهارة مهنة الطب من غير سابق تسجيل او اجازة بموجب احكام هذا النظام والقوانين

الاخرى والتي لاتتوفر فيه شروط التسجيل والاجازة يعاقب بالحبس مدة لاتتجاوز سنتين او بغرامة لاتقل عن( ٢٠٠٠ )دينار ولاتزيد عن( ٣٠٠٠ )دينار.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
رای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەرێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
تەنها (هذا النظام) کراوەتە (هذا القانون)، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
وابزانم لە دێری تریش ممارسە کراوەتە مهارە. لیژنەی کارگوزاری تێبینیتان هەیە؟.

**بەرێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
هەمان تێبینیمان هەیە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەو بەرێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، کاک بورهان فەرموو.

**بەرێز بورهان عەلی جاف:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەسەندیکاکانی تر کە هاتووە سزای بەرزەفتی مەنع کردن، یان ئاگادارکردنەوەیە، یان غەرامەیە، کەچی لەو ماددەیە هاتووە دەڵێ بەندکردن ، بەندکردن تەنها بۆ دادگا هەیە ،ئەگەر بابەتەکەی بە جۆرێکی ترە، انتحالی صفەی کردوە، ئەوەی یاسای عقوبات هەیە، حەواڵەی دادگا دەکرێ و دادگا بریاری خۆی دەدات جا چ گرتن بێت یان غەرامە بێت،بەرای من لێرە جێگەی نابێتەوە سزا لە لایەن یاسای سەندیکاوە بکرێت بە ساڵ ،سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لیژنەی یاسایی تکایە راتان چییە؟.

**بەرێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ماددەکەمان کرد بە دوو برگە کە بەم شێوەیە:

١ـ كل من يمارس مهنة الطب من غير سابق التسجيل او الاجازة بموجب هذا القانون يعاقب بغرامة لا تقل عن ( ٢٠٠٠ ) دينار ولا تزيد عن ( ٣٠٠٠ ) دينار.

٢ـ كل من انتحل صفة او لقب او علاقة تدل على انه مرخص لممارسة مهنة الطب يعاقب بالعقوبات المنصوص عليها في القوانين النافذة. «سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە ،مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر كوێخا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە زۆر گەڕەكەكان ئەو كارەی ئێمە ئێستا قەدەغەی دەكەین ، برین پێچە، یان یاریدەدەری پزیشكە عیادەی كردتەوە، وابێ دەبێ ڕۆژانە ١٠ كەس ٢٠ كەس بدرێتە دادگا، بەڕای من پێشنیارەكە كە دەڵێ زۆر توندە، ئەوە هەر هەبێ باشترە یان بەدیلێكی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەو قسەیە هەر كەسێ بیكردبا نەدەبوو سەرۆكی لیژنەی خزمەتگوزاری بیكردبا ، لەبەر ئەوەی خزمەت بۆ هاوولاتیان پێشكەش دەكەیت خۆ بۆ برینپێچێك نایكەی كە خۆی كردۆتە پزیشك. فەرموو كاك فەرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە دەرئەنجامە، بە پێی یاسا حوكم دەدرێ ، واتا هەبێ و نەبێ وەكو یەكە، لەبەر ئەوە سەرپێچیە وحوكم دەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵام ئێستا روون ترە، پێشنیارەكەی كە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگ دانەوە. كێ ئەو پێشنیارە وەكو ماددەی «٣٧» پەسەند دەكات؟ كێ پەسەندی ناكات؟ بە تێكرای دەنگ پەسەند كرا، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثامنة والثلاثون:

يجوز لطبيب احلال طبيب اخر في عيادته عند تمتعه بالاجازة بشرط ان يكون البديل حاملاً لنفس الدرجة العلمية على ان لاتتجاوز مدة الاجازة ثلاثة اشهر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا تێبینیان نییە. لیژنەی خزمەتگوزاری ، فەرمون.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە پزیشکێ هەمان تایبەتمەندی هەبێ و هەمان مواصفاتی هەبێ بۆ سێ مانگ بێ ؟ئەوە شەش مانگ مۆڵەتی وەرگرت چو بۆ دەرەوە؟ نەخۆش کەوت؟ بەرای ئێمە ماوەکە سنور دار نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەو چوو بۆ دەرەوە، قەیدی چی دەکات ئەو لێرە عیادەکەی بۆ ببا بەڕێوە؟.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ چارەسەری خۆی چووە ، بۆ هێنانی کەرەستەی پزیشکی چووە،گەر بۆ ماوەیەک دوا کەوت بۆ خەڵکی شوێنەکە بێ بەش بن لە چارەسەر کردن ،مادام هەمان بروانامەی هەیە، هەمان مواصفاتی هەیە، بە ویستی خۆیتی ، بەرای ئێمە ئەو سێ مانگە لابدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر کە عیادە دەکاتەوە خۆی بەرپرسیارە چی لە عیادەکەی روو دەدات، لەبەر ئەوە نابێ رەها بێت، بەکەیفی خۆی دکتۆر بێنێ، چیە هەمان مواصفاتی هەیە، کەسی دکتۆرەکە گرنگە، لەو بارە تۆناتوانی بیگۆڕیتەوە بە کەسێکی تر تەنها بۆ ماوەیەکی دیاری کراو نەبێ ، ئەویش بەپێی پێویست.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رام وایە ئەو دکتۆرەی کە قەطعەی هەڵدەواسێ، ئەگەر هەڵەیەک رووی دا کەسێکی لە دەست مرد ئەوە دکتۆرەکە بەرپرسە نەک ، ئەوەی کارەکەی کردوە لێ بەرپرسیارە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاکو یاساکە زیاتر ورد بێت هەمان پلەی زانستی ، دەبێ اختصاص بێت، پلەی زانستی و دەبێ باسی اختصاصیش بکرێ ،بۆ نمونە هەیە پلەی زانستی لە مندالانە ئەوەی تر لە جراحەیە،یان دەبی بڵێین (نفس الاختصاص) یان دەبێ بڵێین (نفس الدرجة العلمية و الاختصاص)ئەوە یەک، دوو خەڵکێکی زۆر بە دەست ئەو بابەتەوە نیگەرانن ،کە دەچی مراجعەی دکتۆرێک

دەکەی بە قەناعەتێکەوە دەچی، دەتەوێ ئەو ببینی،بۆیە دەبێ لێرە مەرجێک هەبێ بڵێی (تیایدا هاولاتیان ئاگادار بکاتەوە) ئەوە ببێتە مەرجێ یان لەوحەیەک لە ژووری چاوەروانی دابنێ کەوا بەدیلی داندراوە،وابزانم مەبەستەکەم روونە ، بۆنمونە دەچیە بەغدا بۆ لای دکتۆرێک پارەکەشت دەدەی کە دەچیە ژورەوە دەبینی دکتۆرێکی ترە،یەک سەر رەد فعلێکت بۆ دروست دەبێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لێژنەی یاسایی لەسەر زیاد کردنی والاختصاص.

**بەرێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لاریمان نییە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوای زیادکردنی اختصاص دوو را هەیە رای لێژنەی یاسایی ئەوەیە کە سێ مانگەکە بمێنێ، رای لێژنەی کارگوزاری ئەوەیە ئەو سێ مانگە لابدرێ رای لێژنەی یاسایی دەخەینە دەنک دانەوە، کێ رای لێژنەی یاسایی پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا. دێینە سەر ماددەی «٣٩» کاک شێروان فەرموو.

**بەرێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ماددەی «٣٩»ماددەیەکی اضافیمان هەیە ئەگەر رێگەمان بدەن کاکەرەش دەیخوێنێتەوە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش فەرموو.

**بەرێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەین ئەو ماددەیە زیاد بکرێ:

المادة التاسعة والثلاثون:

(لا یعمل باي نص یتعارض و احکام هذا القانون).

لەهەموو یاساکاندا ئەوە هەیە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەوە؟ نییە؟ دەیخەینە دەنگ دانەوە،کێ ئەو ماددەیە پەسەند دەکات؟ سوپاس کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الاربعون:

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە؟ مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیرزین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ بگوترێ (على مجلس الوزراء) چونکە لە سەندیکاکانی تر وا هاتووە نەک (الوزراء المختصين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیرە تایبەتمەندەکان جێبەجێی دەکات ئەوانەی پەیوەندیان نیە حەقیان چیە؟ بۆ نمونە یاسای سەندیکای پزیشکا پەیوەندی چیە بە وەزارەتی ئەوقاف؟ کە گوتمان مجلس الوزراء شمولیە، (على الوزراء المختصين )شتێکی زۆر معتادە ، ئەوەی پەیوەندی بەو یاسایە هەیە دەبێ جێبەجێی بکات ،ئەوەی پەیوەندی پێوە نییە هیچ گرفتێکی بۆ دروست ناکات ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ماددەکە پەسەند دەکات ؟ کێ پەسەندی ناکات ؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الحادية والاربعون:

ينفذ هذا القانون إعتباراً من تأريخ صدوره و ينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رامان وایە (ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية) نەک(من تاريخ صدوره)، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(في الجريدة الرسمية) راستە، ئەو کاتەی صدورمان دادەنا هێشتا جەریدەی رەسمیمان نەبوو ،فەرموو مامۆستا مەلا مەحمود.

**بەرێز مەلا مەحمود دێرشەوی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە زۆر شوێنی تر هاتووە (من وقائع کوردستان)بۆ لێرەش وا نەبێ؟، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راتان چیە ئەگەر بکرێتە وقائع؟ جوانترە ماددەی چل و یەکیش بەم شێوەیە دەخەینە دەنگ دانەوە(ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الوقائع الكوردستانية) تێبینی هەیە؟ فەوزیە خان فەرموو.

**بەرێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم (من تاريخ اقراره و نشره )چونکە هەندێ جار یاساکان لەو رۆژنامانە بڵاو دەکرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتی خۆی جەریدەی رەسمیمان نەبوو ، لەپەرلەمان اقرار دەکراو یەکسەر جێبەجێ دەکرا ئێستا رێچکەی ئوسولی خۆی وەر دەگرێ لێرە اقرار دەکرێ دەچێ لە وەقائعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە ئەو کاتە جێبەجێ دەکرێ. بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگ دانەوە. کێ پەسەندی دەکات؟ سوپاس کێ پەسەندی ناکات ؟بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا. ئێستا وەکو یاسا دەیخەینە دەنگ دانەوە کێ وەکو یاسای سەندیکای پزیشکانی کوردستان پەسەندی دەکات ؟ کێ پەسەندی ناکات ؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا. لێرەدا کۆتایی بەم دانیشتنەمان دێت بۆ دانیشتنی دادێ ئاگادارتان دەکەینەوە، سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیش**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢١
مێژووی بڕیار: ٢٩/ ١٠/ ٢٠٠٠

«بڕیار»
پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١١)ی ڕۆژی (١٨/١٠/٢٠٠٠)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لەیاسای ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٠)
یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم:
مەبەست لەم ووشانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:
هەرێم: مەبەست هەرێمی کوردستانی عێراقە.
سەندیکا: سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەن: ئەنجومەنی سەندیکا
نەقیب: نەقیبی پزیشکانی کوردستان.
پزیشک: هەر ئەندامێک لەسەندیکادا بڕوانامەیەکی لەپزیشکی یان هاوتاکەی هەبێت و لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت و لە زانکۆیەک یان پەیمانگایەک وەرگرتبێ کە لەلایەن ئەنجومەنی فێرکردنی باڵا لە هەرێمی کوردستان دانی پێداهێنرا بێ و پیشەکەی خۆی دەست دابێتێ لەیەکێک لەو پسپۆرییە پزیشکاییانەی کە لەم یاسایەدا بڕیاری لەسەر دراوە.
کارکردن لەپیشەکەدا: بریتییە لەکارکردن لەبواری پسپۆری یە پزیشکییەکان لەیەکێک لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە و ئەو نەخشەسازیی یەی کە مەبەستی پزیشکییان هەیە و، پێشکەش کردنی پرس و را لەبارەیانەوە وسەرپەرشتی کردنی وکارکردن لە کاروفرمانی پزشکی دا کە ئەنجومەنی سەندیکا دەستنیشانی دەکات.
وەزیر: وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتییە.

بەشی یەکەم
دامەزراندن و ئاماجەکان
ماددەی دووەم:
بەپێی ئەم یاسایە، سەندیکایەک دادەمەزرێ بەناوی سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستانی عێراق وخاوەنی کەسایەتییەکی مەعنەوییە و بارەگاکەی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێ و بۆی

هەیە لق لە پارێزگاکانی هەرێم بکاتەوە.

ماددەی سێیەم:

سەندیکا بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی ئەم ئامانجانە کاردەکات.

١- وەستانی پزیشکانی لەگەڵ گەلی کوردستان و پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم وپێڕۆی دیموکراتی و پتەوکردن وبەرەو چاکتربردنی فیدرالییەت.

٢- بەرگریی کردن لە مافی پیشەیی ڕەوای پزیشکانی لەهەرێمدا.

٣- ڕێکخستنی بەشداربوونی پزیشکانی لەژیانی کۆمەڵایەتیدا.

٤- سەرپەرشتی کردنی پیشەیی لەبارەی پزیشکان و دەست دانە پیشەیان لە عیادەی تایبەتی و نەخۆشخانە ئەهلیەکان، تاکو کاری چەوتی وا نەکرێ کە لەگەڵ پیرۆزیی پیشەکە نەگونجێ.

٥- چەسپاندنی مەرجەکانی کردنەوەی عیادەی تایبەتی و نەهێشتنی ئەو بارانەی کە مەرجەکانیان لێ نایەتە دی.

٦- وەدەست هێنانی دەرفەتی کارکردن بۆ پزیشکانی دانیشتووی هەرێم.

٧- ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی پزیشکان لەگەڵ دەزگاکانی دەوڵەت و دەزگا حکومەتی و ناحکومەتییەکان.

٨- هاریکاری کردن لەگەڵ سەندیکا و کۆمەڵەی پیشەیی دیکە لەهەرێم دا و لەدەرەوەیدا، لەوانەی ئامانجەکانیان لەگەڵ ئامانجی سەندیکادا دەگونجێن.

٩- بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ پزیشکە کوردەکان و دۆستانی گەلی کورد لەدەرەوەی هەرێم دا.

١٠- بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی و زانستی و رۆشنبیریی ئەندامانی بۆ پێشخستنی پیشەکە وپاراستنی.

١١- رای خۆی لەسەر ئەو پرۆژەی یاساو پێڕەوانەوە دەربڕێ کە پەیوەندیی بە پیشەی پزیشکی و ڕێککەوتننامە تەندروستییەکانەوە هەیە.

١٢- هەوڵ بدا کە ئاسوودەیی ژیانی ئەندامەکانی لە کاتی نەخۆشی وپیری وزەبوونیدا دەستەبەر بکا.

١٣- ڕێساکانی دەستدانە پیشەکە ڕێک بخات و موراقەبەی جێ بەجێ کردنیان بکات.

بەشی دووەم

چوونە ناو سەندیکا و ئەندامێتی

ماددەی چوارەم:

دەبێ ئەندام ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی:

١- لەهاووڵاتییانی کوردستانی عێراق بێ یاخود لێی دابنیشێ.

٢- بەتاوانێکی ناسیاسی یا کەتنێکی ئابڕوو بەر سزا نەدرابێ.

٣- بڕوانامەیەکی هەبێ کە لەبەکالۆریۆس یا هاوتای لەپزیشکی دا کەمتر نەبێ.

ماددەی پێنجەم:

١- چوونە ناو سەندیکا بەداواکارییەکی نووسراو دەبێ وپێشکەش بەنەقیب یا سەرۆکی لق لەپارێزگا دەکرێ و بەڵگەنامە پێویستەکانی پێوە دەلکێنرێ.

٢- داواکاریی چوونە ناو سەندیکا، لەماوە ی (٣٠) رۆژ لەمێژووی تۆمار کردنی لەسەندیکا،

دەخرێتە بەردەم ئەنجومەن و ئەنجومەنیش پێویستە لەو ماوەیەدا بیبڕێنێتەوە و ئەگەر ئەو ماوەیە ڕەت بوو و یەکلانەکرایەوە ئەو داوا کارە بەوەرگیرا و لەسەندیکا دادەنرێ.
٣ – ئەنجومەن بۆی هەیە بە بڕیارێکی هۆدار داواکاریی چونە ناو سەندیکا ڕەت بکاتەوە و خاوەن داواکەش بۆی هەیە لەلای دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستانی عێراق لەماوەی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی پێ ڕاگەیاندنیەوە تانووت لەو بڕیارە بدات و بڕیاری دادگاش بنبڕە.
ماددەی شەشەم:
١ – پزیشک لەهەرێمی کوردستاندا تا نەچێتە ناو سەندیکا بڕوانامەی تۆمار کردن ومۆڵەتی دەستدانە پیشەی وەرنەگرێ بۆی نییە دەست بداتە پیشەکەی.
٢ – ئەو پزیشکە کوردانەی لەدەرەوەی هەرێمن بۆیان هەیە بێنە ناو سەندیکا بەو مەرجەی هەموو مەرجێکی یاساییان لێ بێتە دی و ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە داواکەیان قەبووڵ بکات یا ڕەتی بکاتەوە.

ماددەی حەوتەم:
١ – نوێ کردنەوەی مۆڵەتی دەستدانە پیشە لەماوەی مانگی کانوونی دووەمی هەموو ساڵێکدا ئەنجام دەدرێ و ئەگەر هەر ئەندامێک لەو ماوەیە دوا کەوت بەبێ عوزرێ ڕەوای وا کە ئەنجومەن قەناعەتی پێ بێ، لە دەست دانە پشەکەی قەدەغە دەکرێ و مۆڵەتی کارکردنی پێ نادرێتەوە تاکو دووقات ئابۆنەی نوێ کردنەوەی نەدات.
٢ – ئەگەر ئەندام لەنوێ کردنەوەی مۆڵەتەکەی بۆ دوو ساڵی یەک لەدوای یەک دوا کەوت وهیچ عوزرێکی ڕەوای نەبوو، ئەوا ناوی لەتۆماری سەندیکا دەگوژێنرێتەوە و ماوە نادرێ دەست بداتە پیشەکەی و، ئەگەر ویستی دووبارە ناوی تۆمار بکرێتەوە دەبێ ئابۆنەی چوونە ناو سەندیکا و ئابۆنەی نوێ کردنەوەی مۆڵەتی دەست دانە پیشەکەی دووقات بدات.
٣ – ئەگەر ئەندامێ، مەرجێ لەمەرجەکانی چوونە ناو سەندیکای لەدەست دا، ئەوە مافی ئەندامییەکەی لەدەست دەدا و بە بڕیارێکی ئەنجومەن پیشەکەی لێ قەدەغە دەکرێ، بەڵام بۆی هەیە لەبەردەم دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا، لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا کە لەرۆژی ئاگادارکردنییەوە دەست پێدەکا تانە لە بڕیارەکەبدات، بڕیاری دادگاش چی بێ هەر ئەوەیە و دەبڕدرێتەوە.
ماددەی هەشتەم:
نابێ ئەندام پایەی نەقیبی و ئەم پایانەی خوارەوە پێکەوە کۆبکاتەوە:
١ – سەرۆکایەتی پەرلەمان.
٢ – وەزیر یان بریکاری وەزیر لەوەزارەتەکانی هەرێمدا.
٣ – بەڕێوەبەری گشتی لەوەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتیدا.
٤ – بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی بازرگانی.
ماددەی نۆیەم:
١ – دەستدانە پیشە تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە ئەندامی سەندیکان و هەموو هەلو مەرجێکیان بەپێی ئەم یاسایە لێ دێتە دی.
٢ – پێویستە فەرمانگە رەسمی و نیمچە رەسمییەکان و دام ودەزگاکانی دیکەی هەرێم وێنەیەک

لە فەرمانی دامەزراندنی ئیش پێ کردنی ئەو پزیشکەی کە ئەندامە بنێرێ بۆ سەندیکا.

ماددەی دەیەم:

١- نابێ پزیشکی مۆڵەتدراو پتر لەعیادەیەک لەهەرێمدا بکاتەوە.

٢- نابێ پزیشک عینوانی پسپۆرییەک لەهەر لقێک لەلقەکانی پزیشکی هەڵگرێ تەنیا دوای وەرگرتنی ئەو لەقەبەی دەبێ بەریگایەکی ئوسوولی لە لایەنێکی تایبەتمەند و تۆمارکردنی لەسەندیکادا.

٣- پزیشکی سەر بەدەوڵەت و هەموو کەرتەکانی دیکە بۆی هەیە دەست بداتە پیشەکەی لەدەرەوەی کاتی دەوامی رەسمی دا بەپێی ئەو هەلومەرجەی کە سەندیکا بۆیانی دیارکردووە.

٤- حوکمەکانی رێککەوتننامە و گرێبەندەکان بۆ ئەندامە کوردەکان و بیانیەکان و ئەوانەی لەپارێزگاکانی دیکەی عێراق دێن پێویستە رەچاو بکرێن، لەکاتێک دا گەر رێگەیان پێبدرێ دەست بدەنە پیشەکە.

بەشی سێیەم

پێکهاتەکان

ماددەی یازدەم:

یەکەم: سەندیکا لەمانەی خوارەوە پێک دێ:

١- دەستەی گشتی.

٢- ئەنجومەنی سەندیکا.

٣- لیژنەی بەرزەفتی.

٤- دەستەی لقەکانی پارێزگاکان.

دووەم:١- دەستەی گشتی لەهەموو ئەندامان یان ئەو نوێنەرانەی کە ئەرکی سەرشانی خۆیان بەپێی ئەم یاسایە جێ بەجێ کردووە پێک دێ و بەرزترین دەستەڵاتە لەسەندیکا و هەرسێ ساڵ جارێک کە لە مێژووی هەڵبژاردنەکەوە دەست پێ دەکا لەهەفتەی یەکەمی مانگی ئادار کۆبوونەوەیەکی ئاسایی لەبارەگای خۆی دەبەستێ و ئەمەش بەبریاری ئەنجومەنی سەندیکا وبانگهێشتی نەقیب دەبێ بۆ هەڵبژاردنی نەقیب و هەشت ئەندامی ئەصلی و دوو ئەندامی یەدەگ بۆ پڕکردنەوەی ئەندامیەتی ئەنجومەن و لیژنەی بەرزەفت کردن و نیسابیش بە ئامادەبوونی دووسێیەکی ئەندامانی دەستەی گشتی یا نوێنەرانی تەواو دەبێت و کاتێک کە نیساب تەواو نەبوو، ئەوا هەڵبژاردن دوای پازدە رۆژ لەکۆبوونەوەی یەکەم دەکرێ لەکات و شوێنی دیاری کراودا و لەو کاتەدا بە ئامادە بوونی سێیەکی ئەندامان یا نوێنەران نیساب تەواو دەبێ و بەپێچەوانەش ئەنجومەنەکە بە بەردەوام بوو دادەنرێ لەکارەکەی بۆ دەورەیەکی دیکە.

٢- لەبارێکدا کە ئەندامانی دەستەی گشتی لە (٥٠٠) ئەندام پتر بوون، ئەوا هەڵبژاردنەکە لەرێگەی نوێنەرانەوە دەبێ و رێژەی نواندنیان لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکا یان ئەوەی جێی دەگرێتەوە بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاوە دەسنیشان دەکرێ.

ماددەی دوازدەم:

١- دەستەی گشتی کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بۆ ئەم مەبەستانە ساز دەکات:

أ- هەڵبژاردنی نەقیب و ئەنجومەنی سەندیکا لەژێر چاودێری دادگادا.

ب – پەسەندکردنی بودجەی سەندیکا.
جـ – ئیقرارکردن و هەموارکردنی پێڕۆی ناوخۆ و سەیر کردنی ئەو پێشنیازانەی کە بۆ هەموارکردنی یاسای سەندیکا پێشکەش کراوە.
٢ – ئەنجومەنی سەندیکا، ساڵانە، بەهاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنەکانی لقەکاندا کۆبوونەوەیەک بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە سازدەدا:
أ – ئیقرارکردنی بوجەی ساڵانە و حسابکاریی کۆتایی.
ب – وتوویژ کردن و ئیقرارکردنی راپۆرتی ساڵانەو کاروباری سەندیکا.
جـ – سەیرکردنی ئەو پێشنیازانەی کە بۆ هەموارکردنی یاسای سەندیکا و پێڕۆی ناوخۆ پێشکەش کراون.
ماددەی سیازدەم:
١ – دەشێ بانگهێشتی دەستەی گشتی بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکرێ لەم دووبارەدا:
أ – بەبریارێکی هۆداری زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەن.
ب – بەداواکارییەکی نووسراوی هۆدار، لەلایەن سێیەکی ئەندامانی دەستەی گشتی یەوە پێشکەش بە ئەنجومەن بکرێ و ئەنجومەنیش دەبێ بانگهێشت دەربکات و وادەی کۆبوونەوە لەماوەی(١٥) رۆژ لە مێژووی گەیشتنی داواکاری یەکە دا دەسنیشان بکات.
٢ – نابێ لەکۆبوونەوە نائاساییەکانی دەستەی گشتی، جگە لەو کاروبارەی لەخشتەی کاردا هاتووە و کۆبوونەوەی بۆ کراوە باسی شتی تر بکرێت.
ماددەی چواردەیەم:
١ – ئەو ئەندامەی کە لەرێگەی بەرزەفت کردنەوە دەست دانە پیشەکەی لێ قەدەغە کراوە ناشێ بەشداریی لەکۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی دا بکات.
٢ – بریارەکان لەکۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی بەزۆربەی دەنگەکان دەدرێن و ئەگەر وەکو یەک دەرچوون، ئەوا ئەو لایەنە پەسەند دەکرێ کە نەقیب دەنگی لەگەڵ داوە.
ماددەی پازدەم:
بەرێوەبردنی کاربوباری سەندیکا، ئەنجومەنێک دەیگرێتە ئەستۆ کەپێک دێ لە:
یەکەم: نەقیب ومەرجە ماوەیەک دەستی دابێتە کارەکەی کە لە (١٢) ساڵ کەمتر نەبێ.
دووەم: هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ لەوانەی ماوەی دەستدانە پیشەکەیان لە (٨) ساڵ کەمتر نەبێ.
ماددەی شازدەم:
یەکەم: ئەنجومەن بەدەنگدانی نهێنی لەناو ئەندامەکانی دا جێگری نەقیب وسکرتێرێک و خەزنەدارێک لەیەکەمین کۆبوونەوەی دوای هەڵبژاردنەکە هەڵدەبژێرێ و دەستەڵاتی هەریەکێک لەوانە لەپێڕەوی ناوخۆی سەندیکا دەسنیشان دەکرێ.
دووەم: ئەنجومەن دانیشتنە ئاساییەکانی هەر مانگە جارێک بەلانی کەمەوە دەبەستێ و دەشبێ دانیشتنی نائاسایی لەسەر بانگهێشتی نەقیب یاخود لەسەر داوای سێیەکی ئەندامانی سازبکات.
ماددەی حەڤدەم:

یەکەم: نیسابی کۆبوونەکانی ئەنجومەن بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی تەواو دەبێت و بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئامادە بووان دەردەچن و کاتێک کە دەنگەکان بەرامبەر بوون ئەو لایەنە پەسەند دەکرێ کە نەقیب دەنگی لەگەڵ داوە.
دووەم: ئەگەر شوێنی نەقیب بەهەر هۆیەکەوە بێ چۆڵ بوو، ئەوا جێگرەکەی، جێی دەگرێتەوە، ئەگەر هاتوو شوێنی جێگر چۆڵ بوو، ئەوا سکرێتر جێی دەگرێتەوە، ئەمەش بۆ ئەو ماوەیە دەبێ کە لەدەورەکە دەمێنێ.
سێیەم: ئەگەر یەکێک لەپایەکانی ئەنجومەن بەهەر هۆیەک بێ چۆڵ بوو، ئەوا ئەندامێک لەنێو ئەندامەکانی تر بەرێگەی دەنگدانی نهێنی ئەو شوێنە پڕ دەکاتەوە و شوێنی ئەوەی دواییش یەکێک لەئەندامە یەدەگەکان پڕی دەکاتەوە کە دەنگی زۆرترە.
چوارەم: ئەگەر پایەی زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەن (جگە لەسەرۆکەکانی هۆبەکان) چۆڵ بوو، ئەوا دەبێ ئەنجومەن دەستەی گشتی بانگ بکات بۆ کۆبوونەوە و هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی پڕیان دەکەنەوە، لەماوەی دوو مانگ و، بەهەمان ئەو رێگایەی کە لەم یاسایەدا روون کراوەتەوە، ئەمەش بۆ ئەو ماوەیە دەبێ کە لەدەورەکە ماوە.

ماددەی هەژدەم:

ئەو ئەندامەی ئەنجومەن یان یەکێک لەلیژنەکانی ئەگەر لە سێ دانیشتنی یەک لەدوای یەکدا ئامادە نەبوو، یاخود لەپێنج دانیشتنی جیاجیا لەماوەی ساڵێکدا بەبێ عوزرێکی رەوا بە وازهێنەر لەکارەکەی دادەنرێ.

ماددەی نۆزدەم:

ئەنجومەنی سەندیکا ئەم کارانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم: ١ – کارکردن لەپێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی سەندیکا.

٢ – چوونە ناو سەندیکا و قەدەغەکردنیان لەدەستدانە پیشە.

٣ – بەڕێوەبردنی کاروباری سەندیکا و جێ بەجێ کردنی نەخشە و بەرنامەکانی.

٤ – بانگهێشت کردنی دەستەی گشتی بۆ کۆبوونەوە وجێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی.

٥ – سەرپەرشتی کردنی لقەکان و دابین کردنی رێکوپێکی چالاکییەکانی.

٦ – ئامادەکردنی بودجەی ساڵانە و بەڕێوەبردنی دارایی سەندیکا.

٧ – کردنەوەی لقی نوێی سەندیکا.

٨ – سەرپەرشتی رێکخستنی دەست دانە پیشەی پزیشکی لەعیادە تایبەتییەکاندا.

٩ – پێشکەش کردنی پێشنیار لەبارەی هەموارکردنی یاسای سەندیکا.

١٠ – دەسنیشان کردنی ئەو کەسەی نوێنەرایەتی سەندیکا دەکات لە لیژنە رەسمی و نا رەسمییەکاندا، ئەگەر هاتوو نەقیب نوێنەرایەتی نەکرد.

١١ – ناردنی ئەو کێشەو شکایەتانەی کەدێن، بۆ بەردەم لیژنە تایبەتمەندەکان.

١٢ – بەشداری کردن لەپێشکەش کردنی پێشنیار لەبارەی یاساکاری و پلان وبەرنامەی تەندروستی لەهەرێمدا.

١٣ – پێکەوەنانی لیژنەی لاوەکی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

١٤ – بڕیاردان لەسەر بەموڵک کردنی ماڵ وخانووبەرەو وەرگرتنی بەخشش ومینحە و هەل

ومەرجی قەرز پێدان و قەبووڵ کردنی یارمەتی دارایی لەچوارچێوەی مەبەستەکانی سەندیکادا.
١٥ – خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکان.
١٦ – پێدانی مۆڵەتی دەستدانە پیشە.
١٧ – بڕیاردانێکی بنبڕ لەبارەی وازهێنانی نەقیب یان هەر یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەن یان لیژنەکانی سەندیکا یان هاوشێوەکانیان بەمەرجێک لەیەکەم کۆبوونەوەدا بخرێنە بەردەم دەستەی گشتی.
١٨ – دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یانەکانی سەندیکا بەپێی یاسای کۆمەڵەکان.
١٩ – قبوڵ کردنی بەخشش بە ڕەزامەندیی لایەنە ڕەسمیەکان.

دووەم: پێدانی هەندێک لەدەسەڵاتەکانی بەنەقیب یان سەرۆکەکانی لقەکانی سەندیکا.

ماددەی بیست:

جگە لەوەی کە ئەنجومەنی سەندیکا دەسەڵاتی کاری تایبەتی بەنەقیب دەدات، نەقیب ئەم کارانەی خوارەوەش دەکات:

یەکەم:

١ – نوێنەرایەتی سەندیکا لەبەردەم هەموولایەنێکدا دەکات.
٢ – جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەندیکا.
٣ – بانگهێشت کردنی دەستەی گشتی بۆ کۆبوونەوە، ئەمەش لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی سەندیکا دەبێت.
٤ – سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی و ئەنجومەنی سەندیکا.
٥ – ئیمزا کردنی بەڵگەنامەی لەبانک دانان وخەرج کردنی پارەی سەندیکا.
٦ – ئامادەکردنی بودجەی ساڵانە و ڕاپۆرتی کۆتایی بۆ ژمێرکاریی دوایی و ڕاپۆرتی ساڵانە لەبارەی چالاکی سەندیکا وپێشکەش کردنی بە ئەنجومەنی سەندیکا لە وادەی دیاری کراوی دا.
٧ – دامەزراندنی کارمەندان لەسەندیکا بەپێی میلاکی پەسەندکراو لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکا و پیادەکردنی ئەوەی پەیوەندیی هەیە بەکاروباری خزمەت و بەرزەفت کردنیان.

دووەم:

نەقیب بۆی هەیە هەندێک لەدەسەڵاتەکانی خۆی بدات بەجێگرەکەی یان یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا.

ماددەی بیست ویەکەم:

١ – لەهەر پارێزگایەک لقێکی سەندیکا دەکرێتەوە بەپێی پێڕۆی ناوخۆ.
٢ – سەرۆکی لق سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی لیژنەی لق دەکات ولەکاتی ئامادە نەبوونی، یەکێک لە ئەندامەکانی لیژنەی لق کە بەتەمەن لە هەموویان گەورەتر بێت سەرۆکایەتی دەکات.
٣ – ماوەی دەورەی ئەنجومەنی لق سێ ساڵە و لەرۆژی هەڵبژاردنەکەوە دەست پێ دەکات.

ماددەی بیست ودووەم:

یەکەم: ١ – ئەنجومەنی لق لە (٥) ئەندام و(٢) ئەندامی یەدەگ پێک دێ لەوانەی کە لەپیشەکەدا ماوەیەک ئیشیان کردبێ لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێ، ئەوانە ئەندامانی لق هەڵیاندەبژێرن.

٢– مەرجە ئەندامی ئەنجومەنی لق لەدانیشتوانی هەرێم بێ و لە هەرێم نیشتەجێ بێ.
٣– ئەنجومەنی لق لەنێو ئەندامەکانیدا سەرۆکی لق وسکرتێرێک و سەرپەرشتکارێکی دارایی هەڵدەبژێرێ.
دووەم: ئەنجومەنی لق ئەم کارانە دەگرێتە ئەستۆ:
١– جێ بەجێ کردنی پلانی بڕیار لەسەر دراوی کار، لەکۆبوونەوەی دەستەی گشتی و ڕێنماییەکانی ئەنجوومەنی سەندیکا.
٢– کارکردن لەپێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی.
٣– بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی.
٤– ئەو کاروبارانەی نەقیب یا ئەنجومەنی سەندیکا پێی دەسپێرن.
٥– دامەزراندنی کارمەندانی لق و دەسنیشان کردنی مووچەیان ئەمەش دوای پەسەند کردنی ئەنجومەن دەبێ.
٦– دەسنیشان کردنی ئەو کەسەی نوێنەرایەتی لق دەکات لە لیژنە ڕەسمیەکاندا بەرەزامەندیی ئەنجومەنی سەندیکا.
ماددەی بیست وسێیەم:
سەندیکا بۆی هەیە مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دابمەزرێنێ.

دارایی سەندیکا
ماددەی بیست وچوارەم:
١– دارایی سەندیکا لەمانە پێک دێ.
أ– ئابۆنەی چوونە ناو سەندیکا و ئابوونەی ساڵانە.
ب– ئابونەی تۆمار کردن
ج– ئابوونەی تۆمار کردنی نازناوی پسپۆری.
د– ئابونەی کردنەوە و نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی تایبەتی لەدەزگا تەندروستیەکاندا.
هـ– ئابونەی ڕاستاندنی ڕاپۆرتی پزیشکی.
و– قازانجی چاپەمەنی سەندیکا.
ز– ئەو غەرامانەی کە ئەندامان لەلایەن لیژنەی بەرزەفتکردن لەپارێزگاکان حوکمیانی پێ دەدرێ ولێیان وەردەگیرێ.
ح– مینحە وبەخشش و هەر داهاتێکی تر.
ط– دەسکەوتەکانی یانەو مەڵبەندی ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی سەندیکا.
٢– ئەگەر باری نا ئاسایی ماوەی نەدا بودجە لەوادەی خۆی دا پەسەند بکرێ، ئەو کاتە لەسەر بنچینەی دەروازە و بەشەکانی پێشوو دەکرێ تاکو بودجەی نوێ پەسەند دەکرێ.
ماددەی بیست وپێنجەم:
یەکەم: ئەو ئابونانەی کە سەندیکا وەری دەگرێ بەم جۆرەی خوارەوە دەبن:
١– (١٥٠) دینار ڕەسمی چوونە ناو سەندیکا بۆ پزیشکانی هەرێم.
٢– (١٠٠) دینار ئابونەی مۆڵەتی ساڵانە یان نوێکردنەوەی بۆ پزیشکانی هەرێم.

٣ – (١٠٠) دینار ئابوونەی بەشداربوونی ساڵانە بۆ ئەندامان، دەبێ ساڵانە لەکاتێکدا بدرێ کە لەمانگی کانونی دووەم نەترازێ، ئەگەریش ئەندامێ لەو کاتە دیارکراوەدا نەیداو دواکەوت، ئەوە دووقات دەبێ بدات.
٤ – (١٥٠) دینار ئابونەی مۆڵەتی ساڵانە بۆ کردنەوەی عیادەی تایبەتی بۆ پزیشکە پسپۆڕەکان و (١٥٠) دینار بۆ نوێکردنەوەی و (١٠٠٠) دینار ئابونەی مۆڵەتدانی ئەو پزیشکانەی کە لەرێکخراوی نا کوردستانی کار دەکەن.
٥ – (١٠٠) دۆلار رەسمی چوونە ناو سەندیکا بۆپزیشکە کوردەکانی دەرەوەی عێراق.
٦ – (٥٠) دۆلار رەسمی نوێکردنەوەی چوونە ناو سەندیکا بۆ پزیشکی کورد لەدەرەوەی عێراق.
٧ – (٥٠٠٠) دینار ئابونەی کردنەوەی نەخۆشخانەی ئەهلی و (١٥٠٠) دیناریش پارەی نوێکردنەوەی ساڵانەی.
٨ – (٣٠٠٠) دینار ئابونەی مۆڵەتی کردنەوەی عیادەی نەشتەرگەری و (١٠٠٠) دینار پارەی نوێکردنەوەی ساڵانەی.
٩ – (١٠٠) دینار ئابونەی مۆڵەتی ساڵانەی عیادەی تایبەتی موماریسەکان و (٥٠) دینار بۆ نوێکردنەوەی.
١٠ – (٣٠٠) دینار ئابوونەی تۆمارکردنی نازناوی پسپۆڕی.
١١ – (٢٥) دینار ئابونەی مۆڵەتی ساڵانەی عیادەی میللی و (٢٥) دینار بۆ نوێکردنەوەی.
١٢ – (١٠) دینار ئابوونەی تەسدیقکردنی ئەو راپۆرتە پزیشکیانەی لە عیادە تایبەتمەندەکانەوە دەردەچن و(١٠) دیناریش هی ئەوانەی کە لەنەخۆشخانە ئەهلییەکانەوە دەردەچن.
دووەم – پارەو بەڵگەنامەی دارایی لەیەکێک لە بانکە حکومەتیەکان بەناوی سەندیکا دادەنرێ.

بەشی چوارەم
سزا وحوکمە بەرزەفتییەکان
مادەی بیست وشەشەم:
ئەم کارانەی خوارەوە بەئیشی قەدەغەکراو دادەنرێ:
١ – سەرپێچی کردنی یاسا و پەیرەو ورێنماییەکان و فەرمان و بنچینەکانی رەوشتی پیشەیی بەتایبەتی راکێشانی نەخۆش بەهۆی پروپاگەندە کردن (تەرغیب) وبەکارهێنانی میانگیر.
٢ – زیان گەیاندن بەشۆڕەتی پیشەیی و ئەوانەی ئەو پیشەیە دەکەن وکەم کردنەوە لەپایەی زانستی و ئەدەبییان.
٣ – کارێکی وا بکرێ کە پزیشکەکە بەپێچەوانەی راستی خاوەن پسپۆڕییە.
٤ – بەکارهێنانی خاوەن پیشە تەندروستییە مۆڵەتنەدراوەکان.
مادەی بیست وحەوتەم:
هەر پزیشکێکی زیان بە ئەرکی پیشەیی بگەیەنێ یان کارێکی قەدەغە کراو بکات یاخود کارێکی وا بکات لە پایەی پیشەکەی کەم بکاتەوە یان بڕیارەکانی سەندیکا بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ نەکات، خۆی تووشی ئەو سزایە دەکات کە لەیاساکەدا هاتووە بەبێ ئەوەی ئەم کارە پەیوەندیی هەبێ بەو کارانەی کە بەپێی یاسای دیکە لە دژی دا دەکرێ.

ماددەی بیست و هەشتەم:
لیژنەی بەرزەفتی لەبارەگای سەندیکا، لە (٣)سێ ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ بەپێی بڕیاری ئەنجومەن پێک دێت و ئەندامێک لە ئەندامەکانی ئەنجومەنی سەندیکا سەرۆکایەتی دەکا.
ماددەی بیست ونۆیەم:
لیژنەی بەرزەفتی بۆی هەیە ئەم سزایانەی خوارەوە بدات:
١- ئاگادار کردنەوە: ئەوەش بە ئاراستەکردنی نووسراوێک بۆ سەرپێچیکەر دەنێردرێ و ئاگادر دەکرێتەوە کە لەهەڵس وکەوتی دڵخۆش نین.
٢- ئینزار: ئەوەش بە نووسراوێک بۆی دەنێردرێ وتێیدا نارەزایی لەهەڵس وکەوتی سەرپێچیکەر دەردەبڕێ وداوای لێ دەکرێ ئەو کارە دووبارە نەکاتەوە، دەنا بەپێچەوانەوە سزای توند تری بەسەردا دەسەپێندرێ.
٣- غەرامەیەکی لە (٢٥٠) دینار کەمتر نەبێ و لەهەزار دینار رەت نەکات لەسەر پێچیکەر وەردەگیرێ و،کە نەیدا دەستدانە کاری تایبەتی پیشەیی لێ قەدەغە دەکرێ بۆ ماوەیەک لە شەش مانگ پتر نەبێ و ئەگەر لەماوەی یەک ساڵ لەمێژووی سەرپێچیکردنی یەکەمی ئەو سەرپێچییەی کردەوە، ئەوا سزاکەی غەرامەیەک دەبێ کە لە (٥٠٠) دینار کەمتر نەبێ و لە (٢٠٠٠) دینار پتر نەبێ وکاتێک کە نەیدا ئەوا رێگەی کارکردنە تایبەتییەکەی بۆ ماوەیەک لێ قەدەغە دەکرێت کە لەساڵێک پتر نەبێ.
٤- رێگە گرتن لەکارکردنی تایبەتی پیشەکەی بۆ ماوەیەک لەساڵێک پتر نەبێ.
٥- غەرامەکردن و رێگە گرتن لە دەستدانەکار لەسنوورەکانی دوو بڕگەکەی (٤،٣)ی ئەم ماددەیەدا دەبن.
ماددەی سییەم:
ئەگەر لیژنەی بەرزەفتکردن بینی ئەو کارەی دراوەتە پاڵ پزیشک تاوانێک پێکەوە دەنێ، پێویستە مەسەلەکە بنێرێ بۆ دادگای تایبەت لەگەڵ ئەوراقی مەسەلەکە و ئەگەر پاک وبێ تاوان دەرچوو، ئەمە رێگە لەوەرگرتنی کاری بەرزەفتی دەرحەقی ناگرێ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی سی ویەکەم:
١- پزیشک لەماوەی گرتن و بەند کردن وحیجز کردنی دەستدانە پیشەکەی لێ قەدەغە دەکرێ.
٢- پزیشک ئەگەر حوکم بدرێ لەسەر تاوانێکی ئابڕووبەری پەیوەندیدار بەپیشەکەی، دەستدانە پیشەکەی لێ قەدەغە دەکرێت.
٣- ئەگەر دووبارە حوکمی پزیشک درا لە ئەنجامی تاوانبار کردنی لەسەر کرداری وا کە پەیوەندیی بەپیشەوە هەبێ نابێ دووبارە ناوی لەسەندیکا تۆمار بکرێتەوە مەگەر دوای رەزامەندییەکی نوێ نەبێ لە ئەنجومەنی سەندیکا، بەپێی پەیرەو و ئەو رێنماییانەی لێیەوە دەرچوون.
ماددەی سی ودووەم:
١- بڕیاری قەدەغەکردنی دەستدانە پیشە بەخاوەن پەیوەندییەکان رادەگەیەنرێ کە لیژنەی بەرزەفتکاری دیاری دەکات و بەهەموو لقەکانی سەندیکای رادەگەیەنێ.
٢- ناشێ پزیشکێکی تر لەعیادەی پزیشکێکی قەدەغە کراو لەدەستدانە پیشە کار بکات.

٣- ئەو غەرامانەی کە لەلایەن لیژنەی بەرزەفتییەوە حوکمی پێ دەردەچێ دەبێتە داهاتێ بۆ سەندیکا.

مادەی سی وسێیەم:

١- ئەگەر شکاتێک پێشکەش بە ئەنجومەنی سەندیکا کرا، ئەوا دەینێرێ بۆ لقی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی رای خۆی ورێنمایی خۆی دەربرێ، بەڵام ئەگەر لەلایەن هەر کامێکیانەوە ئیسپات نەبوو، ئەو کاتە دەنێردرێ بۆ لیژنەی بەرزەفتکردن.

٢- سەرۆکی لیژنە، مێژووی دانیشتن دیاری دەکات و بە پزیشکەکەی رادەگەیەنێ.

٣- دانیشتنەکانی لیژنەی بەرزەفت کردن نهێنی دەبێت.

مادەی سی وچوارەم:

نەقیب و لایەنەکانی کێشەکە بۆیان هەیە لەبەردەم دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا تانووت لەبڕیارەکانی لیژنەی بەرزەفت کردن لەماوەی (٣٠) رۆژدا کە لە رۆژی تەبلیغەوە دەست پێ دەکا، بدەن.

مادەی سی وپێنجەم:

نەقیب وجێگری نەقیب ئەگەر لە شوێنی نەقیب کاری بینی لەسەرپێچی کردنی هەر بەرزەفتییەک کە لە حوکمەکانی ئەم یاسایەوە پەیدا بووبێ، ئیجرائاتی یاساییان دەرهەق دەکرێ لەبەردەم لیژنەی بەرزەفتیدا، هەواڵە کردنیشیان بۆ لیژنەی بەرزەفتی لەلایەن دەستەی گشتییەوە دەکرێ.

حوکمە گشتییەکان

مادەی سی وشەشەم:

١- نابێ موڵک وماڵی سەندیکا دەستی بەسەردا بگیرێت یا بفرۆشرێ، تەنیا مەگەر قەرزەکە لەجیاتی نرخی موڵک وماڵەکە بێت.

٢- بە ئامادە بوونی نەقیب یا جێگرەکەی یاخود سەرۆکی لق یان ئەوەی نوێنەرایەتیان دەکات نەبێ، نابێ بارەگای سەندیکا یاخود بارەگای لقەکانی بپشکندرێن.

٣- هەر دەست درێژییەک بکرێتە سەر ئەندام لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکەی یاخود بەهۆی دەستدانە پیشەکەی دەست درێژی کەر لەسەر ئەو کارەی سزای ئەو کەسەی بەسەردا دەسەپێنرێ کە دەستدرێژیی کردبێتە سەر فرمانبەرێ لەکاتی فرمانەکەیدا.

٤- پێویستە دەستەڵاتی لێکۆڵینەوە بەر لەهەر لێکۆڵینەوەیەکی لەگەڵ ئەندام دا لەسەر تاوانی نەبینراو، ئاگاداری سەندیکا بکاتەوە، پێویستە سەندیکاش لەکاتی لێکۆڵینەوەدا نوێنەری خۆی بنێرێ.

٥- ئەندام لەژووری بەکرێی پلە یەکی دەزگا تەندروستییەکان و حکومەتییەکان و پەیمانگا هونەرییەکان چارەسەر دەکرێ و لەکرێدان دەبووردرێ بەڵام حەقی ماندوو بوونی پزیشک و نەشتەرگەرەکان لەلیستی حیساب لەکاتی نووستنی ئەندام لە نەخۆشخانەی ئەهلی و چوونە عیادەی تایبەتی، دا دەشکێنرێ.

مادەی سی وحەوتەم:

١- هەر کەسێکی دەستی دایە پیشەی پزیشکی بەبێ ئەوەی پێشتر خۆی ناونووس کردبێ یان مۆڵەتی بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەرگرتبێ، بەغەرامەیەک سزا دەدرێ لە (٢٠٠٠) دینار کەمتر نەبێ و لە (٣٠٠٠) دینار پتر نەبێ.
٢- هەر کەسێ، سیفەتێ یا نازناوێ، یان نیشانەیەکی ساختەی لە خۆ نابێ کە گوایا مۆڵەت دراوە پیشەی پزیشکی بکات، ئەوە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان سزا دەدرێ.

ماددەی سی وهەشتەم:

دەشێ پزیشکێکی مۆڵەتدراو پزیشکێکی دیکە دابنێت لەعیادەکەی کاربکات بەمەرجێک ئەوەی جێی دەگرێتەوە هەمان پلەی زانستی وپسپۆڕی هەبێ و ئەو ماوەیەش لەسێ مانگ پتر نەبێت.

ماددەی سی ونۆیەم:

ئەنجومەنی رەفتەنی (کاتی)ی سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە بەپێی بڕیاری ژمارە (٣٠)ی رۆژی ١٩٩٧/١٠/٢١ دامەزراوە، لەبەڕێوەبردنی کاروباری سەندیکادا بەردەوام دەبێ بەمەرجێ هەڵبژاردن لە ماوەیەکدا لەشەش مانگ پتر نەبێ کە لەرۆژی دەرچوونی ئەم یاسایەوە دەست پێ دەکا، ئەنجام بدرێ.

ماددەی چلەم:

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، کاری پێ ناکرێ.

ماددەی چل ویەکەم:

پێویستە وەزیرە پێوەندنداره‌کان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

ماددەی چل و دووەم:

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقائیعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**